دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی
سەرەکی ئەنجومەنی کارگێریو سەرنووسەر
مصلح جەلالی

هاوکاری
التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە
ساڵی ۱۹۷۰ دامەزراوە

پێنج شەممە ۱۹۸۶/۱۲/۱۱ ژمارە ۸٦۹
۱۲ لاپەڕە
بە ۵۰ فلسە
الخميس ۱۹۸٦/۱۲/۱۱ العدد ۸٦۹

لەم ژمارەیەدا

● دەقی وتەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین لە کاتی سوێندخواردنی بەرێزان هەردوو سەرەکی ئەنجومەنی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و ژمارەیەك لە پارێزگارەکان لە ل ۲ دا.

بەسەری پاڵەوان پێشوازی گەرمی سەرکردە دەکات

شانازی بە مەزنی صدام حسین دەکەین

جەماوەری بەسرە پەیمان نوێ دەکەنەوە

Institut Kurde de Paris

وتەی هاوکاری:

سەردانی سەرەك لەبەسرا بەڵگەی پتەوی و بەتوانایی عیراقە

ئێستا، کە حەوتەم ساڵی جەنگە، حەوتەم ساڵی دەستدرێژی رژێمی خومەینی‌یە بۆ سەر خاکی پیرۆزی عیراق، حەوتەم ساڵی هاوکاری قەوارەی زایۆنی‌و دوو رژێمی لیبیاو سوریایە لەگەڵ رژێمی شەرفروشی ئێران دا دژی ماف و دەسەڵات و ئازادی گەلی جوامێری عیراق بەپشتگیری ئیستیعمارو کۆنەپەرستان.. دەبینین مەردایەتی‌و دڵێری‌و نەبەردی ڕۆڵە بەشەرمفەکانی ئەم خاکە گەرمترو بەگوڕترو بەهێز ترە لە جاران.. تا ئەم تین و توانا لەرادە بەدەرە ئەوەندە زیاد بووە وای لێهاتوە بۆتە شوێن باس و لێکۆڵینەوەی نەك تەنها زانایانی سیاسی‌و سەربازی عەرەب بەڵکو جیهانیش کە بێگومان ئەم کارە سەری لە خومەینیەکانیش شێواندوەو وای لێکردون بەهیچ جۆرێ لە مەسەلەکە نەگەن.

نهێنی ئەم بەتوانایی‌یە، نهێنی ئەم نەبەردی‌یە، لە یەکێتی‌و یەکگرتوویی تێکڕای گەلەومیە لە پشت ڕۆڵەی دڵسۆزو بەوەفایان سەرەك صدام حسین کە هەموو کات و ساتێك لەگەڵ گەلەکەی دایە، هەموو کات و ساتێك بۆ بەختەوەری گەل و سەربەرزی وڵاتەکەی لە کۆشش و تەقەلادان دایە، هەموو کات و ساتێك بۆ بەختەوەری گەل و سەربەرزی وڵاتەکەی لە گشت شوێنێکی وڵات دا، جارێك لە گوندێکی دووری سەر سنووری باکوور دەبینرێ، جارێکی‌تر لە شارێکی وەك بەسرا کە بەردەوام لە لایەن خومەینیەکانەوە لە بوردومان کردن دایە..

سەردانی پڕی‌ی بەرێزی بۆ شاری بەسراو سەردانی لە ماڵان و لێپرسینەوەی لە خەڵکی شارەکە ئەو مانا قووڵە دەگەیەنێ کە سەرەك هەمیشە لەگەڵ گەلەکەی‌دایە لە خۆشی‌و ناخۆشی‌دا، چونکە خۆشی ئەو لە خۆشی گەلەکەیەوەیەتی کاتێك ئەمە بروای سەرکردەی گەل بێ‌و کاتێك گەل ئەم هەموو بروا گەورەیەی بەسەرکردەی‌و بەسەرکەوتن و بە بەتوانایی خۆی هەبێ‌و کاتێك بزانێ خۆی لەسەر حەقەو دوژمن بەناحەق شەڕی پێ فرۆشتوە شتێکە گومانی تێدا نیە کە سەرکەوتن هەر بۆ خۆیەتی‌و ژێرکەوتنیش بۆ دوژمنانیەتی.

تێکشکانی سوپای خومەینی‌و لە ناوبردن و ئاگر تێبەردانی بەندەرو پاڵەوتگانەوتیەکان و کارگە پیشەسازی‌یەکان و ناوچە ئابووری‌یەکانی ئێران وسووتانی هەر کەشتی‌یەك کە لە بەندەرەکانی ئێران نزیك دەبێتەوەو لەناو چوونی دوورگە نەوتی‌یەکانی خەرج و سیری‌و لافان و لاراك هەموو ئەم کردەوە مەردانەو ئازایانە بە توانایی‌و بەهێزی جوامێرانی عیراق دەنوێنن و ئەوە نیشان دەدەن کە تاتەنانەت هاوکاری‌یە چەکداری‌یەکەی نێوان زایۆنی‌و

بروانە ل۱۱

وتەکەی سەرەکی فەرماندە لەکاتی سوێندخواردنی بەرێزان هەردوو سەرەکی ئەنجوومەنی یاسادانان و ڕاپەڕاندن.

سەرەکی فەرماندە صدام حسین ئەوەی دووپات کردەوە کە جەنگی قادسیەی صدام خۆپێشاندانێك نیە حزبی بەعسی عەرەبی‌ی سۆشیالیست کردبێتی بەڵکو حاڵەتێکی بەرگری کردنە لە هەمووی عێراق بە خاك و مێژوو و سەربەرزی‌و کاروبارە پیرۆزەکانیەوە بە ئێستاو پاشەڕۆژیشەوەو بەرەو.

جەنابی لە کاتی سوێندخواردنی قانوونی‌ی بەرێزان سەروکی ئەنجوومەنی یاسادانان و ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌ی کوردستان و هەندێ پارێزەردا لەبەردەم جەنابیا وتی.. ئەو دێی‌یەی بەم مانایە شەڕبکا لە پێناوی عێراقدا یا قوربانی بدا شتێکی ئاسایی‌یە جیای بکەینەوە لە دێی‌یەکی تر کە قوربانی‌ی لە پەی ئەو دێی‌یەدا نەبێ‌و ئەمەیش تا ڕادەی کەسانیش دەگرێتەوە.

هەروەها سەرەکی فەرمانده وتی ڕاستە ئادمیزاد قانوون دادەنێ بەڵام ڕووت لە داب و نەریت و ژیانی کۆمەڵایەتی‌و پێودانی‌و ڕەوایی‌و پێویستی‌ی لە هەموو سووچێکی بڕیاردا دروستی ناکا.

هەروەها جەنابی وتی ئێمە بە شێوەیەکی بیروباوەڕانە مافمان لێکداوەتەوەو وتمان بەستراوە بە ئەرکەوەو.. ئەوەی بە جۆرێکی باش ئەرکەکانی جێبەجێ ئەکا مافەکانی بە ڕادەی کەمبوونەوەی ئەرکەکانی کەم دەبێتەوە.

شایانی باسە بەرێزان احمد عبدالقادر نەقشبەندی سەروکی ئەنجوومەنی یاسادانان و سیروان جاف سەروکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌ی کوردستان لەبەردەمی سەرەکی فەرمانده صدام حسین دا سوێندی یاساییان خوارد بە بۆنەی چوونە سەر پایەی کاریانەوە.

هەروەها بەرێزان راضی حسن سلمان پارێزەری نەجەف و عبدالرحیم عبدالحمید پارێزەری دیالەو کاظم بطین ظاهر پارێزەری قادسیەو طه یاسین حسین پارێزەری ذی‌قارو هاشم حسن عبدالمجید پارێزەری بابل و عدنان غیدان پارێزەری ئەنبار یش سوێندی فەرمانده صدام حسین دا سوێندی قانوونیان خوارد بە بۆنەی قانوونی‌یان لەبەردەم جەنابیا خوارد بەبۆنەی چوونە سەر کارەکانیانەوە.

بەرێزانیش عدنان داود وەزیری حوکمرانی‌ی ناوخۆو احمد حسین سەروکی دیوانی سەروکایەتی ئامادەی کاروباری سوێندخواردنە قانوونی‌یەکە بوون.

● دەقی وتەکەی سەرەکی فەرمانده لە ل ۲ دا

هەڵۆ ئەبەردەکانمان شاڵاو دەبەنە سەر چەندین دام و دەزگای گرنگی دوژمن

هەموو دەمێك هەڵۆ ئەبەردەکانی عیراق شاڵاو دەبەنە سەر بە کرێکیراوەکانی زایۆنیزم و ئەوانەی بازرگانییان لەگەڵ دا دەکەن و خوێنی گەل و سامانی گەلیان بە فیڕۆ دەدەن.. ئەوە بوو فروکەکانی هێزی ئاسمانیمان چەندین شاڵاویان بردە سەر دام ودەزگا ئابوورییە گرنگەکانی دوژمن، کە ژمارەی شاڵاوەکانیان خوێ لە سەد ئەرك داوە.

ڕۆژی دووشەممە هێرشیان بردە سەر کەشتییەکی دەریایی نزیك بە کەناری ئێران و پێکایان، شاڵاویان بردە سەر ئێستگەی کارەبا (ئاراك)و تێکیان دا، هێرشیان بردە سەر سەربازگەی قەڵای شاهین و زیانی زۆریان بە دوژمنان گەیاند، شاڵاویان بردە سەر ئەنباری تەقەمەنی لە سەربازگەی مونتەزەری‌و تێك وپێکیان دا، شاڵاویان کردە سەر ئێستگەی کارەبایی (کەنجوار)و تێك وپێکیان دا، ڕۆژی سێشەممەیش هێرشیان کردە سەر ئێستگەی ووزەی کارەبایی لە باکووری شاری هەمەدان و توانییان دەستی باشی لێ بوومشێنن و هەموو فروکەکانمان بە ساغی بۆ خاکی نیشتمان گەڕاونەتەوە.

ئەمەو دوو هێزی زەمینیش لە کەرتی ناوەڕاست هێرشیان کردە

بروانە ل۱۱

بەرێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین سەری لە پارێزگای نەبەزی بەسرەدا.

بەرێزی لە کاتی گەڕانی بە شارەکەداو سەردانی لە ژمارەیەك خێزان لە ماڵەکانیان دا، باری کۆمەڵایەتی‌و تەندروستی‌و کوزمرانی دانیشتووانی زانی.

بەرێز سەرەکی فەرمانده نانی نیوەڕۆی لەگەڵ خێزانێکی شاری بەسرەی پاڵەوان دا خوارد.

لە پێشوازی‌کردن و بەرێ کردنی بەرێزی‌دا، لە کاتی سەردانەکەیدا، هاوڕێ مزبان خضر هادی ئەندامی سەرکردایەتیی هەرێمایەتی ئەمینداری نهێنیی نووسینگەی ڕێکخراوی باشووری حزبی عەرەبی سۆشیالیست و بەرێز پارێزگاری بەسرەو هاوڕێ ئەمینداری نهێنی لقی حزب لە بەسرەو جەماوەرێکی زۆری خەڵکی شارەکە ئامادە بوون، کە بەڵێنیان بۆ سەرەکی فەرمانده نوێ کردەوە هەردەم قەڵغانی پتەو بن بۆ پارێزگاری کردنی خاکی پیرۆزی نیشتمان و پاراستنی دەرگای ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەب لە دەستدرێژی کردنی ڕژێمی زایۆنیزمیی ئێران.

سەرەك و ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان لە لێکۆڵینەوەی یاسای ئاسان کردنی کاروباری هاووڵاتییان دا ئامادە دەبن

ئەنجوومەنی نیشتمانی ئێوارەی شەممە ڕێکەوتی ۱۹۸٦/۱۲/٦ کۆبوونەوەیەکی نوێی گرێدا بۆ تەواو کردنی لێکۆڵینەوەی یاسای ئاسان کردنی کاروباری هاووڵاتییان لە دام و دەزگاکانی دەوڵەت و کەرتی سۆشیالیست دا لەم کۆبوونەوەدا بەرێز احمد عبدالقادر نەقشبەندی سەرەکی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌ی کوردستان و

بەرێزان ئەندامانی ئەنجوومەنەکە ئامادە بوون، لەسەرەتای کۆبوونەوەکەدا سەرەکی ئەنجوومەنی نیشتمانی پێشوازی‌ی لە بەرێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانان کردو، وتی

ئێمە ئامادە بوونی ئێوە بۆ ئەم کۆبوونەوە بە بۆنەیەکی نوێ دادەنێین بۆ یەکتر ناسین و لێکۆڵینەوەو هیوا خوازین سوود بەخش بێت. پاسان

بروانە ل۱۱

دەقی وتەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین لە کاتی سوێند خواردنی بەڕێزان هەردوو سەرەکی ئەنجوومەنی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و ژمارەیەك لە پارێزگارەکان





ئەو شتەی کە لێتان داوا دەکەم و.. ئێوەیش هەمووتان هاوڕێیانێکن تاقیکردنەوەیەکی دوورو درێژتان هەیە لە دەربڕینی دڵسۆزیتانا بۆ گەل.. چ پێش شۆڕش یا پاشی.. چونکە هەمووتان تێکۆشەرن و لە تێکۆشانی نهێنیدا تێکۆشاون و بارودۆخ و ناخۆشیتان بینیوەو لەناو گەلدا ژیاون بەهەموو ئازاریکیەوەو بە پێخاوسی ڕۆیشتوون و نانی سووتاوو.

بەهەر شێوەیەك بووبێ خورمای پاشماوەتان خواردووە.. هەروەها بە خۆشیش ژیاون.. یانی هەستتان بە هەموو حاڵەتێکی گەل کردووە کە گەل خۆتانە بەڵام گرنگترین خاڵ کە زۆربەتان کادیری حزبن و لە دەوڵەتدا کاردەکەن هەرچەندە بەشێکی زۆریشتان ماوەیەکی درێژ لە دەوڵەتدا ئیشی کردووە.. لە ژیانی ناوخۆی حزبدا هەندێ شتی تایبەتی هەیە.. گوێپیدانی مرۆڤی حزبی ئەوەیە کە بۆ خزمەتکردنی گەل هاتووە.. بەڵام دوو شت هەیە کە گوێی پێ دەدا.. گوێپیدانێکی حزبیانە..کە چۆن ڕێك دەخاو چۆن ئامادەی کۆبێکی ئەنصارو کۆبێکی [illegible] بە باڵیۆزانە بنەڕەتی [illegible] دەکا بۆ حزب [illegible] شەرەف ئەندامێتیو چۆن سوێندیان بۆ دەڵێتەوە.. هتد لەو کاروبارانەی ناوخۆی حزب و لە هەمانت کاتیشدا چۆن خزمەتی گەل دەکا. یانی کادیری حزبی کاتێ کە لە حزبدا ئیش دەکا هاوڵاتی بوستێ ئەو کاتە هەموو هەست دەکەن بۆچی فلان کەست بانگ کرد لەناو ئەو پێنجسەد کەسەدا کە هاتوون.

خاڵەکەی تر ئەوەیە کە عێراقییەکان ڕابێنن لەسەر ئەوەی کە هەر داوای مافەکانیان بکەن و لەوە زیاتر ناو داوای ئەو مافانەیان بکەن کە قانوون بریاری دەدا ئەك حاڵەتێکی وا لە سەرەوەی قانوونەوە بێ.

قانوون و بڕیارەوەی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی

ڕاستە ئادەمیزاد قانوون دادەنێ بەڵام بە جۆرێکیوا داینانێ کە جیابێ لە پێرەوەی داب و نەریت و ژیانی کۆمەڵایەتیو پێودانیو ڕەوایەتیو پێویستییەکانی.. یانی پێویستیی ئەوەی کە لە هەموو سووچێکی بریاردا هەبێو.. پاش ئەمەیش پێویستە داخوازیی جیاکردنەوەی تاکە تاکە کەمکەنەوە.. بۆ نموونە قانوون دەڵێ ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٧دا جێی لە دایکبوونی بەغدا نەبووبێ ناتوانێ تیا بمێنێتەوە. ئەم بڕیارە [illegible] کرا.. چونکە [illegible] شەر لە حاڵەتەکە گەیشتبێ [illegible] بەر ئەوە پێویستمان بەوە نیە کە کتێب بخوێنینەوە تا بزانین شەڕ چییە.. چوینە شەڕی ساروخیشەوە لەگەل دوژمنداو لەمانای ساروخ گەیشتین و بە چەکی تریش چووینە شەڕەوەو لە ئەنجامی گەیشتین و.. ئەزانین بەغدا ١٢٠ کلم لە سنوورەوە دوورەو.. لە هەمان کاتیشدا تەشەنەکردنی شار زیاتر لە توانای چەندەها گیروگرفتی کۆمەڵایەتیو ئابووریو دەروونیو شتی تر پەیدا دەکا.

کەوابوو بڕیار ئەوەیە کە لە مەولا بەغدا بەپێی حیسابات گەورە ببێ وەك چۆن بەسرە بەپێی حیسابات گەورە دەبێو ئەنباریش ئەینەواو هەولێرو غەیریان.. کاتێکیش کە ناحیە دەکەین بە قەزا دەبێ حیساباتمان وردتربێ لەوەی کە لە ساڵی ١٩٧١و ساڵی ١٩٧٢ یا ساڵی ١٩٧٣ دا کردومان. چ لەبارەی ئەوەوە کە ئەوکاتە تازە کارمان گرتبوە دەست یا لەبارەی تاقیکردنەوەمان لە شەڕداو کاتێ کە دێیەکی نزیك یا دوور لە سنوورەوە دروست دەکەین دەبێ شوێنەکەی دەسنیشان بکەین و بڵێین لەم شوێنەدا یا لەم شوێنەداو بۆ.

کاتێ کە دێین و دەڵێین دانیشتوانی بەغدا ئەوانەن کە لەسەرژمەیری ساڵی ١٩٧٧ دا تۆمارکراون.. شتەکە برایەوەو پێویست ناکا هاوڵاتییەك لە دانیشتوانی بەسرە بێت و داخوازیەکمان بداتێو پارێزەری بەسرەیش تێپەڕیکاو بڵێ فلان کەس خەڵکی قورنەیەو تکایە لە بەغدا نیشتەجێی بکەن.. لەم حاڵەتەدا قانوونێکی بۆ دەردەکەین تا نیشتەجێی بەغدای بکەین.. ئەم حاڵەتە پێی دەڵێن جیاکردنەوەی قانوونی بۆ هەندێ مەبەستی تاکەکەسیو با لەم بابەتە دەرچین و بچینە بابەتێکی ترەوە.

وەك ئەوەی کە کۆلیجی ئەندازیاری لە بەغدا ئەوانە وەرگرێ کە لە دەوری یەکەمدا دەرچوون و ڕادەی ٩٠ یان هێناوە.. باشە ئەم قانوونە بۆ هیچ کەسێ نەبراوە.. نە بۆ کوڕی من نەبۆ کوڕی تۆ نە بۆ کوڕی هیچ کەسێ.. بەڵکو پێی دەڵێن قانوونێکی مەزووعی واتە لە تێوانینێکی خۆییەوە پەیدانەبوەو بۆ هیچ کەسێ نەبراوە کەچی فلانی فلانی دێت و دەڵێ تکایە کوڕەکم لە کۆلیجێ ئەندازیاری وەرگرن هەرچەندە ڕادەی دوو پلەی لە ڕادەی بڕیاردراو کەمکترە.

کەوایە دەبێ ڕابێنن لەسەر ئەوەی کە ترخی دەوڵەت لەوەدایە کە قانوونەکانی سەقامگیربن.. بە جۆرێکی ڕێژەیی چونکە قانون حاڵەتێکی بەربڵاو نیە.. چونکە ئەگەر جۆرە سەقامگیریەك لە قانووندا نەبێ کەس ناتوانێ ماف و ئەرك بە دەروونێکی سەقامگیرەوە بزانێ بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرك و جێبەجێ کردنی پێویستییەکان.

لەسەرمانە هاوڵاتی ڕابێنین و پێی بڵێین ئێمە بۆ ئەوە هاتووینە ئێرە نوێنەری قانوون بین هاتووین بۆ ئەوەی قانوون جێبەجێکەین بەو جۆرەی کە لێرەدا سوێندمان خواردو.. بە قورئانی پیرۆز بەوێندمان خواردو بە شەرەف عێراق کە قانوون جێبەجێ بکەین و ئەمەیە ئیشی ئێمە.. بەڵام دەتوانیت پێمان بڵێی کێ لەم مادەیەی قانووندا دەستدرێژی کردوەتە سەرت و مافت بەسەرمانەوە ئەوەیە کە زۆرت لەسەر لابەرین و مافت بۆ وەرگرین.

دوو دەستکەوتی سەرەکی

کەواتە عیراقییەکان ڕابهێنن داوای مافەکانی خۆیان بکەن بە گوێرەی یاسا نەك پتر لەمەو ڕێزی یاسایش بگرن تا ببنە پێشەنگیان و داواشیان لێبکەن ڕێزی یاسابگرن ئامۆژگاریتان ناکەم چاوتان بە خەڵکەوە بێت چونکە لە ناوەندی گەل دا ژیاوون و هەوای گشتیو هەوای ژیانی تایبەتی هەڵدەمژن بەڵام هەر کە گفت و گۆیەکمان لە بارەی کۆسپێکەوە دەست پێ کرد زۆربە بە شداریی تێدا بکات ئەوا دوو دەستکەوتی سەرەکی بەدیدەهێنین سەرەڕای دەستکەوتە زۆرەکانی تر.. یەکەمین دەستکەوت ئەوەیە کە گفت و گۆ لە سەر کردن ڕێکەی ئەوەمان پێ پیشان دەدات توانای ئەدا کردن و هێزەکانمان [illegible] دووەمیش ئەوەیە ئەو خەڵکانە بەرەپێ دەدەمین کە لە کاتی گفت و گۆ کردنەکەدا چاومان پێیان دەکەوێت بگرە ئەو کەسەیش کە بیرێکی هەڵە دەخاتە ڕوو هەڵەکەی بۆ ڕاست دەکەینەوە ئەو کاتەیش حەماسەتێکی باڵاتر لە ئەداکردن دا دابین دەکەین.

ئەمەیش نەك بە بەردامی واتە کاتێك توانای ئەومان هەبوو شتێکی دروستو ڕاستمان بینی ئەوا پێویستە بە شێوەیەکی تاکی جێبەجێی بکەین هەرکە بینیمان ئەوشتە گونجاوەو بە گوێرەی کات چونکە هەموو کات ناڵێین وەرن تا لە هەموو شتێك بکۆڵینەوە.. چونکە دەرەنجام تەنیا لە ساڵێك دا دوو کار ئەنجام دەدەین بەڵام ٥٠٠ کاری‌تر پەکی دەکەوێت ئێمە ئەمە لە ڕادەی سەرکردایەتیدا ناکەین واتە لێکۆڵینەوە لە هەموو شتێك چونکە ئێمە چوار چێوەکان دادەڕێژین و لە مەسەلە بنەڕەتییەکان دەکۆڵینەوە.. بەڵام مەسەلەکانی تر ئەوا هەندێکیان شێوازی خۆیان وەرگرتووەو شارەزایی کەڵەکە کردوومان وای لێ کردووین هەڵەمان کەم بێت کاتێك لێی دەکۆڵینەوەو لە سەری دەڕۆین و بڕیاری لە سەردەدەین.. هەندێکیان سەرەکی دیوان بڕیاریان لەسەر دەدات و هەندێکی تری صدام حسین بڕیاریان لەسەر دەدات هەندێکیان سکرتێر بڕیاریان لەسەر دەدات..

واتە هەر کەسەو کاری خۆی.. هەندێکشی ئەگەر لەوەیش دڵنیابین کە بۆ چوونمان لە بارەیەوە دروستەو هیچ ناتەواوییەکی تێدا نییە.. داوای کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشیو سەرکردایەتیی هەرێمایەتی یان ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش یان سەرکردایەتی هەرێمایەتی دەکەین کاتێك شتەکە پەیوەندیی بە ژیانی ناخۆی حزبەوە بێت.. سەرکردایەتیش کۆ دەبێتەوە.. ئەوەی سیاسەت جێبەجێ دەکات صدام حسین نییە .. ئەگەر بڕیاری لەسەردا بێ ئەوەی لای هاوڕێیانی لە سەرکردایەتیدا ڕوون بێت ئەوا ئەوان ناتووانن لای کادرانی دەوڵەت و حزب دا ڕوونی بکەنەوە کەواتە ناتوانێت ڕادەیەك لە حەماسەت بەدەست بهێنێت بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکە وەك ئەوەی کە بە دەستی دەهێنێت کاتێك هاوڕێیانی لە بڕیارەکەدا بەشدار دەبن.. بگرە ئەوکاتەیش باشی بۆ چوو بێت باش بۆ چوونە کەیشی ١٠٠٪ ڕاست بێت بێ لە هاوڕێکانی کاتێك بڕیارەکە دەدات.

بەم چەشنەیش شتەکە بەسەر حاڵەتەکانی تری دەوڵەت و حزب دا بەگشتی دەووترێت.

لەسەر ئەم بنەڕەتە هاوڕێیانمان ئاراستە کردووە تا سیستەمێك پێك بهێنین و پێشنیاربکەین بە بانگ کردنی وەزیران و مووچە خۆرە گەورەکانی دەوڵەت لە کاتی کۆبوونەوەکانی کادیری پێشکەوتووی حزب دا بانگ بکرێن وەك چۆن ئەنجوومەنی نیشتمانی لە ڕێگای سەرەك کۆمارەوەو ئەگەر سەرەك تۆمار موافەقەتی کرد لەم دواییەدا بانگی وەزیران دەکات تا سیاسەتی دارایی‌و ئابووری بگرە دەرەوەیش ڕوون بکەنەوە.. ووتمان قەیدی نییە ڕاستە ئەمانە کاری ئێمەن بەڵام گفت و گۆی لەسەر بکەن و گوێ بگرن و گفت و گۆی دیموکراتیانەیان لەگەڵ دا دەست پێبکەن و باهەموومان گوێیان لێ بگرن.. ئەوە قەیدی نییە بیروڕاو بۆ چوون بە تێکچڕژان دێنەکایەوە ئەویش لەبەر ئەوەی کە ئێمە بە هاوڕێیەکمان دەڵێین واز لە (تەفەروغ) بۆ کارکردن لە حزب دا بهێنەو وەرە لە دەوڵەت دا کار بکە بەم چەشنە زانیاریش سەربارەت بە دام و دەزگاکانی دەوڵەت و کارەکانیان دەبێت لە کاتێك دا لە حزبیش دایە. بانگی وەزیری بازرگانیو وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتیو وەزیری کشت و کاڵ و وەزیری ئاودێریو وەزیری دەرەوە دەکەن و لە کۆبوونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی حزب دا میوانداریان دەکەن و داوایان لێ دەکەن بدوێن و دەرگای گفت و گۆیان لەگەڵ دا دەکەنەوە.

پسپۆڕیو بنکەی لێپرسراویەتی

کەواتە بۆ چوونە هەڵەکانیان بۆراست دەکەنەوەو وەزیریش [illegible] هەڵەکانی ڕاست دەکاتەوەو هەرچۆنێك بێت پسپۆڕییەکی فراوانمان دەست دەکەوێت لێپراسراویەتی فراوان تر دەکاتەوە.

هەرکە بنکەی لێپرسراویتی فراوان تر بووەوە تەك چەسپاندنی هەرەمی سەرکردایەتی کردن دا ئەوا دەستکەوتی مەزنمان بەدەست هێناوون و.. ڕێڕەوی شۆڕش لە لایەن بیرو ڕەفتارەوە لە تایبەتییەکانی خۆیدا بە ژمارەیەکی کەمەوە پەیوەیست نابێت.. بەڵکو دەبێت بنکەکە فراوان ببێتەوە چونکە ئەگەر ئەو ژمارە کەمەیە لە ئۆ تۆمبیلێکدا لێدران یان بەر گوللە تۆپێکی وێڵ کەوتن یان پیرو ئیفتادە بوون ئەوا دەبێت ئەوانەی دوای ئەوان وێنەی دەوڵەت و کۆمەڵ و حزبیان لە لا ڕون بێت و توانایان ببێت بە شێوەیەکی ئاسایی‌و ڕاست و دروست بەڕێوەی ببەن.

جارێکیان لە کاتی بەخشینی نیشانەی حزب دا بە هاوڕێیانم گوت هاوڕێیەك دەبینم سەری سپی‌بووە بەڵام من وای مامەڵە لەگەڵ دا دەکەم کە تەمەنی ٢٠ ـ ٢٨ ساڵ بێت.. بەم چەشنەیان لەگەڵ دا مامەڵە دەکەم وەك ئەوسا چۆن بووم وا کاتێك دەمان گوت بۆلای گەنجان دەچین یان سەر لە لاوکان دەدەین.

مامەڵەکردنمان لەگەڵ یەکتریدا بەو چەشنە بوو بەتایبەتی کە لە قاهیرە بووین.. وایش دەزانین ئێمە ئێستاکەیش هەر لاوین بۆیە بەهەمان شێوە مامەڵە دەکەین و وای دانانێن کە پیر بووین و وایش تەماشای

* بەسەربەرزیو دەست پاکیو لێپرسراویەتەوە خزمەتی گەلمان کرد

هاوڕێیانمان ناکەین هەندێك جار داوای (هێزو توانا لە یەکێك) لە بەعسییەکان دەکەین ئەنجا پاش ئەوەی ووردەبینەوە دەبینین زۆرمان دڵڕەقی سەبارەت بەو هاوڕییەمان نواند چونکە تەمەنی گەیشتووەتە ٦٠ ساڵ و داوای شتی لێ دەکەین و وادەزانین هێشتاکە هەر لە تەمەنی ٢٨ ساڵیدایە.

من باوەڕم وایە ئەم ڕۆحییەتە پێویستەو.. بۆ حزبەکەمان و بۆ گەلەکەیشمان پێویستە.. بەڵام هەرکەسێك دەیەوێت بەتەمەن بە ساڵ دا بچێت ئەوا پاش جەنگ با بە ئارەزووی خۆی بێت.

جەنگین ئازایەتییەکە لە بڕواوە هەڵقوڵاوە

باشە داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەین لە لێپرسراویەتیو ئەرکەکانتان دا لە پێناوی خزمەت کردنی گەل دا لە کوردستان و لە هەموو شوێنێکی عیراق منیش زۆر دڵنیام نەك هەر تەنیا لە بڕوا بوون و دڵسۆزیتان بۆ گەل و مەسەلەکەتان بەڵکو لە توانا بوونتان دڵنیام چونکە من هەردەم بڕوابوون و توانا بوون بەیەك دەبەستمەوە بگرە لە بەرەکانی جەنگ دا شتەکە ئازایەتی نییە لە باوباپیرانەوە مابێتەوە بەڵکو جەنگین لە بەرەی جەنگ دا ئازایەتییەکە لە بڕواوە هەڵقوڵاوە.. چونکە پیاوی بە

* بەهای دەوڵەت لە سەقامگیریی یاساکانیدایە.. سەقامگیرییەکی ڕێژەیی

مافێکی قانوونی بەسەریەوە نیە بەڵکو مافێکی مەبدەئی بە سەریەوە هەیە.

لێرەدا لەم پایە تازەیەدا مافێکی قانوونیو مافێکی مەبدەئی هەیە.. هەردووکیان.. تۆ بووی بە پارێزەر یانی پارێزەری عێراقییەکان لەم پارێزگەیەدا هەتاکو ئەوەیش کە دژە مافی بەسەرتەوە هەیە لەوەدا کە هاوڵاتییە بەڵام دیسان ئێمە مافمان بە شێوەیەکی مەبدەئییانە لێکداوەتەوەو وتوومانە بەستراوەتەوە بە ئەرکەوە ئەوەی بە باشی ئەرکەکانی جێبەجێ نەکا مافەکانی بە ڕادەی کەمبوونەوەی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی کەم دەبێتەوە.. ئەم لێکدانەوەیەمان داو بڵاومان کردەوە بە ناو گەلدا.

هەروەها وتمان ئەو دێیەی لە دێیەکیتر زیاتر شەربکا لە قادسیەدا لە دێیەکانی تر جیادەکرێتەوە چونکە ئەم قادسیەیە خۆپیشاندانێك نیە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست کردبێتی بەڵکو بریتیە لە حاڵەتێك بۆ بەرگری کردن لە هەمووی عێراق بە خاك و مێژوو و سەربەرزیو کاروباری پیرۆزو ئیستاو پاشەڕۆژو ڕابوردووەوە.. ئەو دێیەی بەم مانایە بەرگری لە عێراق بکاو قوربانی پێشکەشکا دیارە لە دێیەکی تری جیا دەکەینەوە کە قوربانییەکانی بە ڕادەی ئەو دێیە نەبوون و.. ئەمە دەگاتە ڕادەی کەسانیش.

ئەم مەسەلەیە پێوانەکانتانە کاتێ هەندێ جار بە توندی ڕەفتاردەکەن لە کاری نهێنیداو دێن ئەو هاوڕییەی لە کاری نهێنیدا ژیانی زبرو توندو بەردەوامی بووبێ دوو خاڵی زیاتر دەدەمێ لە فلان هاوڕێ.. هەرچەندە هەردووکیان لەیەك شاندان و لە هەمان تەمەنی حزبیدا.. بەڵام دوو تۆمار دەکەن بۆ یەکەم هاوڕێو لێرەدا پێویستە لە ئێمە دوو خاڵ بدەینە ئەو هاوڵاتییە عێراقییەی کە ڕەفتاریکی نیشتمانییانە دەنوێنێ لەم بارودۆخەدا کە عێراقی پیا تێدەپەڕێ لەبەر ئەوە بە چاوێکی ڕووتەوە سەیری ماف ناکەین بەڵکو بە چاوی هەڵسانەکاندنەوەیەکی واوە کە پێوەندی بە حاڵەکەوە ببێ نەك بە بیرکردنەوەیەکی سەرپێیی‌یەوە بەڵکو بە بیرکردنەوەیەکی مەبدەئی‌یەو.

ئێمە نەمانویست کە خۆپیشاندانێك بێ بۆ بڕینی زەل یا قامیش.. بۆ نموونە یەکێ لە ئەنبارەوە باریکی تایبەتی هەیە وەك ئەوەی نەخۆش بێو نەتوانێ بەشداری بکا خاڵێکی لێ کەم دەکەینەوە.. ئێمە ویستمان خۆپیشاندانێك بێ بۆ بەرگری کردن لە عێراق بە هەموو مانایەك.

پێویستە لە سەرتان ئەو هاوڵاتییانە لەیەك جیاکەنەوە کە هەڵوێستی دیاریان هەیە هەتاکو لە مامەڵەیشداو دێی داوا لە فلان کەس دەکەی کە لەناو پێنجسەد کەسدا دیارەو هاتوون بۆلات لە پارێزگەدا بێت و لاتا شەرەوەو لە ئەنجامی گەیشتین و.. ئەزانین بەغدا ١٢٠ کلم لە سنوورەوە دوورەو.. لە هەمان کاتیشدا تەشەنەکردنی شار زیاتر لە توانای چەندەها گیروگرفتی کۆمەڵایەتیو ئابووریو دەروونیو شتی تر پەیدا دەکا.

کەوابوو بڕیار ئەوەیە کە لە مەولا بەغدا بەپێی حیسابات گەورە ببێ وەك چۆن بەسرە بەپێی حیسابات گەورە دەبێو ئەنباریش ئەینەواو هەولێرو غەیریان.. کاتێکیش کە ناحیە دەکەین بە قەزا دەبێ حیساباتمان وردتربێ لەوەی کە لە ساڵی ١٩٧١و ساڵی ١٩٧٢ یا ساڵی ١٩٧٣ دا کردومان. چ لەبارەی ئەوەوە کە ئەوکاتە تازە کارمان گرتبوە دەست یا لەبارەی تاقیکردنەوەمان لە شەڕداو کاتێ کە دێیەکی نزیك یا دوور لە سنوورەوە دروست دەکەین دەبێ شوێنەکەی دەسنیشان بکەین و بڵێین لەم شوێنەدا یا لەم شوێنەداو بۆ.

کاتێ کە دێین و دەڵێین دانیشتوانی بەغدا ئەوانەن کە لەسەرژمەیری ساڵی ١٩٧٧ دا تۆمارکراون.. شتەکە برایەوەو پێویست ناکا هاوڵاتییەك لە دانیشتوانی بەسرە بێت و داخوازیەکمان بداتێو پارێزەری بەسرەیش تێپەڕیکاو بڵێ فلان کەس خەڵکی قورنەیەو تکایە لە بەغدا نیشتەجێی بکەن.. لەم حاڵەتەدا قانوونێکی بۆ دەردەکەین تا نیشتەجێی بەغدای بکەین.. ئەم حاڵەتە پێی دەڵێن جیاکردنەوەی قانوونی بۆ هەندێ مەبەستی تاکەکەسیو با لەم بابەتە دەرچین و بچینە بابەتێکی ترەوە.

وەك ئەوەی کە کۆلیجی ئەندازیاری لە بەغدا ئەوانە وەرگرێ کە لە دەوری یەکەمدا دەرچوون و ڕادەی ٩٠ یان هێناوە.. باشە ئەم قانوونە بۆ هیچ کەسێ نەبراوە.. نە بۆ کوڕی من نەبۆ کوڕی تۆ نە بۆ کوڕی هیچ کەسێ.. بەڵکو پێی دەڵێن قانوونێکی مەزووعی واتە لە تێوانینێکی خۆییەوە پەیدانەبوەو بۆ هیچ کەسێ نەبراوە کەچی فلانی فلانی دێت و دەڵێ تکایە کوڕەکم لە کۆلیجێ ئەندازیاری وەرگرن هەرچەندە ڕادەی دوو پلەی لە ڕادەی بڕیاردراو کەمکترە.

کەوایە دەبێ ڕابێنن لەسەر ئەوەی کە ترخی دەوڵەت لەوەدایە کە قانوونەکانی سەقامگیربن.. بە جۆرێکی ڕێژەیی چونکە قانون حاڵەتێکی بەربڵاو نیە.. چونکە ئەگەر جۆرە سەقامگیریەك لە قانووندا نەبێ کەس ناتوانێ ماف و ئەرك بە دەروونێکی سەقامگیرەوە بزانێ بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرك و جێبەجێ کردنی پێویستییەکان.

لەسەرمانە هاوڵاتی ڕابێنین و پێی بڵێین ئێمە بۆ ئەوە هاتووینە ئێرە نوێنەری قانوون بین هاتووین بۆ ئەوەی قانوون جێبەجێکەین بەو جۆرەی کە لێرەدا سوێندمان خواردو.. بە قورئانی پیرۆز بەوێندمان خواردو بە شەرەف عێراق کە قانوون جێبەجێ بکەین و ئەمەیە ئیشی

Institut Kurde de Paris

به بۆنەی رۆژی شەهیدەوە..

شەهید

«شفیق محمود جاف»

شەهید...و... شەهادەت.. ئەم دوو وشە پیرۆزە کە هەموو مرۆڤێکی خاوەن بیرو باوەڕو هەست و دەروونێکی قوڵ و نەمر، شانازی پێوەیان دەکات..

شەهید ئەو مرۆڤە خۆبەخت گەرو نەمرەیە کە لە پێناوی ماف رەواییدا خوێنی ئاڵ و بێگەردی بەخشیوە.. شەهید کۆتەڵی بەری کاروانە نمونەو نیشانەی مرۆڤایەتییە لە جیهاندا..

شەهید ئەو مرۆڤەیە کە لە نرخدا ناهێتە کڕین..

شەهید گوڵی سەرگوڵانی باخ و باخچەی ژیان و نیشتمانە.

لێرەدا، بە بۆنەی یادی رۆژی شەهیدەوە گەر بێت و هەر نووسەرێك.. هەر خاوەن هەست و دەروونێکی نەمر، دەست بداتە خامەی نووسین، گومانی‌نیە ناگاتە دوا وشەی شانازی کردن بەو وشە بەرزو پیرۆزو نەمرە، چونکە ئەم رۆڵە خۆبەخت گەرە هەنگاوێکی چەسپاوو چاونەترساوی ناوە لە بەخشینی بەنرخترین شتی لە ژیاندا کە ئەوەش ژیانی خۆی بووە...

هەر چەندێ لەسەر بنووسرێ لە ئەنجاما نە خامە.. نە لاپەرە. نە دەست.. نە نووسەر ناگەنە ئەو پاداشتانە کە شیاوی پێشکەش کردنی خاوەنی ئەم وشە پیرۆزەی هەبێت.

لەم رۆژەدا، لاپەرە زێرین و دێرینەکانی مێژوو بە پەری شانازی‌یەوە، لە ژێر پەرو باڵی جوانترین باڵندەکانی نیشتمان.. بەدەستی پەرییەکانی ئاسمانی خوای فیداکاری، لە ئاسمانی شەهادەتدا چەشنی ئەستێرە گەشەکان رۆشنایی دەداتە رووی زەویی بەخشین دا...

لەم رۆژەدا.. لەم رۆژە نەمرەدا ئاهەنگی یادی خاوەنی ئەو پەیمان و بەجێ هێنەرانە دەگێڕین کە نەخشەی پاك و بێگەردی نیشتمانی پیرۆزمانیان بە خوێنی ئاڵیان نەقش کردوە.

لەم رۆژەدا پێشی چوار ساڵ.. لە بەرواری «١٩٨٢/١٢/١» ـ دا ـ تاقمی خوین ڕێژان لە رژێمی ئێرانی خومێنی تاوانبارو رەگەزپەرست و بە کرێگیراوی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمی جیهانی بە چەپەڵترین کارێ هەڵساوە کە لە مێژووی نامرۆڤایەتی جیهاندا رووی نەداوە، بە تایبەتی لە جیهانی جەنگدا، ئەوەش بە کوشتنی دیلە عیراقیەکان کە لە جەنگی «بسێتین»دا ـ بە دیل گیراون کە لە چوارچێوەی بەرزترین و چەپەڵترین و کاری دڕندەیی دەرچووەو پێشێل کردنی پەیمانەکانی پاراستنی دیلەکانی جەنگ کە بریاری لەسەر دراوە لە لایەن دەوڵەتانەوە.

ئەم کارە نارەواو دڕندەییە کە رژێمی خو مێنی تاوانبار پیا هەڵساوە [illegible] راستەقینەی ناخ و سروشتی رق و کینەیی فارسەکان دەردەخات کە لە [illegible] زەمینەی [illegible] کەلەی، بەش دژواری‌و بەرهەڵستکاری‌و بەربەرەکانی هەڵساوە دژی رێنماییەکانی ئایینی ئیسلامی..

مام رێوی رژێمی ئێران.. واتا خومێنی خوێن ڕێژو چڵکاو خۆرو بەکرێگیرا زایۆنیزمی جیهانی، کە بە ناوی ئایینی ئیسلام و ئیسلامیەت دا دەدوێ، بەلام لە کاتی شی کردنەوەی کردارو راستەقینەی سروشت و ناخی ئەم تاوانبارە، دەگەینە ئەنجامێك کە چ جۆرە بازرگانێکی فێڵ بازو ژێرە لە کاری بازرگانی‌داو جۆرە پەروەردەیێکی زایۆنیزمی‌یەو لە قوتابخانەکانی ئیمپریالیزمی‌یەوە بەسەر کەوتن شناسنامەی وەرگرتووە..

لەم رۆژەدا.. لەیادی شەهیدەکانمانەوە.. دەنگێکی بەرزو بانگەوازی شانازیمان دەگەیەنینە بەهەشتەکانی ئاسمانی شەهیدان و دەڵێین.

ئەی شەهیدان.. ئەی خۆشەویستەکانمان.. ئەی لە هەموومان شکومەندتر، ئێوەن جێی شانازی گەل و نەتەوەو نیشتمان کە بە خوێنی ئاڵ بێ گەردتان سەربەستی نیشتمانتان پاراستووە لە رەشەبای پیس و چەپەڵی هاتوو لە ئێرانی خومێنی ـ فارسە ـ ئاگر پەرستە بێ‌ئایینەکان..

بنوون بە دڵنیایی کات و رۆژی تۆڵە سەندنەوەتان نێزیك بووەتەوە.. ئەی رۆڵە نەمرەکانمان، جێگای ئێوە لە ناو دڵ و دەروون و هەستی هەموو گەلدایە ئەی میوانەکانی خوای گەورە.. ئێوەن کە ناوی بەخشینتان لەسەر ئالای بەرزی بەخشینی عیراقیەکاندا نووسراوەو دەشەکەیتەوە..

ئەی شەهیدان.. ئەی نەمرەکان..
ئێوەن لە ناو مێژووی نوێدا وشەی
ئاڵ و سەوزتان رواندووە..
لە مێرگ و باخ و گوڵزاری نیشتمان
ئێوەن بەرگی رەنگاورەنگی جوان
بە دیاری ناردوە بۆ دایك و
باوك و دۆست و دەرگیران
ئێوەن چرای رۆشنایی
رێبازی ئاوات و هیوای
رێگای کاروانی ژیان...
ئێمەش دەبەین کرنووشی وەفاداری
لە بەردەمی سنگی کون کون و لاشەی
کوت کراوو مێشکی پژاو
بە جیهان رادەگەیەنینی سەرجەم و
تێکرای کردارو کردەوەی دڕندەکان

- **سەلاویکی بەرزو شکۆمەندی بۆ گیانی پاکی لە هەموومان شکۆمەندتر.**
- **سەلاویکی بەرزو بەرێزی بۆ دایك و باوکی شەهیدان.**
- **هەمیشە شەکاوە بێت ئاڵای سەرکەوتنەکانمان بەرابەری سەرکردەی سەرکەوتوومان، قارەمانی گەل و نەتەوەو نیشتمان.. هەقاڵ تێکۆشەر سەرۆك صدام حسین.**
- **سەرشۆری‌و روو ردشی بۆ دوژمنانی گەلی عیراق و نەتەوە..**

ڕەگەز پەرستەکان

بەدەسکاری‌یەوە لە گۆڤاری «الصیاد» وەرگیراوە.

ڕێبوار محمد یوسف ـ قەڵادزێ.

ڕەگەز پەرستەکان تێك دەشکێنین چۆن ڤێتنام چۆکی بە ئەمەریکادا دا! نامیبیا یەکێکە لە وڵاتەکانی افریقیا پێوانەی زەویەکەی دەگاتە یەك ملیون کێلومەتری چوارگۆشە شوێنێکی جوگرافیای باشی هەیە گەلی کانزای گرنگی تێدایە لەوانە [یورانیوم، بەرد نحاس] وە نەوتیشی بۆ کاتی تەنگانە هەڵ گرتووە.

لە ساڵەکانی «١٨٨٤»دا پێش دەست پێ کردنی جەنگی جیهانی یەکەم کەوتە ژێر دەسەڵاتی المانیاو داگیری کرد، بە شێوەیەکی درندانە لە ژێر دەسەڵاتی افریقیای خوارووی هێشتەوە هەر لەو کاتەش دا المانیا لاوی وڵاتانی دیکەی پەیتا پەیتا راپێچ دەکرد بۆ ئەوەی جێگریان بکات و بمێنەوە، وەلاوی نامیبیاشی بە شێوەیەکی دراندانە دەمارد بۆ کشتوکاڵ کردن ئەوەبوو لەو بەرەنگاربونەوەیدا هەرشیان کردە سەر المانیاو بەم کارەیان رازی نەبوون لەو بەربەرەکانیەدا بە هەزارەها خەڵکی تێکۆشەری نامیبیا کوژران و گەلێکش بریندار کرا لێیان. دە ست پێ کردنی جەنگی جیهانی یەکەم افریقیای خستە ژێر دەسەڵاتی المانیاوە وە بەشێوەیەکی ژێر دەستە «مستعمرة» مایەوە، وەکەوتیشە بەو پرسیاری کۆمەڵەی نەتەوە «عصبة الامم» لەو ساڵانەدا دروست بوو ساڵی «١٩٢٠» رووداوێکی گرنگی کەوتنی حوکمەتی بریتوریای رەگەزپەرست بوو چونکە دەیویست افریقیای خوارووی رۆژاوا بکات بە یەکیەتی خوارووی افریقیا وە بە پێی بریاری کۆمەڵەی نەتەوە بکەوێتە ژێر دەستی افریقیا بەلام سەری نەگرت.

دوای نەمانی کۆمەڵەی نەتەوەو دروست بوونی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی «١٩٤٥» دیسانەوە بریاریان دا نەچنە ژێر دەسەڵاتی ئەمیشەوە بە دەستەوە گرتنی پارتی نیشتمانی حاکم «الحزب الوطنی الحاکم» لە ساڵی ١٩٤٨ خوارووی افریقیا قانونی ژێر دەستەی بەسەردا سەپێنراو وڵاتە یەکگرتووەکانیش نەیان توانی هیچ رێزێك بۆ ئەو گەلە دابنێن و داخوازیەکانیان جێبەجێ بکەن...

لە ئەنجامی ئەم هەموو درندایەتیەدا لە ساڵی ١٩٦٠ گەورەترین رێکخراو بەناوی رێکخراوی «سوابو» بوو لە خوارووی افریقیا لە ساڵی ١٩٧٣ دا یەکیەتی گشتی وڵاتە یەکگرتووەکان دانیان پێدانا وە لە ساڵی ١٩٧٦ دا سەلاندیان کە «سوابو» نوێنەری راستەقینەی گەلی نامیبیایە.

سەروکایەتی ئەم رێکخراوە لایەن «سام نجوما» وە بەرێوە دەچێت کە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵە سەروکایەتی دەکات لەگەڵ هاوخەباتی برادەرو تێکۆشەری «نلسون ماندیلا» ئەمیش بە لەدەستی جەندرمەکانی بریتوریاوە گیراو سجن کرا. «سام نجوما» هەمیشە ئەو ووتەی لەسەر زاربوو کە دەیووت خەیات پێشەمە، رزگاربوون ئاوتمە، دیموکراتی رێگامە» وەخەباتی ئێمەش ئەو ووشە «صینە» مان دەخاتەوە یاد کە دەڵێ رۆیشتن بۆ (١٠٠ میل) بە یەك رێگا تەواو دەبێت کە خەباتی بۆ بکەین ئێمەش رۆر رێگامان بریووەو کەمیشمان ماوە «سام نجوما» بۆ ووریا کردنەوەی گەلەکەی هەمیشە هاوری دەکرد ئەو مرۆڤەی لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەردا لە دایك بووبێت ئازادە رەش پێتەکان بێ بەشن لە وەمافەی کە سپی پێتەکان هەیانە.

هەوڵ و کۆششی گەلی «غانا» چۆکی بە افریقیا دا دان بە مافەکانیان دا بنێن و لەو ژێر دەستەیە رزگازیان بێت ئەم سەرکەوتنەی گەلی «غانا» زیاتر ووری خستە بەردەم گەلی نامیبیاو زیاتر ووزەی خست گیانیان و هانی دان بۆ خەبات کردن و سوربوون لەسەر داواکانیان، بریاری هەرەشە کردن و خوپێشاندان و مان گرتنێکی گەورەیان دا لەو هەلەتەدا سەرکەوتن وڵاتانی جیهانیش ئاگاداری ئەم هەلوێستە بوون..

«سام نجوما» ئەوەی گێرایەوە لە یەکێ لە رۆژەکانی شەردا لە ١٩٥٩/١٢/١١ لەگەڵ کۆمەڵە چەکدارێك بۆ ئیش و کار دەچوون و کەوتنە کەمینی دوژمنەوە «١٢» کەسمان لێ کوژراو من چەند هاورێیەکمان گیراین دوای هێرشێکی تری لە ناکەودا هاورێیانی ئێمە من و هاورێکانی تریشی رزگارکرد..

لە ساڵی ١٩٦٩ رێکخراوی «سوابو» بە شێوەیەکی بەرفراوان گەشەی کردو لەو کاتانەدا افریقیای رەگەز پەرست هێرشی درندانەی کردە سەریان، گەلی نامیبیاش بە هەموو شێوەیەك بەرپەچی دانەوە..

یەکێك لەو پێش بینانەی کە تۆ گەلی نامیبیا لەبەر چاوە ئەوە بوو بەریتانیاو المانیای دیموکراتی‌و دانمارك سەفارەتیان گواستەوە وە پەیوەندی ئابووری‌و بازرگانیشان لەگەڵ دا بڕی، هەر لەو رێگەیەشەوە وڵاتانی وەك و سوید نرویج و دانمارك و هەندێك لە وڵاتە اشتراکیەکان و ... حرکەی عدم انحیازیش یارمەتیان دەدات وەپێوانی یەکجارە بیان لێ دەکات ئێستا گەلی نامیبیا لەهەموو کاتێکی تری رۆشنبیرترەو وەزیاتر هەست بەلێ پرسینەوە دەکات وەبەرەکانیەکی تەواوی بریتوریای رەگەزپەرست دەکات وە هەمیشە تێ دەکۆشێت بۆرزگاربونی‌و بەدی هێنانی ئازادی‌و سەربەخۆی کە ئێستا گەلەکەی بێ‌بەشە، وەهەروەها هەوڵ دەدات سیاسەتی «ئەپاریتد» لەناو بەرێت کە بەرامبەر بەرەش پێتەکان بەکاریان هێناوە..

پێش ماوەیەك نوێنەری رژێمی تەڵەکەباز لای وڵاتەیەکگرتووکان باسی (هێز)(و (دەوری گرنگی) خۆیان کە لە ناوچەکەدا هەیە بە چەشنێکی دوور لە راستی‌و پڕ لە هەڵەوچەوت و نادورست کردووە، وەکو بڵێن خەڵکی لە گوێی گادا خەوتوون و کەس ئاگای لێیان نی‌یە وراستی پەنانانەو شاراوەیە.. چونکە خۆیان ئەونده بە سەلیقەو ئاگایان لە هیچ نی‌یە بەم چەشنەش بیر دەکەنەوەو قسەی ئەڵەق و بەڵەق و درۆی زل زل و نابەجێ دەکەن... لە راستی‌دا ئەم جۆرە راگەیاندنە رۆژانی رابوردووی شاری ئێرانمان دەخاتەوە یاد جۆن لە هەر بۆنەو نابۆنەیەك دا شتی‌وا رادەگەیاند بێگومان بە قسەکانی خوراسانی ئێمە سەر سام نەبووین بەوەی کە بە هەمان شێوەی شای کۆن و هەمان ووشەو رستە بەکار بهێنێت لە راگەیاندنەکەی‌دا، چونکە هیچ شتێك لە ئێران دا نەگۆراوە، هەمان بۆ چوونو ستراتیژیەت و هەمان سیاسەت و بروگرام و چاوچنۆکی‌و ئارەزووی دروست کردنی ئیمپراتۆرەتێکی پان و بەرین و خاوەن شکۆو دەسەلاتی فراوانی بێ پایان..

شا رژێمەکەی بە پۆلیس کەنداو دادەنا کە لێپرسراوی ئاسایش و هێمنی‌ی ناوچەکەیە سەرتاپای ناوچەکە، رۆر چار رەزا شا هەمیشە ئەم قسەیەی دووبارە دەکردەوە «ئێمە یەکەمین هێزین لە ناوچەکەدا» یان دەیگوت «ئێمە دەوری سەرەکی‌و بن بری ئاسایش و هێمنی گشت ناوچەکەین» بە تەواوەتی خواراسانی قسەکانی شاعر دووبارە دەکردەوە بێ زیادو کەم هەروەها ئەگەر شای کۆن خۆی بە پۆلیسی ناوچەی کەنداوی عەرەب دەژماردو لە سەر ئەم بنچینەو بۆ چوونە رەفتاری دەکردو دەجوڵایەوە ئێستاش رژێمی خومەینی لە سەر هەمان پرۆگرام و نەخشە دەروات و هەوڵ دەدات رۆڵی کۆنی رابوردوو بگەڕێنێتەوە.. واش بۆ گەورەکانیان پیشان دەدەن کە بۆ راپەراندنی ئەم دەورە دەست دەدەن و شیاوی ئەم ئەرکەن..

کەوا بێ هیچ فەرق و جیاوازیەك نێوان شای کۆنی ئێران و شای ئێستاش ئێران رەچاو ناکەین.. تەنها جیاوزیەکی بچکۆلە نەبێت.. شای کۆن بە ئاشکرا دەوری خۆی رادەپەراند.. شاڤ ئێستا لە ژێر پەردەی ئایین و بە مەلاو مەلایەتی‌و مێزەر لە سەر نان دەوری خۆیان جێ بەجێ دەکەن..

بەلام پێش ئەوەی کۆتایی بە باسەکەمان بێنین شتێکی کە ماوە پێویستە بیلێین ئەویش ئەوەیە رژێمی شای کۆن گەیشتبووە رادەیەك کە شیاوی راپەراندنی ئەو دەورە بێت.. لە لایەن بەهێزیی ئابوریی‌و سوپایی‌و تەکنیکی ترەوە کە بتوانێت ببێتە پۆلیسی راستەقینەی ناوچەکە..

بەلام رژێمی خومەینی دوای حەفت ساڵی رەش و رووتی‌و نەهامەتی هەرگیز ناتوانێ بە هیچ دەورێك هەڵسێت.. نە بە دەوری پۆلیسی‌و نە جەردەیی.. بە کەڵکی هیچ نایەن.. خوراسانی نوێنەری خومەینی لە وڵاتەیەکگرتووەکان دا وا دەزانێت قسە زل و گەورە کارێکی ئاسانەو هیچ لێپرسراویەکی لە سەر نی‌یە وەکو ئەوەی پاڵتاوێکی خوری لە کۆتایەکی نێویۆرك دا بدزێت..

کۆریای باکوور گرتوخانەیەکی گەورەیە

وەرگیرانی: **تاهیر عوسمان محەمەد**

کوریای باکوور، وڵاتێکە لە جیهان دابراوە، خەڵکی تیایدا وەکو، کەل و پەڵ و ئامێرێك بەکار دەهێنرێن.، کە هیچ هەست و راکەیان نەبێت جگە لەو بریارە، توندو تیژانەی (کیم ئیل سونگ) ی سەروکی رژێم دەری دەکا. ئەو پیرە کە نەفتەی (٧٤) ساڵی تەمەنەو خۆی کردۆتە (خواوەندی) ئەو وڵاتەو پەرستنی لای گەورەو بچووکی کۆریا. یاسایەکەو لادانی بۆ نیە. هاو وڵاتی، بۆی نیە، ئۆتۆمبیلی تایبەتی خۆی هەبێت. خەونی زێرینی دانیشتوانی کۆریا. ژورێکە، بۆ ئەوەی تیایدا بژین. لە نیوە رۆدا. گەورە ترین. شەقامە کانی پایتەخت چۆڵ و بێ‌ژیانە، ئەوخەڵکە لە کوێن؟؟ بایسکڵ، دەست ناکەوێ. بەڵکو زۆر کەمەو لە کرین نایە [پیش کەوتنی] نوێ وێنەی [کیم یۆنگە] کە کورە گەورەی، کاربەدەستی کۆریای باکوور [illegible] ئەو لە هەموو ماڵ و دەزگایەکی دەوڵەتی وەیری بۆتە یاساو دەستوور. لە دووری (٦) کیلۆمەتر لە پایتەخت [کۆرخانەی شەهیدان] هەیە. کە دەبێ. قوتابی قوتابخانەکان، سەری لێ بدەن و بچنە سەر پەیکەری (کیم سونگ)ی یەکەم خێزانی سەروکی رژێم.

کە ساڵی ١٩٤٩ مردووەو لەوێ نێژراوە. ئەم گۆرستانە بۆ ئەو تەرخانە. (کیم سونگ) تەمەن (٤٤) ساڵی باوکی کردویە تیە جێ نشینی خۆی.

بێگومانە.، هیچ لایەنێك زیاتر لەوە، بریاریکی دەرکردوە کە لە سەر هەموو دانیشتوانی کۆریا پێویستە، ئەم هەڵ بژاردنە قبوڵ بکەن. ئەندامی وەفدێکی فەرەنسی. کە لەم دوایەدا چۆتە ئەو وڵاتە دەڵێ.. دەرکەوتن لە ژوری ئوتێل، ئەگەر هات و بۆ هەیوانیش بێت. بۆ بێگانە قەدەغەیەو رێگای پێ نادرێ تاوەکو، یەکێکی باوەڕپێ کراوی لە گەڵدا نەبێت.

زەردەخەنە، لە روی خەڵکی، ئەو وڵاتە، نا بینێت. سەرباری سەرمای ناو شەمندەفەرەکان، هیچ ئامێرێکی، گەرم کردنەوە، لەناو شەمەندەفەرەکاندا نیە. منداڵەکانی ئەو وڵاتە، بەماتی‌و خەمباری دیار ئەدەن. گەشت کردن لە شارێکەوە، بۆ شارێکی تر، لە کۆریا، کارێکی تا بڵێی بە ترسە. پیو یستە، بروانامەی میری وەرگری، کە بۆ وەرگرتنی، بەتوندو تیژی هەڵس و کەوت لە گەڵ، گەشت کەران دەکەن.، ئەندامی وەفدەکەی فەرەنسە لەسەر لێدوانەکەی، بەردەوامەو دەڵێ..

لە شەمدەفەرەکەدا، چەند لادێیەکی چۆل و هەژارمان بینی. بە پێچەوانەی ئەوە، لە پایتەختدا، کۆشکێکی بەرزی، (٤٥) نهۆمیمان بینی، وتیان ئەوە، بۆتە ملکی تایبەتی، سەروکی رژێم. کەوەکو (دیاریەك)، لەلایەن، گەلەوە، لە چەژنی لە دایك بوونی ساڵی پار، پێش کەشی کراوە. لە پایتەخت دا پتر لە (١,٥) ملیون کەس دەژی، لە کاتژمێر (٤) دوای نیوەرو ئەم بازارە، گەورەیە بە یەکجاری هەڵ دەگیرێ‌و ژیانی تیادا نامێنی. لە کاتژمێر (١٠) شەویش دا. گلۆپی سەر شەقامەکان، دەکوژێننەوە. کە لەپاش ئەوەدا، لەسەر شەقامەکان لە پۆلیس زیاتر هیچی تر نابینرێت.

لە پایتەختدا، گلۆپی هاتوچۆ کرد (ترافیك لایت) نیە. یەکێك بچێتە ئەو شارە، هەست دەکا هیچ کارساتێکی، خۆ بپاکدانی ئۆتۆمبیلی تیانیە. جا چۆن ئەو کارەساتانە رودەدەن، کە کەم کەس لەم و وڵاتەدا ئۆتۆمبیلی تایبەتی خۆی هەبێ؟ ئەگەر پیاوێك میری، ویستی، بە بایسکلەکەی، بچێتە شوێنێك. پێویستە، داوایەك، پێش کەش بکات. تبایدا دووری رێگاکەو کاتی گەرانەوەی تیادا دیاری بکا، ئینجا، رەنگە رێگای بایسکل بەکار هێنانی، پێ بدرێ. ژمارەی دانیشتوانی کۆریای باکوور، نزیکەی (٢٠) ملیون کەسە ك هیچ شتێك دەربارەی، ئازادی مرۆڤ نازانن. هەتاوەکو، لێ دوان وز باسکردنی. گوناحێکی گەورەو کوفریشەو!! لەبەر ئەوە گرتوخانەی گەورە، ئەگەر هەبێت تەنها، کۆریای باکوورە.

ئەو گرتوەی، دەنگ هەڵ نەبڕێ‌و مل کەچ بژێ. بە ئاشتی ژیان دەباتە سەر. سەرباری، ئەو ژیانە کولەمەرگیەی خەڵکی کۆریا. لەسەر دیوارو بەردەمی قوتابخانەو شوێنە گشتی‌یە کاندا لەسەر لافیتەی گەورەو لاکێشەیی نووسراوە «ئێمە دڵشادین» کاتێك گەنج، ئەگەر کچ بێت، یان کور. تەمەنی، دەگاتە (١٤) ساڵی دەبێ (٣٠٠) کیلۆمەتر بە پێ ببڕێ، بۆ ئەوەی (بەرگەی هیلاکی) بگرێت و بۆ ژیانێکی پڕ لە ناسۆری، رابێت.

وەرگیرانی لە روژنامەی الجمهوریة

مۆزەمبیق

بۆچی شیسانو لەپاش سامۆرا هەڵبژێرراو؟!

هێرش محمد امین
کردوویەتی بە کوردی

لە کاتی چوونی سامۆرا ماشێل لە لوساکاوە بۆ مابوتۆ یواکیم شیسانوی وەزیری دەرەوەی مۆزەمبیق لە دیدەنیەك دا بوو لە دەرەوەی وڵات، کە هەوالی کەوتنی فروکەی سەرەکەکەی بیست خێرا گەرایەوە بۆ مابوتۆ.

هەر لەو کاتەوە ناوی یواکیم شیسانو کەوتە ناو ناوان هەر لە حزبی فرولیمۆوە بیگرە تا دەگاتە هۆڵەکانی رێکخراوی یەکێتی ئەفریقیا لە ئەدیس ئەبابو ئینجا باڵوێز خانەکانی مۆزەمبیق لە دەرەوەی وڵات.

ئەو سێ کەسەی سەر شانۆیان گرت پاش ناشتنی ماشیل یەکەمیان گاسینتو فیلوزو وەزیری یارمەتی بوو کە دەستە راستی ماشیل بوو دووەمیان مارسیلیانو دوس سانتوس یارمەتیەری سەرەك لە کاروباری حزب دا ئەمیش دەستە چەپی ماشیل بوو سێ هەمیشیان لەناوەندیان دا یواکیم شیسانوی وەزیری دەرەوە بوو.

هەر چەندە هەرسێکیان چەند ناکۆکیەکی لاوەکیان هەبوو بەلام هەستکردنیان بەلێ پرسینەوە بووە هۆی دوور کەوتنەوەیان لە بەگژدارچوونی توندویژ، بەمە حزبی مزولیمۆ لەیەکەم تاقی‌کردنەوەی جێنشینی دا سەرکەوت و وای لە دوژمنان کرد دان بەوەدا بنەین کە تیپی حوکمرا لەم وڵاتە پچڕپچڕەدا بە هۆی برسیەتی‌و ئاژاوەی ناوخۆوە لە سەرو هەموو بارێکی چینایەتی‌و هۆزایەتیەوە.

پاش دوو هەفتە یواکیم شیسانو بە کۆمەڵ هەڵبژێررا بەسەرەکەی وڵات چ لە ناو حکومەت دا لەناو ئەندامانی لیژنەی ناوەندی حزبی حوکمرادا.. ئەم هاورێیەکی کۆنی سامۆرایەو تەمەنی ٤٧ ساڵەو هەر لە ساڵی سەربەخۆیی وڵاتەوە (ساڵی ١٩٧٥) وەزارەتی دەرەوەی بێ سپێراروە، هەر لەو کاتەوە دەرکەوت لێ هاتووەو شیاوی ئەو پلەو پایەیە.

هەتاوەکو شێوەی ئاشکراکردنی هەڵبژاردنەکەش کە دوس سانتوس کە پیاوێکی بە هێزی حزبە پێی هەستا وا دەرکەوت کە هەڵبژاردنی شیسانو رەزامەندی هەمووانی لەسەربووە هەتاوەکو ئەوانەش کە تومەتیان دەکرد بە نەرمی‌و رووکردنە رۆژئاوا، ئەمیش بەردەوامی هێڵی گشتی فەرمانرەوایەتیە لە وڵات دا کە چەند ساڵێکە پەیرەو کراوە وەك هەوڵدانێك

بروانە ل١١

Institut Kurde de Paris

پارێزگاری سلێمانی سەرلەبرینداره‌کانی سەیدصادق دەدات

بەرێز مامۆستا جعفر عبدالکریم بەرزنجی پارێزگاری سلێمانی سەرێدا لە بریندارەکانی ناحیەی سەید صادق، کە بە هۆی توپ باران و بوردمان کردنی رژێمی ئێرانی نەفامەوە بریندارکران.

هەروەها بەرێز پارێزگاری سلێمانی لەگەڵ پیاوانی ئایین و ئەرسراوانی پارێزگا چونە پرسەی ئەو شەهیدانەی کە بە هۆی توپ بارانی ناوچەکە شەهید بوون، بەرێز چاوی کەوت بە خێزانی شەهیدەکان. سوپاسی خۆراگرتنی خەڵکی ناوچەکەی کرد، کە توانیویانە لە هەڵەبجەو سید صادق، بە خۆراگری بمێنەوە، تا رژێمی داخ لە دڵی خومێنیەکان ئەوە بزانن کە خەڵکی کوردستان وەکو خەڵکی هەموو شارەکانی تری عێراق خۆراگرن. هەروەها سڵاوی سەرەکی فەرمانده هەڤاڵی تێکۆشەر (صدام حسین)ی پێراگەیاندن بەرێزی ووتی لە کاتێك دا دوژمنی ئێرانیو خومێنیە نەفامەکان ناوچەی دانیشتوان و هاوڵاتیەکان دەدەنە بەر توپ..

ئەمە ئەوە دەسەڵێنی کە رژێمەکەیان پوچەڵ بوەو لە راستی لایان داوە، ئەمە لە کاتێکدا کە رژێمی ئێرانی بودەڵو بێ ئایینی خۆیان دەرخست کە مزگەوتی (سەید صادق)یان توپ باران کرد، کە هاوڵاتیانی ناوچەکە لە کاتی نوێژکردن دا بوون. لە ئەنجام دا چەند هاوڵاتیەك شەهیدبوون، چەندانیتر بریندار بوون، ئایا ئەمە بو دەڵو ڕیسوابوونی ئەو رژێمە نالەبارو داخ لە دڵنیە، کە ماڵی خوا لە کاتی نوێژدا توپ باران بکا، هەر ئەو توپ بارانە بوە هۆی داروخاندنی چەندان ماڵ لە ناحیەکە، بوە هۆی شەهید بوونی منداڵان و ئافرەتانی ناوچەکە، بەڵێ ئەمەیە تاوانی رژێمی خومەینی چەپەڵ کە بەناوی ئایینی ئیسلامەوە ماڵ و شارو مزگەوتی موسڵمانان وێران دەکا. هەر لەو بۆنەیەدا خەڵکی ناوچەکە بڕواو تواناو خۆراگرتنی خۆیان بەو پەڕی هوشیاریو ئازایانەوە بەپەیمان و بەڵێنی وەفاداری نوێ کردەوە کە هەرگیز، شاڵاوی نالەبارانی خومەینیو داخ لە دڵان و لەرزوکەکانی قوم و تاران نەیانترسێنی، سوربوون لەسەر باوەڕ بەرزیو وەربەرزی تا شەهیدبوون، هەردەم پاڵپشتی سەرکردایەتی شۆڕەشە مەزنەکەمان بین بە سەرکردایەتی هەڤاڵی تێکۆشەر صدام

حسین (خوابیپارێزێ).

لقی سلێمانی

ژ چالاکیێت دەزگەهامە بهەلکەفتنا روژا شەهیدی

میهرەجانەکێ هوزانێ لدهوکێ

محمد ئوسمانا

بهەلەکفتنا روژا شەهیدی و ب چاڤدێریا هەڤال (طارق کاف) رازگرێ لقێ دهوکێ یێ پارتا بەعسا عەرەبیا هەڤپشکیو ب حازربونا هەڤال عبدالسلام العناز جێگرێ رازگرێ لقێ پارتێ

لدهوکێو هەڤال ئەندامێت لقێ پارتێو هەژمارەکا بەرپسیارا.. دەزگەها رەوشەنبیریو بەلاڤکرنا

کوردی - تایێ دهوکێ میهرەجانەکا هوزانێ سازکربو هوزانڤانێت گەنج لپارێزگەهێ.

لپێشێ (صدیق شرو) خێزهاتن ب هەڤال (عبدالسلام العناز) کرو بهەمی میهڤانا کرو پاشی [illegible] بو جەماوەری پێش کێش کرن.. هوزانڤانێ ئێکێ (علی مصطفی) بوو لهوزانا خودا گوت:

کەلی لاوا نەشێم رویم
نەشێم هزرێت خو ب رەڤینم
خوش تڤیێ دڵێ من چو
پێ کەنینێ نەشێم بینم
پێ کەنینێ نەشێم بینم
کوریێ من بوو ل روژ هەلاتێ
ل ژێریا ئاخا عیراقێ
شەرکەربوو دژی دوژمنا
دژمنێت ئاخا عیراقێ..؟

پاشی بو گەرا (عبدالستار حسن ردەینی) هوزانا وی ل ژێر ناف و ئێشان (دارا شەهیدی) تێدا گوت..؟
ئەو توخیبێت
دوژمنێ هار
هزار قوچ لێداین
داخراب و وێران بکەت

کو ریکاخو ئەو خوش بکەت
داهێر شێت دو ڕندانە
بەریف عیراقا من بینیت

ئو واریٚ باب و باپیرا
ژمن بستینیت و
گورێژینێ ل سەر لێڤیت
ژا ڕوکێت مە ب برینیت
ئەو توخیب قەت
ناهەرفن.. ناهەرفن

بو گەرا هوزانڤانێ کەنج (حازەمێ جاسم) هوزانا وی ژێر ناف و نیشان (یێژمە هەمیا چێتر) ئەفە ژی پارچەك ژهوزانا وی.

مێن گوفەندمك دیت هند کەنیبەو

هند گری
کیە زافا ئەف پشیارە من ژوان کری
گوتن زافایە شەهیدە ئەف کارە مەبۆ کری
گوتن ئەڤەیە یێخو گوری ئاخا عیراقێ کری
خو گوری سەربەستیو ئازادیا ملەتی کری
پاشی بوکەرا (مقداد مردان دیرگژنیکی) هوزانا وی ژێر ناف و نیشان (دەنگێ دا یکەکێ) ئەفە ژی پارچەك ژهوزاناوی..

نیشان (شەهید) ئەفە ژی پارچەك ژهوزاناوی..
شەهید.. شەهید
ئافێ تەیە
ل جیهانێ تێتە گێران
دجلەو فرات
ژخوینا تەنە
تەف دارو بارێن عیراقێ
یێ تێن ئافدان
زراف بەژ نو بالا تەیە
زەری و ئەسمەر
یێ دبێ ژنو

ری پارچەك ژهوزانا وی.
دەنگێ دایکەکا کورێ
چویە. شەرێو نەزفری
ب زاروکی ل بەر سینگێ
خوگێرایو
خودان کری..
شەفێ درێژ لایێ.. لایێ
دبەرا گوتیو هەتا بەیانا سپێدێ
خەو نەکری..؟
پاشی بوو دورا (عمر محمد عامر)
هوزانا وی ژێر ناف و نیشان (سلاڤەك بۆ شەهیدی) ئەفە ژی پارچەك ژهوزاناوی..
ل وی دەمێ شەهید دبم

دەمێ پاپور
فرمخێت دەریان داتێنە خوار
ل دیف حوە دەمێلن
جزیرەکا چو ل و بەیار
دەمێ بولبول
ل سەر چەقید دارا دخوینن
پێ شاد دبن
گول و گولزار..
پاشی بوو گەرا کاك (نصرالدین هادی) هوزانا وی ژێر ناف و

پاشی مزگینیەك هات و گوت کو جێگرێ رازگرێ لقێ دهوکێ بریاردا بخەلات کرنا ڤان هوزانڤانان چەپلە قوتانەك هاتەکرن هۆلێ دەنگ ڤەدا..
پاشی بو گەرا (اسماعیل [illegible]) نیشان (سێی دەنگ بو شەهید[illegible]) ئەفە ژی پارچەك ژ هوزاناوی..
خومەینی کول هەمی درا خوین مێژی
تو درزانی تو دل پیسیو ڕەقرێژی
نێ بشاشکا درەو تۆ خوینێ دمێژی
پیرە مێرەکی نێ سەر خوش و گێژی
ئەفرو خوینا گەنجو لاوا تۆ دمێژی..؟

هوسانێ ئەف ئیڤاریا قەشەنگ بدویماهی هات.. ئەفەو هەڤال (طارق کاف) رازگەرێ لقێ دهوکێ یێ پارتێ لروژا شەهیبێ رێکەفتا ١٩٨٦/١٢/٦ ئەف هوزانڤانە هەمی بنافێ پارتا قوماندار خەلاتکرن لبارەگایێ لقێ دهوکێ.. ئەف خەلاتکرنە ژی بێ کومان کارەکێ پیروزە و پالڤەدانەکە بۆ هوزانڤانێت مە کو دبەردەوام بن سەر بەرهەمێن خو ژ بۆ خزمەتا عیراقا خۆشتڤیو ئەفە بو جارا دووێ هوزانڤانێت گەنج دهێنە خەلات کرن ئەفە کارەکێ گەلەك پیروزە..

بهەلکەفتنا روژا شەهیدی

دەزگەهامەو کۆرەکێ رامیاری لقەزاسێمێلێ

لروژا پێنج شەمبی ١٩٨٦/١٢/٤ و ب چاڤدێریا هەڤال (علی موشنه کاظم) رازگرێ تیپا سێمێلێ یا پارتا بەعسا عەرەبیا هەڤپشکی و ب حازربونا هەژمارەکا مەزن ژ جەماوەری وئەندامێ تیپا سێمێلێ یا پارتێ دەزگەها مە دەزگەها رەوشەنبیری و بەلاڤکرنا کوردی تایێ دهوکێ کورەك سازکر بۆ سەیدا (وەصفی حسن ردینی) لدور گرنگیا شەهیدبوونێ لپێشێ هەمی دەقیقەکێ راوەستان رێزگرتن و وەفادرایی بۆ شەهیدێت قادسیا صدام و پاشی سەیدای دەست بخاندنا گوتارێ خو کرو لبەراهیێ کرە بەحسێ پلا شەهیدی لنك ئایینێ ئیسلامێ وهەمی ئایینێت وی دەمی لنك پێغەمبەرێ مەزن محمد (س.خ) وپاشی کرە بەحسێ تاوانا رژێما خومەینی یا نافدێر دەمێ رابوی ل ١٩٨١/١٢/١ ل کەرتێ بسیتین هژمارەکا ئێخسیرێت عیراقێ گوللە بارانکری!!! ئو گوت خومەینی بفێ کریارێ فەبوسلمانیا خۆو نە مروڤایەتیا خو بۆ هەمی جیهانێ ئاشکرا کر وپاشی کرە بەحسێ وان ڕێك کەفتن و پێك هاتنێت دەولەتی ئەوێت هاتینە بەستن لجیهانێ بو پاراستنا مافێت ئێخسیرا وکا چاوا دەجال خومەینی هەمی یا سایێت دەولەتی نا وئێخسیر گوللە بارنکرین..

پاشی سەیدای کرە بەحسێ وان دەستکەفتا ئەوێت سەرکردایەتیا پارت و شورەشێ بجهـ ئینای بۆ خێزانا شەهیدیو ئیشارەت کرە دەهان بریارێت چڤاتا قوماندارییا شوەرەشێ دەرباریێ مافێت خێزانا شەهیدی هوسانێ ئەف کورە بدویماهی هات پشتی سەعەتەکێ ڤەکێشایو جەماوەرەکێ زۆری ژ خەلکێ قەزا سێمێلێ تێدا ئامادە ببۆن.

محمد ئوسمانا

لە چالاکیەکانی بەریوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەری سلێمانی..

★ لە ١٩٨٦/٩/٢٢ دا. بەریوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی، هەر لە هۆلی ڕۆشنبیری جەماوەر کۆرێکی شیعر خوێندنەوەی بۆ سێ شاعیری لاو سازکرد، کە تیایدا هەر یەکە چەند پارچە شیعرێکیان خوێندەوە، کەبریتی بوون لەم برایانە «احمد رمزا، هیوا قادر محمد، ئەمین محمد».

لێرەدا چەند پارچەیەك لە شیعری ئەو برایانە پێش کەش دەکەین:-

ئەحمەد رمزا لە شەقامی تەمەن دا دەڵێت

نمایندەی ئاسۆی بیرم
پەرموازەی کۆرستانی
شەوێکی ئەنگوستە چاوە
فریشتەی بەختی نووستوشم
موتەکەی باوەشی خەمەو
لە سەر سنگم
چۆکی گرانی داداوە

× × ×

هەموو شەوێ

■ لقی سلێمانی ■

یادگارەکانی منالیم
لەسەر بانە بەرزەکەوە
بۆ دار مێوەکە هەڵئەدەم
چاو بۆ ئاسمانی مەبینەتیم
ئەخەمە گەڕ
بۆ دوورێکی.. ئێکجار زۆر دوور
سەرنجی شەبەنگی ئەدەم.

× × ×

هیوا قادر لە شەوی شیعر دا دەڵێت:-

ئەم شەو شیعر
وەکو گرێی
عانە تیابووی فەقیانەکەی
دایکم وایە
تاکو نەگریم
ناکرێتەوە
ئەم شەو شیعر
کۆترێکەو
لەناو سۆما ڕەشەکانی
چاوی تۆیا
تەرە بووە
تاکو نەگریت بۆم نایگرێت
نە دایکم دڵی نەرمە بێت
نە تۆ ئەگریت
تەنها خۆمم
بەسەر چەمەری گریانی
خۆما کەو تووم

× × ×

ئەمین محمد - لە هۆنراوەی «مانگ لە دەمی گەلە گورگا» دەڵێت.

بروانە ل ١١

Institut Kurde de Paris

دیاردەی کۆچکردن لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا

● سەلام محەمەد ●

لە زۆربەی وڵاتەکانی رۆژهەڵاتدا دیاردەیەکی ئاشکراو تا رادەیەك ترسناکیش هەیە بەتایبەتی لە دووای ساڵانی شەڕی جیهانی دووەمەوە، کە ئەویش روو لە رۆژئاوا کردن و جێگیربوونە لەوێ.

دانیشتووانانی هەندێ وڵاتانی وەك هیندو تورکیاو میسرو جەزائیرو ئەفەریقا ژمارەیان لە دەرەوە خۆی لە دوو ملیۆن داوە، بۆ نموونە تەنیا لە ئەڵەمانیای رۆژئاوادا نزیکەی دوو ملیۆن تورك هەیە، ئەمەیش کێشەیەکی دووسەری ناوەتەوە، چ بە نیسبەت وڵاتەکانی خۆیانەوە، یا ئەو وڵاتانەی تیایدا نیشتەجێ بوون.

ئەورووپا، بەلای خەڵکی جیهانی سێیەمەوە بە شێوەیەکی گشتی وەکو خەونێکی لێهاتووە، زۆر کەس بە عەزرەتیەوە ئەژی‌و زۆری تریش قۆناخێکی تایبەتی تەمەنی تەرخان دەکات بۆ گەیشتنە ئەوێ لە پێناو وەدیهێنانی ئەم خەونە. پێش ئەوەی بچینە ناخی باسەکەوە چاکتر وایە هۆیە سەرەکیەکانی ئەو (ئارەزووە) بزانین کە لای گەنجەکانی رۆژهەڵات پەیدا بووەو بۆچی سەد ساڵ بەر لە ئێستا یا کەمتریش هەرچەندە رێگە بۆ گەشت و گوزارو سەفەرکردن هەر هەبووە بەڵام ئەم هەشت و ئارەزووە نەبوو.

پاش شەڕی جیهانی دووەم وڵاتەکانی رۆژهەڵات و دەیان وڵاتی تریش هەموو لە لایەن وڵاتە رۆژئاواییەکانەوە داگیرکران و دابەش کران سەبارەت بەوەی گۆڕینە بنەڕەتیە تەکنەلۆژی‌و پیشەسازی‌یەکانی رۆژئاوا دەسەڵاتێکی تەواوی پێدان و وڵاتەکانی رۆژهەڵاتیش دەرفەت و بواری ئەو گۆڕینە تەکنەلۆژی‌یەیان بۆ هەڵنەکەوت، ئەمیش وا ناگەیەنێت کە رادەی ئەقڵی مرۆڤی ئەورووپی لە ئەقڵی مرۆڤی رۆژهەڵات پێشکەوتووتر بێت یا جیاوازتر بێت چونکە مرۆڤ لە هەر جێگەیەکدا بێت هەر مرۆڤەو بە شێوەیەکی یەکگرتوو هاتۆتە دنیاوەو شێوەی روخسارو رەنگی پێست هیچ پەیوەندی‌یەکیان بە ئەقڵەوە نییەو مرۆڤ لە هەر شوێنێ لە دایك بێت، کەرەستەو پێداویستە گرنگەکانی ژیانی بخرێتە بەردەم و زانستی‌یانە پەروەردە بکرێت و بایەخ بدرێتە ئارەزووە داهێنەرەکانی لە ئەنجامدا ئەم مرۆڤە بلیمەتانە هەڵدەکەوێ‌و لە بوارێکی تایبەتیدا یا زیاتر شارەزایی پەیدا دەکات و دەبێتە پسپۆر.

هۆکارەکانی پێشکەوتن و گەشەسەندنی تەکنەلۆژیاش لای وڵاتە تایبەکان دەگەڕێتەوە بۆ دابین کردنی ئەو دوو لایەنەو هەندێ هۆی تریش کە رێگا بۆ پێشکەوتن خۆش دەکەن.

لە رۆژهەڵاتدا، سەرەڕای ئەوەی لە سەردەمەکانی مێژوودا سەرجڵەوی شارستانیەت بە دەست خۆیانەوە بووەو ئەورووپا لاسایی کردوونەتەوە نەیان توانیوە سوود لە توانای خودی خۆیان و بەرو بۆم و وزەو داهاتی وڵاتەکانیان وەربگرن و بە شێتی لاوەکیەوە خەریك بوون کە هیچ پەیوەندی‌یەکی بە گەشەسەندن و پێشکەوتنی باری ئابووری‌و کۆمەڵایەتیەوە نەبووە.

لەم رووەوە، وڵاتە داگیرکەرەکانی ئەورووپا سیاسەتێکی بەرفراوانیان بەکارهێنا بۆ سەپاندنی باری شارستانی‌و رۆشنبیری خۆیان بەسەر وڵاتە داگیرکراوەکاندا کە لە هەندێ وڵاتی وەك «جەزائیر»دا پلەی داگیرکردنەکە گەیشتە رادەیەك هاونیشتمانی جەزائیر زمانی زگماکی خۆی لەبیر بچێتەوە، ئاشکراشە کە زمان بنچینەی بوونی نەتەوەیە.

پاش رزگاربوونی وڵاتە ژێردەستەکان و پێکهێنانی حکومەتی نیشتمانی، شوێنەواری ئەم سیاسەتە هەر مایەوەو تا رادەیەك لە دەروونی لاوەکاندا رەگی داکوتاو بووە ئارەزوویەکی تیژی گەیشتنە ئەو پلەو پایەیەی داگیرکەرە رۆژئاواییەکانی پێگەیشتووە.

سەبارەت بەوەی هەنگاوەکانی شارستانیش کات و مەودا و هەوڵ و تەقەللای تایبەتی دەوێ مەسەلەکە بۆ شایبەکی لە هەست و نەستی لاوەکانی رۆژهەڵاتدا دروست کرد کە بریتی‌یە لەوەی هەتا لە ژیاندایە نابینی وڵاتەکەی بگاتە ئاستی یەکێك لە وڵاتەکانی رۆژئاوا.

لێرەدا لە جیاتی بیرکردنەوە لە هەوڵدان و بنیات نان و قایل بوون بەوەی ئەو بارودۆخەی وڵاتەکەی تێکەوتووە لە ئەنجامی سیاسەتە چەپەڵەکەی رۆژئاواوەیە کە ئەمەش رەنگدانەوەی دروست و لە باری بۆشایی‌یەکەیە نەوەك زاڵ بوونی بەراوردکردنی جۆرو باری ژیانی هەردوو لاو دەرخستنی جیاوازی نێوانیان چونکە ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتی‌و ژیاری‌یە لە بنەڕەتێکەوە هەڵقوڵاوە زۆر جیاوازە لە بنەڕەتە سەرەکیەکانی سیستەمە کۆمەڵایەتی‌و ژیاری‌یەکانی رۆژهەڵات.

لە هۆیە سەرەکیەکانی تری جێهێشتنی نیشتمان و جێگیربوونی هاونیشتمانی رۆژهەڵات لە ئەورووپادا ئەو پرۆپاگەندە بەردەوام و بەرفراوانەیە کە بە جۆرێك وڵاتەکانی رۆژئاوایان لەبەر چاوی لاوەکانی رۆژهەڵاتدا خۆشەویست کردووە هەموو هەوڵێکیان تەرخان بکەن رۆژێك زووتر بگەنە دەردەوە.

نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت کە لایەنی جنسی کارێکی راستەوخۆی کردۆتە سەر بیرو هۆش لاوەکان. ئەم کارتێکردنە بریتی‌یە لە هەڵچوونێکی کاتی‌و سۆزێکی ریبوار کە لە یەکەم رۆژەوە بە جۆرێکی‌تر بەسەر ئەو لاوانەدا دەکەوێتەوەو رووبەڕووی واقعێکی تاڵ و نالەباریان دەکاتەوە.

لە هۆیەکانی تریش کە هەندێ وڵاتی وەك ئەفەریقاو هیندو پاکستان دەگرێتەوە مەسەلەی برسێتی‌و گرانی‌یە کە پاڵ بە هەزاران هاونیشتمانی‌یەوە دەنێ بەرەو رۆژئاوا سەری خۆی هەڵبکرێت. هەندێکی تریش بە نیازی کارکردن و پارە کۆکردنەوە دەچنە دەرەوەو بە دەگمەن تیایاندا هەیە لەم بوارەدا سەرکەوتن وەدەست بێنێ.

نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێتەوە کە باری سیاسی هەندێك لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و چەوساندنەوەی ئایینی‌و نەتەوەیی‌و نەبوونی سەربەستی دەورێکی گرنگیان هەیە لەم کۆچکردنەدا.

بەرامبەر بە هۆی یەکەم، واتە باشماوەکانی سەردەمی ژێردەستایەتی، سەبارەت بەوەی زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵات لە رێگەی شۆرشی نیشتمانی‌و نەتەوەییەوە لە چنگی داگیرکەر رزگاربوون بۆیە بە درێژایی رۆژگارو بە گوێرەی رادەی گەشەسەندن و پێشکەوتنی هەر وڵاتێك ئەو شوێنەوارەی داگیرکەران دوای خۆیان جێیان هێشتووە بەرەو لاوازی‌و فەوتان دەچێت و لە جێگەیاندا بیرو باوەڕی نیشتمانی‌و نەتەوەیی هاتۆتە پێشەوە.

بە نیسبەت هۆیەکانی ترەوە کەم تا زۆر هێشتا لە تێکرای وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا هەر ماون و بە شێوەیەکی سەلبی کار دەکەنە سەر هەست و بیری لاوان بۆیە رووبەڕوونکردنەوەی باری ژیانی کۆچکردووەکانی ئەورووپا لە سەرێکەوە دەکەوێتە ئەستۆی دەزگا بەرپرسیارەکانی دەوڵەت و لە سەرێکی ترەوە وەکو ئیلتیزامێکی وێژدانی دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەی لە رۆژئاوادا جێگیربوون بۆ ئەوەی روی‌راستەقینەی ئەو «بەهەشتی سەر زەمینە!!» دەرکەوێت کە لە راستیدا دۆزەخێکی بەردەوامە لە ناخی ملیۆنەها مرۆڤی نامۆو دەربەدەرو ئاوارەی سەر شەقامەکانی لەندەن و پاریس و بەرلینی رۆژئاواو ستۆکهۆڵم و ئەمستردام و دەیان شاری‌تر.

دەربارەی مەسەلە جنسی‌یەکە، گومان لەوەدا نییە کە مرۆڤی رۆژهەڵاتی بە زۆری تا ئەو قۆناخەی تەمەنی دەگاتە سەرەوەی پەنجاش هەست بە نیمچە «بێبەشی یەك» دەکات لەم بوارەدا ئەویش بە هۆی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی‌و جۆری پەروەردە بوونەوە.

لێکۆڵینەوەی هۆیەکانی کۆچکردن بۆ رۆژئاواو شی‌کردنەوەیان بابەتی کتێبێکی گەورەیەو بە چەند لاپەرەیەك نابڕێتەوە.

ئێمە بە کورتی هەندی لەو هۆیانەمان خستە روو، هەوڵیش دەدەین هەر بە کورتی چەند تیشکێك بخەینە سەر واقیعی ژیان و گوزەران لە ئەورووپای رۆژئاوادا کە بە جۆرێك ناوی دەرچووە باوەش بۆ بێگانە دەگرێتەوەو لە هەموو رووەکەوە ژیانی بۆ دابین دەکات.

ئاشکرایە، تێکرای وڵاتە رۆژئاواییەکان رژێمێکی سەرمایەداری‌یان گرتۆتە بەرو یەکێك لە نیشانە سەلبی‌یە هەرە دیارەکانی ئەم رژێمە «بێکاری»یە، هەر کامێکیان بگرێت «تەنیا بچووکەکان نەبێت» ژمارەی بێکارەکانی پاڵی داوەتە دۆ ملیۆن و زیاتریش، کەواتە وڵاتێك ئەگەر خۆی مەسەلەی بێکاری یەکێك لە گرفتە ئابووری‌و کۆمەڵایەتیە سەرەکیەکانی بێت و نەتوانێ چارەسەرێکی شیاو بۆ ئەم گرفتە بدۆزێتەوە چۆن نەتوانێ باوەش بۆ بێگانە بگرێتەوەو ژیانیان بۆ دابین بکات.

رۆزبەی شارە گەورەکانی رۆژئاوا، ساڵ نییە دەیان خۆپیشاندانی گەورەیان تیادا ساز نەکرێت دژی کەم دەرامەتی‌و بێکاری.

ئەوانەی رۆژئاوایان بینیوە، چاك بەزانن بە هەزاران هاونیشتمانی ئەو وڵاتانە شەویان لە گۆڕەپانە گشتی‌و ژێر زەمینەکانی میترۆو ویستگەی شەمەنەفەرا بەسەر دەبەن و بە ئاشکراش سواڵ دەکەن.

کار گەیشتۆتە رادەیەك، بێکاری پاڵی بە زۆریانەوە ناوە بەرەو دزی‌کردن و جەردەیی‌و تاوانکاری سەرەڕای بارێکی رەوشتی ناهەموار کە لە گۆڕەپانە گشتی‌یەکاندا دەبینرێن، کۆمەڵ کۆمەڵ، لەسەر زەوی راکشاون و سەرخۆشی بەردەوام و تلیاك کێشان وەکو تەونی جاڵجاڵۆکە لوولیانی داوە، زۆر جار لە ناو ئەمانەدا کچێك دەبینی هەتا بڵێ جوان و باڵا بەرزە بەڵام لایەکی سەری تاشیوەو دەم و چاوی بە بۆیە رەنگ کردووەو کورد واتەنی «خۆی ئەتك کردووە».

جارێکیان ئەم پرسیارەم ئاراستەی یەکێك لەو کچانە کرد کە بە دیواری کەلیسا بە ناوبانگەکەی بەرلینەوە پاڵی دابۆوە: -

- بۆچی بەم جۆرە سەروسیمای خۆت شێواندووە؟

وتی: جگەرەیەکم بدەرێ. پاش ئەوەی جگەرەکەم بۆی داگیرسان وتی: -

- هەندێ پارەم بدەرێ بیرمیەك بخۆمەوە.

وتم: بەڵام هۆیەکەت پێم نەوت.

زۆر بە تەوس و گاڵتەجاری‌یەوە بەسەرما قیژاندی:

- بێکاری.. بێکاری.. بێکاری

لێرەدا مەبەستمان کەم کردنەوەی نرخی مرۆڤی ئەورووپی نییە چونکە بمانەوێ‌و نەمانەوێ ئەوان لە هەموو رویەکی شارستانیەوە پێشمان کەوتوون بەڵام نەبوونی کارو مۆنۆپۆل کردنی زۆربەی دەستە ئیشکەرەکان بۆ خزمەتی خاوەن کار دیاردەیەکی چەسپیوەو تەنانەت خۆیان هەموو رۆژێ لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا لەسەری دەنووسن ئەو کارانەی بە شێوەیەکی گشتی بۆ بێگانە دانراون ئەمانەن «جادە ماڵین و گسك دان»، قاپ و قاچاغ شۆرین لە چێشتخانەکاندا، پیسایی پاك کردنەوەی دام و دەزگا رەسمی‌یەکان... تاد، لە ناو ئەمانەشدا تاك و تروك هەیە لە دایرەیەك یا جێگەیەکی لەو بابەتەدا کار بکات ئەویش زۆر دەگمەنەو ئەو کەسە لای کەمی دە ساڵ خۆراگرتنی دەوێ تا دەگاتە ئەو ئاستە یا هەر ناگات.

نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێتەوە کە ئەو کارانەی باسمان کردن بۆ نموونە ئەگەر رۆژانەی کرێکارێکی خۆیان (١٠)دە دیناری عیراقی‌بێت ئەوە لە باشترین حاڵەتدا (٥) پێنج دینار نادەنە کرێکاری بێگانە بەڵام لە راستیدا ئەو کارانەی خراونەتە ئەستۆی بێگانەش بە هیچ جۆرێ هاونیشتمانیانی ئەو وڵاتە بەلایدا ناچن و خۆیانی لێ نادەن بۆیە دەبینین بەشی زۆری بێگانەکانی رۆژئاوا لەو پەری تەنگانەو کوێرەوەری‌و دەردە سەریدان، هەیە بە ناوە لە لەندەن یا بەرلینی رۆژئاوا یا پاریسدایە، بەڵام بە ئارەزووی دڵی ژەمە نانێکی پوخت ناخوات و لە توانایدا نییە وەکو مرۆڤێکی خاوەن حەزو خۆزگە تەنانەت بۆ یەکجاریش لە هەندێ جۆرە گازینۆی گرانبەهادا دانیشێ‌و جل وبەرگی بە دڵی خۆی نییەو زۆر جار جگەرەیشی دەست ناکەوێت و بێ تووتنە، لە وزەیدا نییە بچووکترین ئارەزووی رۆژانەی جێبەجێ بکات وەگ ئەوەی حەزی بە دیتنی ئەم فلیمە هەیە یا لەبەر بێ تاقەتی بچێتە ئاهەنگێك یا ئۆرکسترایەت یا هیچ نەبێ گۆڤارێك بکرێت و بە خوێندنەوەی کاتی خۆی بەسەر بەرێت.

نەك هەر ئەمەندە، بەڵکو بەشێکی زۆری بێگانەکانی رۆژئاوا توانای بلیت بریتی پاس و ئووبان و میترۆیان نییە ئیتر یا دەبێ نمرەی کارتی هەفتانەو مانگانەی پاس و میترۆ تەزویر بکەن کە ئەم کردەوەیەش رووبەڕووی سزادانی یاسایان دەکاتەوە یا بە قاچاغ سواردەبن یاخود بە پێ رێگاکە دەبڕن.

لە سەرێکی ترەوە هەندێ گەنج هەن گوایە دۆستایەتی‌یان لەگەڵ ئافرەتێکدا بەستووەو تا رادەیەك ئەو ئافرەتە دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکات بەڵام زوربەی ئەو ئافرەتانە «ناڵێم هەموویان» پاشماوەی دەیان و بگرە سەدان پیاوی ترن و جۆرەها نەخۆشی جنسی‌یان هەیەو بچووکترین رەوشتی مرۆڤایەتیان لا نەماوەو ئەورووپیەکان خۆیان بە چاوێکی سووکەوە تەماشایان دەکەن، ئیتر کە ژیان بگاتە ئاستێك، لاوێکی رۆژهەڵاتی، کە لە ناو کۆمەڵێ نەریتی خاوێن و شەرەفمەندا پەروەردە بووە، تەنیایی‌و بێ پارەیی‌و بێکاری ناچاری بکات ژیان لەگەڵ ئافرەتێکی لەو بابەتەدا بەسەربەرێت کە هەر ئەوەندەی یەکێکی تری دۆزیەوە بە تەواوەتی ئەمی لە بیر ئەچێت و پووڵێکی هەرزانی پێوە دەنێت.. ئاخۆ دەبێ ئەو جۆرە ژیانە لەسەر حیسابی کەرامەتی مرۆڤ بێت یان بەڵگەو بیانووی تری هەیە؟!

بە دیدارشادبوونی بەهەشتە رازاوەکەی ئەورووپاش ئەمە سەرەتاکەی بێت ئاخۆ چ پاشەڕۆژێکی رووناك و بێداربوونەوەیەکی بە تامی لێچاوەڕوان دەکرێ.

بەڵێ... بێکاری‌و کوێرەوەری‌و دەردەسەری بارێکی دەروونی رۆژانەیەو بێگانەکانی رۆژئاوا ئەوەك لەگەڵیا راهاتوون بەڵکو زۆر بە قووڵی ئازاری پێوە دەکێشن و دەتلێنەوە.

ئەو کارانەی ئەورووپاییەکان خۆیانی لێ نادەن و بێگانە بە نیوە قیمەتیش قایلە وەکو بیتاقەی یانسیب وایەو بۆ هەموو کەسێك دەرناچێت.

مایەوە سەر دەست نیشانکردنی جێگەو شوێنی «موقع» مرۆڤی بێگانە لە کۆمەڵگای رۆژئاواییداو چۆنیەتی تێ‌روانینی رۆژئاواییەکان بۆ بێگانە.

روون و ئاشکرایە، یەکێك لە هۆیە هەرە دیارەکانی پەرەسەندنی بێکاری لە رۆژئاوادا زۆربوونی ژمارەی بێگانەیە، سەرمایەدارو خاوەن بەرژەوەندەکان ئەگەر کار بدەنە هاونیشتمانی خۆیان پێویستە «رۆژانە»یا «مانگانە»ی تەواویان بدەنێ بە پێی دەستوورەکانی نووسینگەی کارکردن بەڵام بۆ سوود وەرگرتنی زیاترو قۆستنەوەی باری لاری بێگانە هەمان کار بە چارەکە کرێ یا کەمتر دەدەنە بێگانە، بەمەش دەڵێن «کاری رەش» واتە بە بێ ئاگاداری دەوڵەت کە لە سەرێکەوە قەوارەی بێکاری لەو وڵاتەدا فراوانتر دەکات و لە سەرێکی ترەوە بە پارەیەکی ئێجگار کەم رەنج و ماندوبوونی کرێکاری بێگانە کە لەبەر دەستکورتی‌و نەبوونی خۆی لە کاری رەش دەدات دەچێتە گیرفانی خاوەن کارەوە.

بەم شێوەیە رق و کینەیەکی «دەروونی» لە لایەن ئادەمیزادی رۆژئاواییەوە بەرامبەر بە بێگانە دروست دەبێت، تا رادەیەکیش ناهەقیان نییە چونکە ئەگەر کرێکارە بێگانەکە بە چارەکە کرێ ئەو کارە هەڵنەسووڕێنێ ئەوا خاوەن کار ناچار دەبێت کرێی تەواو بداتە کرێکاری رۆژئاوایی ئەم رق وکینەیە بە ناسکترا رەنجی داوەتەوەو کەیشتووە رادەیەك نیکەلاوی حوییان بووەو وا هەست دەکەن کە بێگانە بەسەر دڵ و دەروونیاندا تێدەپەڕێت و سۆزو ئەندێشەیان دەشێلێت. زۆر جار بە زەقی ئەم رقە دەردەبڕن و یەکێك هەر تۆزێ سیمای غەریبی یا رۆژهەڵاتی پێوە دیاربێت هاوار دەکەن بەسەریا: -

- بۆ دەرەوە، وڵاتەکەمان جێ‌بێڵە..

هەندێ جاریش ئەم رقە قەوارەی هەرشەو گوڕەشەی نارەوا وەردەگرێت و لە زوربەی وڵاتەکانی رۆژئاوادا رێکخراوی تایبەت هەیە بۆ بەربەستکردنی کۆچی بێگانەو بەرەڵەکانی‌کردنی بێگانەکانی ناوەوە، بۆ نموونە لەم دووایی‌یەدا کاربەدەستێکی ناوداری وڵاتێکی رۆژئاوایی پێشنیازێکی خستۆتە بەردەم پەرلەمان بۆ ئەوەی رێگا نەدرێتە بێگانە هامشۆی هەموو گەرەکێك بکات. هەروەها لە هەندێ شارۆچکەی رۆژئاوادا کارمێنۆ چێشتخانەی وا هەن بە هیچ جۆرێك ناهێڵن بێگانە بچێتە ژوورەوەو هەندێکیان بە ئاشکرا لافیتەی قەدەغەکردنیان هەڵواسیوە.

لە لایەکی ترەوە، دەوڵەت بە هەموو جۆرێك یاسای قورس دەردەکات بۆ دیاری‌کردن و گەمارۆدانی هەڵس وکەوتی مرۆڤی بێگانەو تەنگەتاوکردنی هەتا لە وڵاتەکەیان دوور بکەونەوە لەوانە: یاسای دامەزراندن لە دەزگا رەسمی‌یەکان و یاسای مەکتەبی کارکردن و یاسای نیشتەجێ بوون و یاسای سەفەرکردن و... تاد.

ئەمە بوو کورتەیەکی چڕی ژیانی بێگانەکان لە رۆژئاوای سەرمایە داریدا کە لە لووتکەی ژان و ئازارو دڵتەنگی رۆژانەدان و تێکرای خواست و هیواکانیان بە لێواری بارنەیەکی بچکۆلانەدا دەخولێتەوەو بەرە بەرە کانیاوی ئاوات و خەوبینین بە ئەورووپای رازاوەوە هەڵم دەکات و تروسکایی مۆمی «جیهانی تازە»ی بەرەو کزی دەچێت و رووبەڕووی دەیان گیروگرفت و کێشەی ترسناك دەبێتەوە.

«بیرەوەریەکانتان مەبەنەگۆڕەوە»

کەمال ئەحمەد دوڵپەمووی

بیرەوەریەکانتان ئاوێنەیەکی بێگەردە خۆتانی تیا ئەبیننەوەو خەرمانێکی دەوڵەمەندە، پڕە لە ڕوداوی وا گەر بنووسرێتەوە مێژووی گەلەکەمانی پێ دەوڵەمەند دەبێ.

ئەمەش پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانی خاوەن خامە دڵسۆزەکانە. هۆشمەندانە خامەکانیان بخەنە گەڕو، ئەم لایەنە لە یاد نەکەن و لە فەوتاندن رزگاری بکەن. ئەو کارەساتانەی لە شەڕی جیهانی یەکەم دا بەسەر وڵاتەکەمان دا هات، مێژوو هەتا هەتایە لە یادی ناکات و لە بیری ناچێتەوە.. وێنەیەکی دڵتەزێنە لە مێژووی گەلان دا کە دەرهەق بە مرۆڤایەتی کرا..

ئاگری ئەو شەڕە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو لایەکی گرتەوەو کەس بێ زەرەرو زیان، نەیتوانی لێی دەرچێ‌و رزگاری ببێ، بەڵام هەندێ زرووف تایبەتی بووە هۆی ئەوەی چەند بەشێك لە بەشەکانی گێتی زیاتر ئاساری شەرەکەی لەوانی تر پێوە دیاربێ، کوردستانیش بەشێك بوو لەوانە.[1]

لە سەروو هەموویانەوە سوپای عوسمانی ئەوەی توانای ئیش کردنی بوو چەکیان دایە سەریاو بەرەو گۆڕەپانی شەڕ ڕەوانەیان کردن و بوونە سووتەمەنی جەنگ..

جگە لەوەش ئەوەی وڵاغی بەرزە بوو لە وڵات دا، دەستی بەسەرا گیراو بۆ کارو باری شەڕ بەکارهێنرا کە لەوەو پێش بۆ کشتوکاڵ کردن سوودیان لێ وەرنەگیرا..

کەس نەما لە بواری کشتوکاڵ دا ئیش بکات، بێجگە لە پیرەمێردو ئافرەت و منداڵانە. ئەوەی بەر ئاگری شەڕ نەکەوت، گرانی‌و چاوە قوڵەو تاعوون لە ناوی برد. دانیشتوانی لادێ‌و شار کەم بۆوەو، گوندانی‌یەکان رووبان کردە شارەکان لەسەر شۆستەو جادەکانا لە برسانا لێی [illegible] و بە پیسیی. مردن بەوەسە رۆر بوو پیرانە دەدەیشتن بیانبیزن درندەی کێویش لە خواردنیان قسووری نەدەکرد.. بۆ هەندێ لەو یادگارانەو، نووسینەوەیان، چاوم بە پیرژنێك کەوت بیرەوەری یەکی زۆری لە مێشکیا تۆمار کرد بوو، لە نووکەوە بۆی گێرامەوە، کە لە ساڵانی جەنگ دا لە گوندە کەیاندا چی ڕووی داوە، چۆن توانیویانە خۆیان لە دەست ئەو کارەساتە قورتار بکەن. بیرەوەریەکانی زۆر بە ئاسانی ئەگێرایەوە. وەکو ئێستا ڕووی دابێ وا بوو. ئەم پرسیارانەم لێ کرد.

پ: خۆتمان پێ بناسێنە؟

وەڵام: - ناوم ئامینەی مستەفایە، خەڵکی دێی زرگوێزەلەم سەر بە ناوچەی عەربەت لە پارێزگای سلیمانی. تەمەنم سەد ساڵ ئەبێ ڕووم لە خەزان ناوە، دونیای ژیانم بەرەو ئاوا بوون ئەروات.

پ: - چۆن مێردەکەت ناسی.

وەڵام: - مێردم ناوی دەروێش فەتاحەو ئامۆزای خۆمەو برازای حاجی مستەفای زرگوێزەلەیە، منیش کچی مستەفای کەریمی ڕەجەبم و چواردە منداڵم لێی بوو سێ لەمانە ژیان.

بروانە ل١١

سەرنج

ئەم وتارەی کاك صابر گردعازبانی لەبەر چەند هۆیەکی هونەری‌و تایبەتی بەتەواوی بڵاونەبووەوە، بۆیە لێرەدا پاش ماوەکەی بڵاوەکەینەوەو، داوای لێبوردن لە نووسەرو خوێنەران دەکەین.

هاوکاری

وەڵامی (فەرهەنگی ئاری‌و چەند سەرنجێك)

صابر گردەعازبانی

کوردستان بەکار دێت وەك ناوچەی (سنە) لە کوردستانی ئێراندا. ئەمەش لە کاتێکدا بەکار دێت، ئەگەر هاتوو یەکێك لە کۆمەڵێك دوور بکەوێتەوەو بیانەوێ بانگی بکەنەوە جا یەکێکیان بەوەکانی تر دەڵێ: دەی یەکێکتان ئاوازێکی لێ بکەن بەڵکوو بگەڕێتەوە.

١٧ - کاك ئیسماعیل دەبێژی: کاك (سابیر) دەڵێ: ئاواڵ کراس، ئاوەڵ کراس ، دەرپێی ژنانە. بەڵام، ڕاستی‌یەکەی (ئاوەڵ کراس) بە مانای بن کراس یاخود ژیر کراس دێت.

لێرەدا ئێمەش دەبێژین: لەو سەردەمەی کە ووشەی (ئاوەڵ کراس) بە مانای دەرپێی ژنانە بەکار هێنراوە، هەرگیز (ژیرکراس) لە ئارادا نەبووە، هەرچەندە ئیستاکەش وای پێ‌بڵێن.

بۆ ڕاستی ئەم بۆچوونەش سەیری لاپەرە (٦٧)ی فەرهەنگی (خاڵ)یش بکە کە تیادا هاتووە:

ئاوەڵکراس: بریتی‌یە لە دەرپێی ژن.

١٨ - کاك ئیسماعیل دەبێژی: ووتەی (ئاهـ) مانایەکی تریشی هەیە بێجگە لە دەربڕینی خەم و پەژارە) ئەویش بە مانای (کەمێك) دێت.

لێرەدا ئێمەش دەڵێین: خۆزگا کاك ئیسماعیل بە ووردی سەیری مانای دووەمی ئەم ووشەیەی بکردایە کە تیادا هاتووە بە خوازە بە مانای:

(ماوەی‌و کایەو بوارو مەودایێکی فرەکەم) دێت.

وەلە هەـ ـان کاتیشدا نموونەشمان بۆ هێنایتەوە وەکو و (ئاهێکی مابوو بکەوینە خوارەوە (أي أوشك أن يتهاوى) لە کۆتایی‌دا دووبارە زۆر سوپاسی برای ئازیزو بەڕێزم کاك ئیسماعیل تەنیا ئەکەم، هیوادارم کە هیچ دڵگیر نەبێ. و ئومێدەواریشم ئەگەر جارێکی تر هەر ڕەخنەیەکی لەبەکێکی تر گرت باشتر بچێتە بنج وبنەوانی مەسەلەکە، جا ڕەخنەکەی بگرێت.

Institut kurde de Paris

«ئەو یێ خارێ ب چینیت دێ مرنێ گویشەکەت»

نافع ئاکرەیی

هەبوو نەبوو چو ل خودێ مەزن تر نەبوو چو ل بەندەی درەوین تر نەبوو مروڤەکێ دەولەتمەندو خێرخوازو دەرگەهـ ڤەکری‌و ناندەو سەخی.. نەدڤیا ئێش و ئازارا بدەتە کەسەکی.. تەنانەت بۆ ئاژەل و گیان لەبەرا ژی..

ل دەمێ ب رێی‌دا دچو تەماشای زەوی دکر نەوەك یێ ل سەر گیان لەبەرەکێ دانیت..

روژەکێ دگەل صەیێ خوە چوو ناڤ رەزو باغێت خوەدا دیت کو گورگەکێ بریندارو پێ شکەستی یێ دناڤ دەحلێ رەزی‌دا.. ل لایەکی دیکە ریڤیەك یێ کەتیە سەر پشتێ هەر یێ پێ دکەنیت.. ل دویرقە ژی چیلەکا شەپرزەو نارەحەت راوەستابو..

مروڤەکە زۆر نارەحەت بوو دلێ وی ب گورگی سوت.. هات بچیتە لای گورگی بەلام صەی گوتی:

ـ دێ کێڤە چی مال ئاڤا..؟ تو نزانی گورگی بریندارە.. تە گوهـ ل گوتنێ مەزنا نەبیە کو دبێژن «خو نێزیکی گورگێ دەڤ بخوین نەکە».

مروڤەکەی گوتی: صەوێ ما تۆ نزانی ئەز دێ چم وی دەرمان کەم و من نەڤێت هیچ گیان لەبەرەك ئازارا بکێشیت...!

ریڤی ب قاقایەکا بلند گوتی: ـ دێ چ کەی..؟ لێ گەرێ.. منێ ئێخستیە ڤێ روژا رەش دا..!!

مروڤەکەی گوتی: چەوا تە وەلێکر..؟

ریڤی گوتی: من چێل ڤێرکر قوچەکێ لێ دەت تا وەسا لێ هات..!

مروڤەکەی گوتی: ریڤی، ما تۆ نزانی ڤێلبازی دژی رەوشتێت گیان ل بەرێن چاکە..؟

ریڤی گوتی: کا چاکە.. ما باشی‌و چاکە ل ڤێ دنێ ماینە..؟

مروڤەکەی گوتی: چون نەمایە.. ئەگەر ب دلەکێ پڕ روناهی تەماشای خەلکی‌و دونیای بکەین... نە ب دلەکێ پڕ زاخ و تاری‌و رەش بینی..! ریڤی گوتی: کوڕۆ هەرە.. هەر کەسەك بۆ خویە.. کی بە کێیە..؟!

مروڤەکەی گوتی: ـ ئەگەر هەر کەسەك بۆ خۆ بیت.. دونیا دێ تێك چیت دەبیا هەمو کەسا چەوا بو خوە دڤێت بو خەلکێ دی ژی وەسا بڤێت..!

مروڤەکەی خوە نێزیکی چێلی کرو گوتی: ـ ئەرێ چێلی.. تە بۆ غەدر ل گورگی کر..؟

چێلی گوتی: نە باب و نە من غەدر لێ نەکریە.. بەلکو وی دڤیا غەدرێ ل من بکەت و من بخوت.. بەلێ خودێ خێرا ریڤی بنڤیسیت.. وی ئەز ئاگادار کرم و ئەز ل نیڤا دلێ گورگی تێگەهشتم..!

مروڤەکەی گوتی: ـ ئەڤە ریڤی وەگوتە تە..؟

چێلی گوتی. ـ بەلێ.. بەلێ ریڤی.. حەزکەی ژێ بپرسە..!

مروڤەکەی خوە نێزیکی گورگی کرو گازی کرێ: گورگۆ خو ئارام کە دا بزانم چەوا تە تیمارکەم..

بیە پرەپرا گورگی‌و خوە دپلنا هێرشەکێ بینیتە سەر مروڤەکەی بەلام صەیی خوە دبەرا مروڤەکەی ناو گوتی: ـ

ـ ماتۆ کورە بۆی گورگۆ.. تۆ یێ د بینی مروڤەکە یێ هاتی تە دەرمان کەت.. دێ چەوا چاڤێت خوە پەقینی‌و ئامادەکەی بۆ هێرشێ..؟

گورگی گوتی: ـ من ئومێد ب کەسی نەمایە.. هەمی د گەرێن من بکوژن و من نەهێلن..!

صەی گوتی: ئەگەر مە ڤیابا تە بکوژین.. دا تە ب بەرا کوژین.. خو ئارام کە دا خودانێ مە تە دەرمان کەت.. مروڤەکەی خوە نێزیك کرو برینێت گورگی پاکژ کرن و تیمار کرن و بانگی چێلی‌و ریڤی ژی کرو هەمیا پێکڤە گورگ ماچی کرو.. هەمی ب رێ کەفتن بۆ مالا مروڤەکەی.. بینە برا.. خارنەکا خوش.. جیهەکێ باش بۆ کەیفێ بۆ نڤستنێ.. ب خوشی وەسا تەمەن و ژێی خوە دبرە سەر.

ـ ٢ ـ

هەبام هات هەبام چو مروڤەکە تۆشی نەبونەکا مەزن بوو رەزو باغێت وی سوتن.. دەخل و دان شین نەبوون.. قەسرو خانیێت وی هەرفین.. کۆچکو تەلارێت وی تێکدا چونە خارێ.. چێل و کورگ و صەو ریڤی ل نك مروڤەکەی خرڤەبوون و گوتی: ـ

ئەم چ بکەین..؟

مروڤەکەی گوتی: ـ مالێ دونیایێ هیچ نی‌یە.. قرێژا دەستانە.. دێ هێت و دێ چیت. ئێجا خو شەپرزە نەکەن..!

گورگی گوتی. ریڤێت مە دێ پریچ بن.. مە هیچ نی‌یە بخوین.. ئەم شێت و هار بوین د برسادا..

ریڤی دیلکێ خوە لەقلەقاندو گوتی: ما دێ چ کەین.. دەبیا ئەم رێکەکێ ڤەبینین.. نەوەك ئەم هەمی دێ تێ چین..!!

صەی گوتی: دێ صەبری کێشین و خو راگرین.. دێ هەر دەرگەهەك ڤەبیت.. قابیلە ئەڤ سروشتە هیندە بێ رەحم و مێهرەبانی بیت..

چێلی گوتی: بەلێ.. بەلێ.. خودێ هەر ئەو خودێیە کو رزقێ گورگێ کورە ددەت و کرما دنیڤا کەڤرادا بێ بەش ناکەت ژ رزقێ وێ..

گورگی گوتی: هەتا کەنگی ئەم دێ زکێ خوە گڤشین..؟

مروڤەکەی گوتی: هێزو قووەت و توانا مە یێ هەین و بیرو برواش د گەل هەستیا پاك دێ ب کار ئینین و ئەڤ سروشتە ژی دێ هاری کاریا مە کەت و دێ ب سەر کەڤین و ئەڤ تەنگاڤیە ژی دێ ل مە بوریت..!

ریڤی گوتی: دەبیا هەتا دەرگەهەك ڤەدبیت یەکەك ژمە خوە گوری هەمیا بکەت دا ئەم بشیێن بمینین..!

گورگی گوتی: ب خودێ وەیە.. دێ کا دێ کی خوە کەتە گوری هەمیا...؟

صەی گوتی: چەوا..؟ چەوا.. ئەم هەمی برابێت یەکین... چەوا دلێ مە دێ قەبول کەت یەکێ ژ خوە بخوین..؟

مروڤەکەی گوتی: ئەڤە نە رێیە هنگو دیتی..!!

ریڤی گوتی: بەلێ.. بەلێ پا دێ چ کەین.. کا دێ بێژە...!

چێل ژی دگەل گورگ و ریڤیا بیە هەڤال و گوتی: باشە..!!

مروڤەکەی گوتی: خوە بێهن هەلەی نەکەن.. دەرگەهەك دێ هەر ڤەبیت..

ریڤی گوتی: ما چی‌یە دێ کەینە قورعە.. کی ژمە دەرچو...

دێ وی خوین.. قورعەکر.. نافێ چێلی دەرچو...

چێل خار بەلێ مروڤەکەی گوشتێ چێلی نەخار..

گورگی گوتی: ـ بۆ تۆ ناخوی.. زکێ تە قووە قوڕە ژ برسادا..؟

مروڤەکەی گوتی: ـ چەوا ئەز بشیم گوشتێ برایێ خوە بخوم... نە.. نە ئەز وە ناکەم.

هەیامەکی ب گوشتێ چێلی خوە راگرت پاش برسێ سەرێ خوە درئینا‌و ب زوری گوهێت خوە درئینان ب تایبەتی ل گورگ و ریڤیا.. هەردوو پێکڤە کوم بون و گوتی: دەبیا ئەم صەی بخوین پاشی مروڤەکە یێ ل [illegible]

گورگی گوتی: چەوا دێ شین هەر دووکا ژ یەك کەین.. هەردووك دوو لەشن ب یەك جان..

ریڤی گوتی: تە کار پێ نەبیت.. بۆ وەرە دا بچین.. هەردوو هاتنە لای مروڤەکەی‌و گوتی:

ـ تو دزانی حالێ مە زورێ پەریشانە ژ برسادا.. هیچ دەرگەهیش بومە قەنەبون.. چ بکەین...؟

مروڤەکەی گوتی: سەبری بکێشن... هیچ ئاستەنگ نی‌یە نەگەهنە جیهەکێ خوش هیچ ئەڤرازەك نی‌یە نشیڤیەك هەر یێ ب دیڤە هنگو برادەرەکێ خوە خوار ل مەدا براند.. ئەو بومە هێزو قووەت بو..!!

ریڤی گوتی: نە کاك نە.. ئەگەر هەر ئەم وەسا بمینین دێ مرین ژ برسا..! گورگی گوتی: پا چ بکەین باشە..؟!

ریڤی گوتە مروڤەکەی: تە چیە بو چی‌یە.. ئەگەر بو پاساڤانیی بیت ئەم هەردوو پاسەڤانێ تەینە.. صەیێ پیسە.. ئاینی گوشتێ چێلی حەلال کربو مە خار.. هەر وەسا ئاینی صەیێ پیس و هەرماندی دەبیا ل ناڤ مە نەمینیت ل مە بگەرێ بلا ئەم صەی بخوین..

مروڤەکە زۆر تویرەو شەپرزە بوو گوتی: ئەنگو هەر تشتەکێ یێ خوشبیت رێکەکا ئاینی دێ بو پەیداکەن.. ئایین ل ڤی زەمانەی یێ بیە چەك و کڤان و تیرەك د دەستێ هنگو دا.. هەر چ حەزدکەن ب وی چەکی ژ خو ڤە دکەن یا ب دەست خوە دێخن.. ئەڤ صەبە یێ دگەل من دایی.. یێ دگەل من مەزن بی.. چەوا مروڤ د شێت وازی ژ براو برادەرو رگەزێت خوە بینیت..

گورگی گوتی: برس برادەرێ نزانیت.. ل وی دەمی هەمو چەك بکاردێن بو لادانا برسێ.. دێ ل مە بگەرێ دا ئەم کارێ خوە ب جهـ بینین.

مروڤەکە تویرە بو.. گورگ و ریڤی دەرکرن...

ریڤی گوتی: ـ راوەستە دێ ب رێکەکا دی ڤە چین.. هەر دوو گورگ و ریڤی هاتنە نك صەی‌و گوتی: ـ

ـ صەوو تۆ وەکی مە گوشت خوری‌و ئەم پێکڤە هاولایێ‌نەو گەلەك د برسینە.. بۆ ئەم مروڤەکەی نەخوین و پاشی خوە راگرین تا خودێ دەرگەهەکی بومە ڤەدکەت..!؟

صە زۆر تویرە بوو گوتی: کوڕۆ هوین شەرم ناکەن ما هنگو ژیرو بیر نینە.. ئەو مروڤێ هوین ڤەگرتین.. هوین ژ مرنێ ئازاد کرین چەوا دێ پیلانا بو دانین...!؟

ریڤی گوتی: نە.. نە.. خوە تویرە نەکە.. نارەحەت نەبە..!

صەی گوتی: چەوا نەرەحەت نەبم نە هوین عەقلی بو خودانی ناهێلین..

ریڤی گوتی: کوڕۆ تۆ بو هندە بێ عەقلی.. نهو ئەم یێ ل نك مروڤەکەی دهێن و گوتی هەرن صەی بخون.. بەلێ مە نەڤێت تە بخوین..! صەی خوە ژێ ڤەدافەو گوتی: هوین درەوینن... ئەو برادەرێ منە.. پێکڤە ئەم یێ د مەزن بین ئەو هیچ وەسا نابێژیت..

گورگی گوتی: پا ب خودێ وەیە..!

بەلێ هوین ماوەیەکی بدەنە من دا ئەز بیرەکێ ل ڤی تشتەی بکەم پاشی وەلاما هنگو دێ دەمەڤە..!

ریڤی گوتی: باشە.. پاشی بەلێ خوە گیرۆ نەکەی.. چونکە ئەم زور د برسینە.

صە دەرکەت و گورگ و ریڤی ب جهـ هیشتن و ب لای مروڤەکەی ب رێ کەت ل دەمێ دیتی.. فرمیسك و روندك ب چاڤادا هاتن و گوتی:

ـ ئەرێ ئەزێ وەسا پڕ سوزو وەفامە بوتە.. دگەل تە مەزن بویم چەوا پیلانێ دێ دگەل گورگ و ریڤیا کەی‌و دێ بێژێ هەرن صەی بخون..!

مروڤەکە زۆر تویرەو شەپرزە بوو گوتی:

کەنگێ..! کێ گوتە تە..؟

صەی گوتی: گورگ و ریڤیا گوتە من.. نهو ئەز ل دەڤ وان بوم...

مروڤەکەی گوتی: کوڕۆ هەی بێ عەقل.. نە ئەو هاتنە ئێرەو من دەرکرن..

صەی گوتی: ها.. ها.. ئەڤە یێ پیلانا دگێرن دا مە بێخنە د دەرڤەکا تەنگ دا.. بەلێ چەوا ئەم خوە ل ڤان بێ ئولا خلاس کەین..؟

مروڤەکەی گوتی: تە کار پێ نەبیت... دێ وان یێ پرە ل پیسی‌و زاخا، دەبیا ئەم تشتەکی بکەین کو خائین یەك و دوو بخون..

صەی گوتی: ئەم چ بکەین..؟

مروڤەکەی گوتی: [illegible] کەبرو یەهن کەلین و [illegible] هەزمی هندەك چلو قرشکا دێ ل سەر دانین.. ئەز دێ خوە نەخوش کەم ل وی یەرێ کورکێ.. تو ژی هەرە دەڤ وان ب بێژێ ئەز دێ دگەل هنگو مروڤەکەی خوم.. بەلێ نابیت پێکڤە بین.. دەبیا یەك یەك بچین و ئەگەر گەهیشت هەوارەکێ بکەت دا بێ وی ب هێت.. چونکە ئەگەر هەر یەکەك ژ وان کەتە ناڤ کورکێ دێ هەوارکەت.. هەردوکا پێکڤە کورکەکا کویرو مەزن کولا...

دەڤێ وێ ب قرشکا گرت.. صە چو لای گورگ و ریڤیا..

ریڤی گوتی: ها برادەر تە چ کر..؟

صەی گوتی: دەبیا پێکڤە ئەم مروڤەکەی بخوین.

ریڤی چاڤێ خوە ل گورگی قوچاندو گوتی: دێ رابن دا بچین.

صەی گوتی: نە.. نە وەسا نابیت نهو مروڤەکە یێ هێلای ل دەڤ ریباری.. یێ نەخوشە.. یێ نڤستیە ڤێجا دەبیا یەکی ل مە بچیت خوە نێزیکی وی بکەت و ل دەمێ سەرێ وی ژێ ڤەکەت ب کەتە هەوار ئەم ژی بهێن..

ریڤی گوتی: ئێجا کی ژ مە دێ چیت..؟

گورگی گوتی: ئەز.. ئەز برای هنگو.. مێرخاس و پەهلەوانێ روژێن رەش.. دێ چم..!

صەی گوتی: دێ هەرە..! گورگ چو.. هێدی هێدی خوە پاراستە نك مروڤەکەی ل دەمێ گەهشتیە سەر دەڤێ کورکێ.. کەتە بنی‌و ڤیریەك ژێ

بروانە ل١١

خانەقین

شاری گڕو خەندە

تاریق کارێزی

نازانم لەبەر چی بوو، کە گەیشتمە ئاقارو سنووری ئەم شارە دێرینەمان، هەستی نامۆیی‌و غەریبیم لەگیان دا داماڵا، تا زێتر لە دەورو لە نێوی‌دا دەسووڕامەوە پتر بە دڵم دا رادەچوو، هەڵبەت سروشتی خاك و هەوای هەر زوو ئامێزت دەگرن و کەشێکی خۆش نوودت بۆ دروست دەکەن.

ئەڵوەن و خانەقین وەکو مانگ و خۆر وان بەلام بە نۆرە، ئەگەر شارەکە بە خۆر تێبگەین رووبارەکە دەبێتە مانگی جیهانە شادی هێنەرەکەی، بە پێچەوانەش شار مانگی تابانەی ئەڵوەنە پڕ لە وەنەکەیەتی، یان وا هاتە پێش دڵ و دیدەم کە شار شەمێکەو رەگ و ریشەی داکوتراوی ناخی زەوی‌یەو یەکەم گڕی لە نەفت خانەڕا وەرگرتووەو بە درێژایی چاخ و سەردەمەکان فەنەری رێگای رێبوارانی وێڵ بووی دوای عیشقستانەکان بووەو ئەڵوەنی شۆخ و شۆڕیش پەروانەیەکی پەڕو باڵ کەسکە هەردەم سروودو لاوك ئەڵاوەیسی دەچڕێ بو شەوانی تەنیایی ئەم شارە پەیتا پەیتا فرمێسکەکانی شەمەکەی دەسڕێ‌و دەشواو رامالێ‌و وڵاتی غەریبی‌و دەریاکانی دەکات.

دەنگی هونەر لەم شارەدا پەیامی پیرۆزی ئەڤینەو خەڵکی شاریش بە درێژایی مێژوو چەندین خودا داد عەلی‌یان تێدا هەڵ کەوتووەو چریون، دەنگی رەسەنی کەلەپوورلێرەش دا بەزمی خۆشەویستان گەرم دەکات و شایەرو زورنا ژەن و دەهۆڵ کوت نەیان هێشتووە بووکی شار زویر بێت و بڵێ: کوا سەماو هەڵپەرکێی کاروانی پیرۆزی سەرەو ژوور چووم بەرەو لانەی زێرین؟ جا سەیر نیە کەبیستین: هەر لە خانەقین ئەزیزم تا نەفت خانە

گشتی وەقوربان ئەزیزم ئەو چاوە جوانە

ئەم شارە ناوقەدو ناوەندی‌یە بۆیە پشتێنی لە خۆ پێچاوەو دەروازەیەکەو بە روو ناوچەرگەی میسوپۆتامیا دەڕوانێت لەبەر ئەوەیە کە گرکانەکانی ئەم ناوچەیە لەوێوە را بەرەو رۆژهەڵات تەقیونەتەوەو بە خاکی شاردا گوزەریان کردووە، لافاوەکانی رۆژهەڵاتی دوورو نزیکیش پێشتر لێشاویان دەرگاکانی ئەم شارەی قوراوی دەکردو پێشتر قەلغانەکانی ئەم شارە تیری ئەم دیوو ئەو دیویان گیراوەتەوەو دڵی گڕ گرنووی مەردو جوامێرانی ئەم شارەش پێشتر دەرکیند[illegible] بە خوێن یان رەهایی یان هەر لەسەر رێچکەی کاروان کوژە بە تەمای هەڵ هاتنی خۆر.

شارەکانی وولاتەکەم بەرگەی کارەسات و ناهەمواری دەگرن، نە لە ژێر سمی ئەسپ و نە بە زەبری پۆستاڵ و زنجیری زریدار مەرگی خوێان ئیمزا ناکەن، هەوڵێری دێرین شارێکی تەمەن درێژی مێژووەو ژیان لە نێوی‌دا ئەستێرەیەکی نەمرەو مەرگیش تەنها گەڵا زەردەکانی شار دەناسی، خانەقینیش شارێکە ژیان نێیدا دەژێتەوە نەك ئەو بە ژیان بژێتەوە، ئەمەش هاوکێشەیەکی سەیرە کە لە فەرهەنگی شارە ئاسایی‌یەکان دا پشکەکانی چنگ ناکەون.

ئەیلولی ١٩٨٦

خانەقین

فۆلکلۆر

بەژنوکەی داره داره

جەلال ملاحسن

خوشناو

بەژنوکەی داره داره
داری شیوی (شیخانی)
سەر لکم لی دەبرین
بن کەد دەکەن هەژانی
× × ×

بەژنوکەی داره داره
داری لەسەر جوخینی
سەر لکم لی دەبرین
بن کەد دەکەن هەژینی
× × ×

بەژنوکەی داره داره
داری برندی شیخانی
ئەگەر رۆژی نەت بینم
دڵم دێتە هەژانی
× × ×

بەژنوکەی داره داره
داری شیوی (شەوگیری)
مەمکۆڵەی خر کردینە
وەکو گوێی لەزێری
× × ×

هەداره داره داره
داری سەر جوگەو ئاوە
حەسوودیانت پێ نابم
بیبە میری خوشناوە
× × ×

هەداره داره داره
دار لەداران هەر بردی
روی ئەو مەلایە رەش بی
بەسیخە مارەی کردی
× × ×

هەداره داره داره
داری سەر جوگەی ئاشی
ئەو حەیفانە دەمگوژی
لەگەڵ گولەی وەرداشی
× × ×

بەژنوکەی داره داره
بەژنی داری شەکرانی
سەرلکم لی دەبرین
بن لك دەکا هەژانی
× × ×

هەداره داره داره
داری سەر کانی‌و ئاوە
بن لکم لی دەبرین
سەر لکی دەهەژاوە

هەداره داره داره
داری سەر کەندە شینی
هەرچی یارم بخوازی
خێر لەعەمری نەبینی

فەرهەنگۆك

١ ـ شێخان، شەوگیر: دوو گوندن لە پارێزگای هەولێر
٢ ـ لك. کەد: لق
٣ ـ داری شەکرانی! دار بەرویکی مەزنە نزیکە لە گوندی (مام خاران) لە ناوچەی زرارەتی تەمەنی سەد ساڵ زیاترە. تی‌بینی

دەقی ئەم گۆرانیەم لەزاری (صالح احمد افندی) تومار کردوە کە خەڵکی گوندی (مەلەکان)ە لە ناوچەی خوشناوەتی تەمەنی (٤٠ ساڵە)

پێش کێشە بو دایکا من عیراقا مەزن

گازیەك بو دایکا من

جەعفەر شێخ مەمی

دادێ دادێ
خەما نەخو
ها نێزیکە
وەکی شێرا ئەمهەك ئ‌ذ تەواو بوو
وێ مردای
دەمێ تو دچی سەر بێدەرا
کول و ژانا
خرارێ خو
تو دا دگری
هەمیا پێکڤە
ژ بەرەکی ڤە
هەر نەرادێ
قەد نەرادێ
★ ★ ★

دادێ ادێ
روژا مێرا لێ هاتنە
نارویەمە خار
د مالێ دا
ب سەرەکێ شور و شەرمنە
ژ مێژە دبێژن
سەرێ سەر ژبەر نەئێشن
ما بو چ نە
مێرێ مێر بیت
دەمێ کەتە بن دەستێ
نێ رێکا وی خو کوشتنە
★ ★ ★

دادێ دادێ
چاڤێ منێ ل ئازادیێ
هەر دێ گەرم
دێ پسیارکەم
نارونیمە خار
سپێدێ هەتا دبیتە ئێڤار
دائەڤ دڵێ
منێ هەژار
ماچی کەتن
ئەوێ ئاخا
ل بن پێلاڤا تەناهیێ
یان ئاشتیێ
★ ★ ★

کاروانی خەم

شیعری: پیرەمێرد

شوکور مستەفا لە تورکی‌یەوە کردوویە بە کوردی

بارێکی تاوشت شکێن بە کۆڵەوە، گران،
منداڵێکی ریوەڵەی بەبەرەوە، دەکزایەوە، ناتەوان،
بەژنی نوشتاوە، قژی پەشێوو پەرێشان، تارومار،
دیدە شاهانەکانی خەمگین، پریشك هاویژ،
کەشەنگ، پێ‌پەنی، بە زۆر هەنگاوی هەڵ دێنا.
گیانی، لاوێنی بە فیرۆ چووی گریە باران دەکرد.
کە لە چیاکانی «ناویسکی»یەوە بەرەو «بەشیری‌یە» دادەکشا،
تاوی رادەوستا، کەساسانە ئاوری دەدایەوە،
دەنگوت مالاوایی دەکرد لە وڵاتە وێران کراوەکە،
لە دالدە کەونارەکەی، لە یادگا هی لاوێنی‌یەکەی.
کە «بدلیس»ی بە دوا سەرنج بیژت، خەمگین خەمگین،
کوڵی نالەیێك وەخت بوو گەرووی بدری،
باری گران، کۆپەکەی هەراسان، دەگریا،
خوێناوی لێك هەڵ بران لە هەناوی‌دا کەف چەرین،
ئیدی بە بەریەوە نەمابوو، لەو سەر بەردانە راکشا
بو دامەرکاندنەوەی هالاوی خەم ئاوەروی فرمێسکی بەردا،

بروانە ل ١١

Institut Kurde de Paris

دەرقەت هەیە ئەژی یا خۆ بێژمم؟؟

انور محمد طاهر

جارەکێ برادەرەکێ ئەدەب دوست و قەیرە گۆتە من ئەرێ هەوە نقیسەرا خێرە؟

وەك مێشا هنگفینی تفێن و بقێنا هەوە ل جهەکی‌یە.

من گۆتێ خێرە؟ بێ چەپی چیر مەبەستا خۆ بێژە

- هۆیـن وەخـت و بێ وەخت گاف و جارا سەر لاپـەرێـت گۆڤارو رۆژناما بەحسێ نالبەندی دکەن ئۆ هۆزانێت وی دکەن و سەر دنقیسن و....

من ژی گۆتی خر ابیا ڤێ چیە؟

- من ژی نە گۆتیە خرابە.. بەلێ هەتا نالبەند چۆیە بەر دلۆ ڤانیا خۆدێ گەلەك جارا دکەتە بەر دیـوارو تاقێت مزگەفتا جلکیت پزگۆر لبەر بوون دبیت گەلەك جارا بێ شیف دنفست، کەسێ نە گۆت ئەڤە رەمزو هزرڤانێ کوردانـە دا سەر دەسـتـا دانین و راکەین... نوکە هۆین چ تەمایە دێ پەرێسن.

من ژی ب دەرفەتەکا باش زانـی ئەز تیرو بەرێـت خۆ ل بەرێ [جیل] پێش خۆ تێبگرم و بکەمە گێل و بێل.

- بەلێ ئەڤ بەرێ مەیە نەرخ و بهایێ هۆزانڤان و زانا دزانین نە وەك هەومینە نالبەند دکەتە بەر تاقـاو کەسێ نە دگـۆتـێ مەرحەبا.. ئەو ژی بەد بەختیا نالبـەنـدی بوو کۆ ل ناڤ مللەتەکێ هۆسا دژی. برادەرێ من هەست ب گۆنهێ کرو گۆیا من هاڤێتیە گۆرپانا وی بۆ من زڤراند. گەلەك زیرەکانە.

ئۆ هێدی ب نەرمی گۆت.

- ئەرێ هۆین نەرخ و بهـایێ نقیسـەڤان و هۆنەرمەندێت خۆ بێـت ساخ دگـرن یان هەر زێمارو شینیا بۆ مریا دکەن.

ئەڤ تیرو بەریـت من هاڤهێتینە وی‌و بەرێ وی هەمی بۆ من ز ڤرین و ئەز لال بۆم نەشیام لێڤێ ل لێڤی بدەم، ئۆ شەرمادا خۆهەکا سار ئەنیا من دا.

نەخـێر ئەم ژی هەمـی مللەتێت رۆژهەلاتی پێتر بەس زینـدیـا دمـرینـین و مریـا دپەریسین] ئۆ نمونا مە بۆ ڤێ چەندێ پێش خۆدێ لێ خۆش بووی هۆنـەرمەندی لاو «ئەیاز زاخـولی» بچیتـە بەر دلۆڤـانیا خۆدێ کەسێ جارەکێ نە هات بۆ مە بەحسێ هۆنـەرێ وی بکەت ئۆ چەند فلکلورێ کوردی پێش خستیـەو، پشتی چەنـد رۆژا کەتیە نەخۆشخانا میسلێ.. نزانـم چەنـد کەس چۆنـە سەرەدانـا وی بەلێ کەسێ چ گۆتـار نە نقیسین کۆ پارەیەك پێتـە کۆم کرن دا بچیتـە دەرڤـەی ولاتی ، بەلێ پشتی چاڤێت خۆ دانـاینە سەر ئێك

هەوارو ستـار..؟!! بو گریو فیغـان و رووندکـا بۆ درێژن لسـەر لاپـەرێت رۆژناماو بەلێ دیسـان مخابن کەسێ بەحسی «ئەیازی» نەکر ، ب شیوەیەکی زانستی کا ئیـزافە کریە سەر هۆنـەرێ کوردی؟ بەلێ هەمی گۆتار پێ گۆتن بوون ئاخینکیت سار هلدکێش .

ئەڤا من گۆتی نە مەبەستا من ئەز بێژم هەکە هۆنەرمەندەك یان نقیسەرەك ستێرا وی رێژیا بەحسی نەکـەین ، بەلێ یا مەن دڤێت خۆیا کەم کوردینو.. نە دەمێ نقیسەر یا هۆنەرمەند یێ

ساخ رۆژ گۆنهێت وی بشوین یان هەکـە جارەکێ [خـودێ نەکەت، پێ وی دسەر رێکی‌دا چۆ ئەم دهولا بۆ بوقتین و تلیلیا ڤەدین پیجکـا تەنێ بکـەینـە سیلەکـا رەشی ئۆ هەر بکەینە هەوارو گازی ... هۆ فلا ن نقـیسـەری هۆ گۆت و... ئۆ هۆسا خەلەت بوو.. ڤنجا ببیتە بەنیشتێ دەمێ مە.

بەلێ مەزنا چ بۆ مە نەهێلایە

دەمێ گۆتی «..... مریا یاب دوشاڤە.

دویکە دینە قولەکەم رەی بووە لە سەرا پێل.

٣) "بەو بەو"

بەو بەو بەو بەو بەو بەو خاس لەنجە دیری.
هی‌مان ئیوارە س وەی وەی دەلیل هەنیری
بەو بەو بەو بەو خانمە خاسەکە.
پاو پیلات وەبان دیدە راسەکە.
دەمەکەت قوتوو دیانت قەنە.
دوو لیمو لە ژێر کەتانت بەنە.
دەمەکەت بێرە بینێ لە دەمم.
بەشکم ساکن بێ دلەی پر خەمم.
هەر مالێ گیسگێ خۆم تەنیا گورێ.
ئەکەین وەنەزر چاومەبت نەتۆرێ،
تۆ بمینە وەخێر من وەسلامەت.
دورو یارلایمان کەوتە قیامەت.

تێ بینی : -

● ئەم بەرهـەمە فولکلورێیەم لە مام خەلیل «خەلیل غفور قادر» وەرگرتووە. لە سالی ١٩٢٤ لەدێی «پەلکانە»ی ناوچەی‌ی خانەقین لە دایك بووە، لە تیرەی «دەلۆیـە، لە تەمەنی حەوت سالانەوە مالیان باری کردووە بۆ دێی «کانی ماسی» فەتمـولا بەگ لەو ناوچـەیـە، لە سالی «١٩٦٣»وە بەمـالەوە کۆچـی کردووە بەرەو سلیمـانی، دانیشتـووی گەرەکی چواربـاخـە، پیشەی کرێکارە.

●● سەمەن گول: ئافرەتێکی شۆخ و شەنگی ناوچەی خانەقین بووە.

●●● هەمیدە خانم: ئافرەتێکی ناسکونازدار بووە، ژنـی پیـاوێکی کوردی هەژاری خەلکی دێکـانی دەوری سەرپێـلی زەهـاو بوون. لە سالانی سیە کانا وەك ئەو خەلکە هەژارانەی لەو دیـوەوە لەهـەموو لایەکەوە بۆ وەرزێری ئەهـاتنـە ئەم دیـو لەبەر بێ‌دەرامەتی‌و نزمی باری ئابووریان.

ئەمانیش هاتو نەتە دێکانی ناوچەی خانەقین، لە پاش دوو سال گەراونەتەوە بۆ لای خۆیان. ئەوەی شایـانی باسـە لەو دیـو بە هەمـوو ئافـرەتێـك ئەوتـرێ «فـلان خانم» چ ئافـرەتی هەژاربێ‌و چ دەولەمەند بێ‌و... هتد.

- فەرهەنگوك -

بان: سەر
سەراوی: سەرئاو.
خراو: خراپ.
بەی ئاوا: بەناو ئاوا.
بگریم: بگرم.
چەپەی‌نەی: قامیشەلان.
ئاگر لێ بسـوو: ئاگـری تێ بەربێ شەمـال
لەپەی بوو: شەمالی
لە گەلدا بێ.
رێ تەلا: ئالتوون.
واس کە: بکەرموە.
بیشانوو: بیشەکینێتەوە.
گەرمەسێر: گەرمیان.
لەنیرو لەڤیر: لە قورولیتە
دینە: دیویانە
قوولەکەم: یارەکەم، دەنگسەکەم.
قەنە: شەکرە.
نام: ناو.
وت: وتی
بایك: سینە.
میلگان : دێ.
گیل: سنگ کوتان.
گردی: گرتت.
زیر شەو : ژێر کراس.
کینی : کانی.
بیلا: بلێ.
شەوی شور: کراس شۆر.
رەی بووە: رەت بووە.
خاس: چاك.
دیری: رێکوپێك.
هی‌مان: هێشتا.
هەنیری: ئەنیری.
تەینا: تەنیا.
گورێ: گویرەکە.
بێرە: بینە.

«بەشێوەی کەلهوری»

١) سەمەن گول، ●●

چوومە بان یەك سەراوی.
سەیر دەکەم دانیشتووە یەك باوان خراوی.
پەنجەم ئەژمنیا بەی ئاوا.
دەستم ئەهاورد بەلای خمیاتەی خاوا.
وتم کەمێ ئاوم بەپێم وە دەست و جامت.
ئیسمت سەنگینە نازانم نامت.
وت کەمێ ئاو دەمە پێت وە دەست و وە دل.
ئیسمم سەنگینە نامم سەمەن گول.
وتم هەی سەمەن گولەکەی دەم نوقل و نەوات.
توخوا با شەوێ لە شەوان، بەشکم بگریم مەرام لە لات

وت حەیف کورە هەتیمەکە، هەزاری وەك تۆ وەو داخۆ مەردمن.
مەلهەمم لە زام هیچ کەس نەکەردمن
وتم یارمبی لە خوام گەرمکە مالی باوانت
وە چەپەی نەی بوو.
ئاگر لێ بسوو، شەمال لەپەی بوو.
مالە باوانت وەچەپەی سنگ بوو.
هەر لە میلگانی یەکێ لێت گوم بوو.
چاروکەی سوورت وەراو پیلت بوو.
لەناو شین بەراز گەشت و گیلت بوو.
وت کورە هەتیمەکە ئەرامەکەی نور باوانم.
بەشکم شەوێ لە شەوان، لەلام گردی مەرام،
جا من لە خواوەند عالەم گەرەکمە
هەرچی دوعا کردم، هەمووی درۆ بوو..

٢) "هەمیدە خانم! ●●●

کراسەکەت کەتان ژیر شەوی هەر کەتان.
لە ژیر ئەو شەویە بازارو دوکان.
توخوا جا قەورم هەلکەنن لەرێکەی کینی.
بیلا کەل کەل نازاران پا بنا وەبانی.
هەی شەوی شور مل بەرز ، مل وەتەلاوە.
خۆ تۆ هیچ کەسم نەهێشتی وەرووی دنیاوە.
تو خوا یەخەکەت واس کە،
بیلا شەو کزەی شەمال بیشانوو، یە خەی کەتانت.
بیلا گەرمای گەرمە سێر دەر بچوو لە گیانت.
خو گەرمە سێر خوشە بەفری خال خالە.
توخوا مل بەرز، مل وەتەلاوە.
خۆ هیچ کەسم نەهێشتووە وە رووی دنیاوە.
بەخوا لە قەهرا خوم بکرم لە نیرو لە قیر.
منـی دەکـرد. وای بۆ چووم دوکتۆرێکی رادەسپاردو منی دەدایە دەستی کە ماویـەکی زۆر لێـرەدا دەمێنمـەوە . دوکتـورەکە لەو کاتەدا تەمـاشـایـەکی رێـرەوە تاریکـەکەی دەکـرد دەستم بەپـارانـەوە کرد کە کارێکی وانەکەی لێرەدا بمهێلنەوە. پێـم ووتـن ئامـادەم - ئەگـەر چارەیـەکی تری نەبیت - شتێـك دەهێنا ، نەخێـر سێ‌و زیـاتـریشم پێ‌دەکرا. بەم جورە کاتێکی زۆرم بەسەرا تیپەری..

ئاخـری‌یـەکـەی‌و دوای چاوەرێ‌یـەکی گران چوومـە سەر شانـۆ... بەلام رووەمـەتم ئەوەی خوم نەبـوو گۆرانـیـکـی زۆری بەسەردا هاتبوو پر لە بویەو لۆچ و کوتـومـت هەر وەك ئەوانـەی لە سەرەوە دەمخوێنێ؟ مەترسی‌یەو لەو بەرزایی‌یەوە یەخەی کراسـەکـەم ترازان و کەمانـەکـەم دەرهێنـا. بەدەستێکی لەرزۆکـەوە کەوانـەکـەم خستە سەر ژێ‌کان، جێ پێی خوم خوشکرد ، دەستم پێ‌کرد ئەو بێ‌دەنگی‌یەی خوارەوەم بە هەل زانی لەسەرخۆ دەستم بە ئاوازەکـەی خوم کرد. ئەو ئاوازەی کە رۆژانێکی زووی لەمەو بەر دلم لەگەل خویدا دەیگرتەوە.

کەم کەم دەردەکەوی، کە دەریش
هەوارم...
ئەوە؛ هەر ئەوە تارم،
هوزارم...
هەر ئەوە ئەنجامەکەی..
نەخشاوە لە کامەکەی..

گیانم فیدای نامەکەی
فیدای لیوو نامەکەی!
هەولیر: ١٩٥٨

١ - چامە: قصیدة
٢ - کام: ئارەزوو
٣ - کالا: جل وبەرگ
٤ - گەنجەفە: مزاح
٥ - سەنگ: کێش (گرانی‌و قورسی)
٦ - نیگار: خوشەویست

فولکلور

«سێ هۆرە»

«عەبدول شارباژێری» سلیمانی

ناوەڕۆك و گۆرانیەکانی بەشی یەکەمی لە سەر قەوان بەرێز ئەوەستاون.

سیرەی

نووسینی: فریجیس کارنینی
أحمد محمد أسماعیل
کردوویە بەکوردی
بەشی سێهەم

لە نیـوان دوو دەرگـادا راوەستـابـووین، دەرگـاکان پەردەی ئەستـوریـان پیا دادرابوەوە کە بەرەو شانـۆی سیـرکـەکە دەچـوون. یاریکـەران لە یەکێکانەوە بەراکردن بۆ سەر شانـۆکـە دەچـوون. رووەمـەتیـان هەزار (قیناع)یان پێوە بوو. ویـسـتـم بچـمـە ژوورەوە، بەلام بەرێـوەبـەرەکە ووتی «باشتر وایـە لەبـەر ئەوەی - هیـچ نازانم - لەپێشدا سەرێ لە دولابی مردوان بدەیت...»

لە دەرگـاکـەی ترەوە چووینـە ژوورەوە ، رێرەوێکی تاریك بەرەو ژێر زەمینێك دەیبردین لەم لاو لەو لاوە کونی بچوك بچوك هەبـوون تەنهـا تەمێـکـی تاریکـت لێـوە دەبینـی، هەنـدێ دەسـت وپێ رووگرژ لەو نێوەدا بلاوبوو بوونەوە. ترس دایگرتم نەم دەوێرا تەماشای ناوەوە بکـەم ، بەرێـوەبـەرەکە لە کۆتـایی رێـرەوەکە راوەستاو لەگەل کابـرایـەکـدا کەوتـە گفت و گۆ ، ئاورم لە دەوربەری خۆ دایەوە. بە تەنیشت دیـوارەکـەوە چەند مێزێك ریـز کرابـوون، چەنـد تەرمێکیـان بەسـەرەوە بوو، هی منـال و پیـر هەنـدێکیشی ماویـەکی زۆری بەسـەردا تێپـەری بوو. بۆنـێکی «فـورمـالین» خنکینـەر لەو ناوەدا بلاوبـووەوە، لەولا ترەوە رێـرەوێکی تاریك بەرەو خوارەوە رروو دەچوو...

ئەگەر لێ بم ... ئەوەبەوەکە باس منـی دەکـرد. وای بۆ چووم دوکتۆرێکی رادەسپاردو منی دەدایە دەستی کە ماویـەکی زۆر لێـرەدا دەمێنمـەوە . دوکتـورەکە لەو کاتەدا تەمـاشـایـەکی رێـرەوە تاریکـەکەی دەکـرد دەستم بەپـارانـەوە کرد کە کارێکی وانەکەی لێرەدا بمهێلنەوە. پێـم ووتـن ئامـادەم - ئەگـەر چارەیـەکی تری نەبیت - شتێـك دەهێنا ، نەخێـر سێ‌و زیـاتـریشم پێ‌دەکرا. بەم جورە کاتێکی زۆرم بەسەرا تیپەری..

ئاخـری‌یـەکـەی‌و دوای چاوەرێ‌یـەکی گران چوومـە سەر شانـۆ... بەلام رووەمـەتم ئەوەی خوم نەبـوو گۆرانـیـکـی زۆری بەسەردا هاتبوو پر لە بویەو لۆچ و کوتـومـت هەر وەك ئەوانـەی لە سەرەوە بینیانم . وام لێ هات وەکـو بە تەمـەنی ژیـانم هەر لە سێـرکـا بوو بیتم . هەمـوو کەل و قوژ بـنـێـکـی شارەزا بووم، شەروالێکی گول رەنگیم لەپێدا بوو ، بەشوێنە تاریکەکاندا دەگەرام ، دەست و پێـوەنـدەکـانیش بەدوامەوە بوون فەرش و رایـەخـیـان دادەخست.. چیـە چی نارەزایم گوێ لێ دەبـوو، بەلام نەدەپەرژام بزانم چ دەلێن.

لەپـر تیشکێکی بەهێـزم خرایـە سەر دوا بە دوایا چەپلەیەکی گەرم ئەمجـار بێ‌دەنگی‌یـەکی پر چپـەو فسەفس و چاوەروانی.... لەوێدا بە تەنـیـا راوەسـتـام.. لەژێـر تیشکێکی بەهێـزدا بە هەنگـاوی بێ‌دەنـگ و کپ خوم گەیـانـدە ناوەراست شانـۆکـە . تیشکەکەش دوای من دەکـەوت ... چەنـد جاری بۆ لۆجـەکـانـی سەرەوە داچـەمیم، بە جولانـەوەیـەکی مار ئاسـایی... پەیـژەکـەم گرت، بەخێـرایی پیـا هەلگـزام - وابـە ئاسانی سەردەکـەوتم خوم هەستم پێ‌نەدەکرد - لەو بەرزایی‌یەشـەوە هەر بەرەو بەرزی هەلدەچـووم.. میـزێکیان بۆ بەرز کردمـەوە. دوو پێی میـزەکـەم لەسـەرەوەی پەیژەکە چەسپ کرد، چوومە سەری بەپێوە لەو سەرەوە راوەسـتـام.. سێ کورسـی کەشـیـان یەك لەدوای یەکیان بۆ ناردم ، کاتێ دەچـوومە سەرەوە لە خوارەوە گوێم لە چپەی یاهەلدان و بارەکەلا بوو.

کە گەیشتمە پۆپە ئارەقی شینم وەردا، هەمـوو ماسۆلکەکانم گرژ بوو بوون. تەنم دەلەرزا. وەستام تا پەیژەو کورسی‌یەکان لە جوولە کەوتـن. ئا لەو بێ‌دەنگی‌یـە پر سەرەتـاوە بینیانم . وام لێ هات وەکـو بە تەمـەنی ژیـانم هەر لە سێـرکـا بوو بیتم . هەمـوو کەل و قوژ بـنـێـکـی شارەزا بووم، شەروالێکی گول رەنگیم لەپێدا بوو ، بەشوێنە تاریکەکاندا دەگەرام ، دەست و پێـوەنـدەکـانیش بەدوامەوە بوون فەرش و رایـەخـیـان دادەخست.. چیـە چی نارەزایم گوێ لێ دەبـوو، بەلام نەدەپەرژام بزانم چ دەلێن.

لەپـر تیشکێکی بەهێـزم خرایـە سەر دوا بە دوایا چەپلەیەکی گەرم ئەمجـار بێ‌دەنگی‌یـەکی پر چپـەو فسەفس و چاوەروانی.... لەوێدا بە تەنـیـا راوەسـتـام.. لەژێـر تیشکێکی بەهێـزدا بە هەنگـاوی بێ‌دەنـگ و کپ خوم گەیـانـدە ناوەراست شانـۆکـە . تیشکەکەش دوای من دەکـەوت ... چەنـد جاری بۆ لۆجـەکـانـی سەرەوە داچـەمیم، بە جولانـەوەیـەکی مار ئاسـایی... پەیـژەکـەم گرت، بەخێـرایی پیـا هەلگـزام - وابـە ئاسانی سەردەکـەوتم خوم هەستم پێ‌نەدەکرد - لەو بەرزایی‌یەشـەوە هەر بەرەو بەرزی هەلدەچـووم.. میـزێکیان بۆ بەرز کردمـەوە. دوو پێی میـزەکـەم لەسـەرەوەی پەیژەکە چەسپ کرد، چوومە سەری بەپێوە لەو سەرەوە راوەسـتـام.. سێ کورسـی کەشـیـان یەك لەدوای یەکیان بۆ ناردم ، کاتێ دەچـوومە سەرەوە لە خوارەوە گوێم لە چپەی یاهەلدان و بارەکەلا بوو.

کە گەیشتمە پۆپە ئارەقی شینم وەردا، هەمـوو ماسۆلکەکانم گرژ بوو بوون. تەنم دەلەرزا. وەستام تا پەیژەو کورسی‌یەکان لە جوولە کەوتـن. ئا لەو بێ‌دەنگی‌یـە پر

هیوایەکم بوو

عثمان خواکەرەم: زرنگ

دەستی لەرزۆك، بە پێنـووسی خەم، بۆ یادی هیـوایـەکـم دەنـووسێ... چۆن هیوایەك؟.. لە هیوای بولبول بیۆ گول، پەپوولە بۆ چرا، چاو بۆ رووناکی، بەهار بۆ لالەزار، سەوزە گیـا بۆ باران، لاشـە بۆ گیـان، لیـو بۆ لیـو، فرمـێسـك بۆ سرینی بە دەستی نازدارێـك... هیـوایـەك لەوانە بە تینتـر، بە سۆزتـر، بێ ئارامتـر، کەف و کولی پتـر، بەناسـۆزتر.. هیـوایـەك موسـیـقـای شادیم دەهێنێتـە جۆش، داوی کەمـانی خۆشـیـم دەلەرێـنـێ، گیـانـی پەشۆکاوم دەخاتە سەما!

ئەی شادیم، ئەی شاییم، ئەی زەمـاوەنـدم، ئەی چۆپـیم، ئەی سەیرانم، ئەی تریقەی سەردەمم، ئەی بزەی سەرلێوم، ئەی بریقەی چاوم، تەنـانـەت ئەی قاقـای پێکەنینم.. ئێوەش کزن، ئێوەش زەبـوونن، ئێـوەش ماتن، ئێوەش خامـۆشن، ئێـوەش لێلن، ئێـوە.. ئێوەش دەگرین بۆ ئەو هیوایەم کە لە کیسم چوو کە بۆی دەگریم!..

ئەی دیمەنی ساوای رووەمت خری شیرە خۆر.. تۆ.. ئەی رووی ئافرەتی نازداری شۆخ و شەنگ، ئەی پەری‌یەکەی خەیالی بویژان.. تۆش.. ئەی مرواری خەونی کەوتوو لەسـەر سینـەو گەردنی بلوور... ئەی تافگە.. ئەی مێرگوزار.. ئەی چرا.. ئەی رووناکـی.. ئەی شارانـی رازاوە.. ئەی کۆشـك و تەلاری قەشـەنـگ... ئەی گوممـەزی‌و منـارەی سەربـەرزو گەردن کەش.. ئەی لووتکەی چیا بەفـرینـەکـان لە باوەشی ئاسمـان دا.. ئەی مانگە شەوی زیـوین.. ئێـوەش ئەی ئەستـێرە گەشـەکان.. تۆ ئەی گلۆپ و چل چرای کارەبـا، ئەی جەرگ هەل دری تاریـکی شەوی شەوە زەنگی پەست و نالەبـار.. تۆش، ئەی شەوی شەوە زەنگی تاریك، زۆر جوان و شیرینی ئەو کاتـەی کە دەبیتە پەناو دالدە بۆ بە یەك گەیشتنی دوو دل دار، بێ‌ترس لە چاوی زیـتـی زۆردار.. ئێـوە هەمـووتـان بەو گشـتـە جوانی‌یەتانەوە، بەو گشتە نەرم و نیانی‌یەتانەوە، هەرگیز بە قەد ئەو هیوایەم جوان نین کە لە دەستم چوو.. کە بۆی دەگـریم، هەرگیز ناشتوانی بە بی ئەو دل خۆشم بکەن!

کەواتـە گوێ لە شیـوەنـم بگـرن و، با بلێم.. ئەی دەریـای فرمـێسکی مەنـگ و بێ بن، بە کش وەمـاتی مل بنێ بۆ زەریـای شیوەن. تۆش ئەی جۆگەی خوری فرمێسکی هەنسك.. بە لافاو، بە قلبەزەو، بە پر تاو وەکو شێت، بێ سەرو شوێن، وێلی دەشت و سارا بە..

با تافگـەش بۆ هاوبـەشیی خەمی من لەسەر لووتکەی هەزار بەهەزار خۆی هەل بداتە خوار.. لاشـەو ئەنـدامی هەپـروون بە هەپـروون بێت. با بولبولی خۆش ئاواز بۆ ماتەمیی من خۆی بەندی قەفـەس کات، بە چریکەو سەدا بداتـە قولپی گریـان. با کەوی چاوەرش بۆپـەژارەیـی من کلی چاوی هەل وە رێنێ، بە قاسپـە شیوەنی بەر پاکات. با تالی کەمان بۆم بزریکێنێ... با ئاسمان بۆ من لیـلایـی دابێ، فرمێسکی باران بەرچاوی بگرێ!

با لە شین و شەپۆرو واویلای ئەمانە هەموویان.. کاریگەرتر، بە سۆزتر، جەرگ بڕ تر دایکێك وەکو ئەو کاتەی کە بە زۆر کۆرپەکەی لە باوەش هەل دەپرووسکینن. با تەنها دلۆپێك فرمێسکی سویرم بۆ برێژێ

با هەمـوویان هاوبەشی خەمم بن بۆ ئەو هیوایەی کە لە دەستم چوو.. کە بۆی دەگریم!

«هیوای ئاسوودەییم!!».

Institut kurde de Paris

• لەپێناوی ژاڵ بوون بە سەر دڵگەردکیشان دا.

«دەمە تەقێو ووتوویژی نێوان ژن و مێردێك»

ژن ئالقەکانی دووکەڵی جگەرەکەی وەك پەتێك لە دەوری ملم دە ئالێن و خەریکن بم خنکێنن ئەوەندە دەکۆکم تا هەر دوو جاووم سوور هەڵدە گەڕێن و خەریکن دەر پەڕن ئەویش بەدەم زەردەخەنەوە سەیری ئالقەکانی دووکەڵەکە دەکا تا کۆکەم زیاتر بێ ئەویش پتر پێم پێ دەکەنێو بەدەم پێکەنینەوە دەڵێ: «ئافرەت ئەوە تۆ کەی لە گەڵ ئەم دۆکەڵە رادنیت؟ تۆ نازانی ئەمەیان بۆ کردنەوەی دەرگا داخراوەکانی قاتی سەرەوە - دەستێك بۆ سەری ئەبات - دروست کردەوە؟ منیش ئەوەندەی تر شێت گیر دەبم و دەقیژێنم وچیم بیستوە لە زیانەکانی جگەرەی بۆ هەڵدەڕێژم: «بڵاوی دەمرێت» وا دێوەزمەی شێر پەنجە بە سەر سیەکانتەوە دیارە» منالەکان بە هەتیوی و منیش بە بیوەژنی بەجێ دێڵیت» کەچی بێ ئەوەی خۆی تێك بدا وەرامم ئەداتەوە: «ئەگەر وابو وەتۆش بۆت کرا شووبکەیتەوە هیوادارم مێردەکەت جگەرەکێش نەبێ و ئەم مقەستەی بەرنەدەیت» منیش لە وەڵامدا پێی دەڵێم:

چی؟! جارێکی تر جگەرە هەڵم خەڵەتێنێ؟ ڕاستە من لە سەرەتایی ژیان مان دا بە دەستە خۆشکەکانم دەووت: تۆ سەیری لاو جگەرەکەی کەن چەندی لێ جوانە. هەر منیش بووم دووکەڵەکەم هەڵدەمژی و لە عەتری «پاریس» لام بۆن خۆشتر بوو. بەڵام ئێستا بۆم دەرکەوتوە کە شووم بە تەپڵە جگەرەیەکی دوو قاچ کردووە. بۆکەنی دووکەڵ هەمیشە لەگەڵە...

ئەو ڕۆژە کە مێردەکەم تووشی ئاوسانی سیەکان بوو پزیشك ئەو لەعنەتیەی لێ قەدەغە کرد منیش هەستام زۆر شتم بۆ ئامادە کرد کە جێی جگەرەی بۆ بگرێتەوە.. چەرمس - شیرینی.. وەپاکەت و شقارتەکەم لێ شاردەوە هەرکاتێك داوای دەکردن هەزارو یەك درۆی «سپی» م بۆ هەڵبەست. تەنانەت جارێکیان پێم ووت «ئیمرۆ جگەرە لە بازارا نەمکاو چونکە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە پێناوی ژاڵ بوون بە سەر ئەم خوو خراپەدا بریاری داوە کە دەبێت لە هەموو حەفتەیەك دا ڕۆژێك جگەرە نەفرۆشرێ» ئەوەندەی نەبردکەلە جێگا هەڵسایەوەو دووبارە خۆی گەیاندەوە پاکەتەکەی و تیر وپر ماچی کرد ئینجا ڕووی تێ کردم و وتی:

«ئافرەت باشتر وایە لە گەڵیا رابێیت چونکە من لە مە خوشەویستترم نییەو ئەگەر زۆریش نارازی بیت ئەوا دەم خەیتە سەر دووریانێکی سەخت کە ئەنجامەکەیم لێ ڕوون نییە

صالح محمد عبدالفتاح

«با لە پێناوی خزمەتگوزاری گشتیدا تێبکۆشین»

دڵشاد ایوب

فێربوون یەکێکە لەو مەرجە هەرە گرنگانەی کە ژیانی ئەمرو پێویستی پێی هەیە. ژیان بەبێ فێربون و کارکردنی نوێو دۆزینەوەی ڕێگای نوێ بۆ ژیان ناتوانی دەوری کاریگەرانەی خۆی بگێڕێ. ئەو کۆرو کۆمەڵانەی کە بایەخ بە فێربون و زانستی نوێو شارسانیتی ئەمرۆ نادەن هەمیشە لەناو ژیانێکی تارێکی سەرگێراوا ئەمێننەوەو دەرناچن.

فێربوون مەرجی هەرە گەورەی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵێکە لە نوسینی پێتێکی سەرەتاییەوە تا دۆزینەوەی وزەی ئەتۆم و بەکار هێنانی ئەم هەموو وزەی هاتوانەی روی ئەم گەردونە ئەمانە هەموو بەفێربون دائەنرێن. دەرگای خوێندن و فێربون بۆ هەموو خوێندکارو فێرکارێك کراوەیەو ئەرکەسەی بیەوێ شتی نوێو بەکار هێنانی چەرخی بیشەسازیو بەشداری ئەرکی پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵەکەی بکا ماوەی لە بەردەمدا فراوانەو خەڵکیش بەرێزەوە سەرنجی ئەدەن و شانازی پێوە ئەکەن.

ئەو کەسانەی کارەبایان دۆزیەوەو بێ تەلیان راکێشایە مەیدانی خزمەتگوزاری ئادەمیزادو ئاگرو ئاسنیان دەستە مۆکرد بۆ هاتوچۆ کردنی روی زەویو ئاسمانی خۆیان و ساردیان گەرم کردو گەرمیان کرد بە ساردو بەرپەرچی دەسەڵاتە دژوارەکانی سروشتیان دایەوە ئەمانە تێکرا مروڤ بون وەکو من و تۆ.

بروانە ل١١

«بەیبوون» أقحوان - قرەقۆز

ناوی زانیاری:

لە خێزانی: ئاوێتەکانە

لە بەناو بانگترین ئەو گوڵانەیە کە لە زستاندا بە زۆری لە باخچەکانی عێراقدا دەنێژرێ، گوڵەکانی تا بڵێی جوانە بەڵام بۆنی خۆش نیە قەدەکەی بە بەرزی ٣٠ - ٥٠سم بەرز دەبێتە وگوڵێکی ئەستوورەو پەڕەکانی لە شێوەی کەوچك دایە قەبارەیان گەورەیەو زەردو پرتەقاڵین بە پەلە دێنە گوڵ گرتن و ماوەیەکی زۆر بە بەردەوامی گوڵی پێوە دەمێنی بە گوڵی تازە بگری.

گوڵەکانی یا تاکن وەیا جووتن، بەڵام جووتەکانیان چاك نین و ئەوەندە جەژڵیکراو نین.

لە بە ناوبانگترین جۆرەکانی گوڵی بەیبوون جۆری کە ڕەنگی گوڵەکانی پرتەقاڵیە. هەروەها جۆری کە ڕەنگی گوڵەکانی زەردە.

کاتی چاندنی: گوڵە بەیبوون لە پایزدا بە هۆی توۆمکەیەوە یەکسەر لە ناو خاکی هەمیشەیی و لە گوڵدا دەنێژری، پاشان سووك دەکرێتەوەو زیادەکەی دەگوێزرێتەوە بۆ جێگایەکیتر بە مەرجێ کە ماوەی دووری نێوان هەر دو شتڵ لە ٣٠ - ٣٥سم کەمتر نەبێت.

خاك: ئەم گوڵە، گوڵێکی یەکجار ئازایەو بە پەلە زیاد دەکات و لە زۆربەی جۆرەکانیخاکدا سەرکەووتووە وگوڵێکی زۆر دەگرێت، بە تایبەتی گەر تۆزی خزمەت بکرێ..

گوڵەکانی بۆ کردنەوەو ناو گوڵدان دەس ئەدەن چونکە بۆ ماوەی هەفتەیەك زیاتر لە ئاودا دەمێنێتەوەو ووشك نابنەوە.

لە وەسفی گوڵدا مامۆستا دڵزار دەڵێ:

مافووری سەوزی هەردان (گوڵ) گوڵ)ە

(گوڵ)شەن بەجارێ، پڕ لە بوولبووڵە.

«گوڵە ئەستەری چینی» استر الصین

ئەم گوڵە خوشکی دوادیەو، هەر لە داودی دەچێ، وە لە هەمان خێزانە.. یەکێکە لە جوانترین گوڵەکانی ڕۆژهەڵات. جۆری کێوی ئەم گوڵە لە وڵاتی ڕەسەن خۆیدا گوڵەکانی تاك و سپیەو بەرزیەکەی ٦٠ سم دەبێت، بەڵام لەگەڵ تێپەڕ بوونی ساڵدا ئەم ڕووەکە لەسەر دەستی پەروردەکەرو زانیاری ڕووەك زان ئەوەندە گرنگی پێدرا تاکو چەندەها جۆرو شێوەی تازەی لێبەدەس هات ئەویش بە هۆی هەڵبژاردنەوە (الانتخاب) لە بابەت بەرزیو سروشتی گەشەکردن و شێوەو قەبارە، [illegible]

تازەی لێبەدەس هاتووە تاکو ئەتوانین بڵێن کە گوڵی ڕەش و پرتەقاڵی لێ بەدەس هاتووەو پەیدابووە...

بۆیە. ئەم گوڵە وای لی هاتووە کە لە زۆربەی شوێنەکانی جیهاندا بڵاو بووەتەوە، هەر وەکو ماوەی دوانزە ساڵێك دەبێ کە لە عێراقدا دەنێژرێو سەرکەوتووە دڵگیرە.

پێناسی ئەم ڕووەکە:

ناوی: ئەستەری چینی، ئەستەری وەرزی، ئەستەری مرواری ناوە ئینگلیزیەکەی: بەرانبەری هەمان ناوی پێشووە

وڵاتی ڕەسەنی: چین و یابان.

لە خێزانی: ئاوێتەکانە

ڕەگەز: بە واتایی (تاجی جوان)

ئیشارەتە چونکە لە تاجی سەر میوە دەچێ.

جۆری چینی: ئیشارەتە بۆ وڵاتی ڕەسەنی ئەم گوڵە.

جۆرەکانی: یەکجار زۆرن بەناوبانگترینیان.

ا - شازادە

ب - شەوخ و جوان

ج - پەری نەعامە

وەسفی ڕووەکی: گیایەکی وەرزیەو ڕاستەو ڕاست گەشە دەکات، لق و پۆپی زۆرە، کۆمەڵەی ڕەگەکەی نزیك بە ڕووی خاکەوەیە.

گەڵاکانی بە گوێزەی خۆی گەورەیەو هێلکەییو دان دارە.

گوڵەکانی: لە لقە ناسەرەکییەکانەوە بە گەڵی شێوە دەردەچن و قەبارەیان لە یەك دەچێ، نیوەتیرەی هەر گوڵی لە هەندی جۆریدا دەگاتە ١٢ سم. ڕەنگی گوڵەکانیشی یەکجار زۆرن و بەربڵاون لەوانە، سپی، زەردی کەرەیی، شین، ئەرخوانی، وەونەوشەیی، سووریخوێنین، مێخەکی، پەمەیی، سووری ئاسایی..

هەندێ جۆریش هەیە کە ناوەڕاستی گوڵەکەی پەلەیەکی قوێچەیە زەردی تێدایە.. هەندی جۆری گەڵەکانی تاکە (قابل) هەیەتکە [illegible] ناهەرفی [illegible]

جووتە (قطمر) پێویستییەکانی چاندنی

خاك: حەز لە خاکی سووك و تێکەڵاو دەکات کە بە پەینی زیندە مادە (مواد عضویة) دەوڵەمەند بێت هەر لەو جۆرە خاکەش بە باشی گەشە دەکات چاکتر وایە سەرەوەی خاکەکەی بە چینی سووکی بیتموس دابپۆشرێت تاکو پارێزگاری لەشێکەی بکات لە بەر ئەوەی ڕەگەکەی نزیك خاکە.

گەرمی: حەز لە ئاووهەوای نیوەگەرم دەکات و ئەم گوڵە بە چاکی بەرگەی ساردی دەگرێ.

تیشك: حەز لەبەر هەتاو دەکات و لەبەر سێبەری سووك سەرکەوتوو دەبێت.

ئاودان: پێویستی بە ئاودانی زۆرو ڕێك و پێك هەیە.

کاتی چاندنی: توۆمکەی لە پایزدا لە ئینجانەی بچووکدا دەنێژرێ.. ئینجا دەگوێزرێتەوە بۆ ئینجانەی گەورە یا بۆ خاکی هەمیشەیی.. هەروەها ئەتوانرێ یەکسەر لە گوڵی گوڵدا بنێژرێ.

دووری چاندنی: هەر ڕووەکی لەوی ترەوە ٣٠ - ٥٠ سم دەبێت دوور بێت بە گوێزەی جۆرەکانی.

کاتیگوڵ گرتنی: ماوەی گوڵ گرتنی لە کۆتایی نیسانەوە تاکو کۆتایی هاوینە. بۆ ئەوەی گوڵی گەورەمان دەس کەوێ چاکتر وایە چرۆ گوڵەکانی هەندێ کەم کرێتەوەو ژمارەیەکی کەمی بهێڵرێتەوە.

ئەستەر لە زمانی گوڵاندا:

گوڵە ئەستەری سپی دەڵی من نیشانەی ئەوەم (بەبینینت دڵشادم) گوڵە سوورەکانی دەڵێن (خۆشەویستیم لە سەرووی خۆشەویستی تۆوەیە) بەڵام گوڵە جووتەکانی دەڵێن (من بەشداری هەست و ئەستت دەبم).

گرنگی ئەم ڕووەکە:

جۆرە کورتەکانی ئەستەر بۆ چاندنی گۆڵی گوڵ و باخچەی ناو پەنجەرە بەکار دەهێنرێ.. بەڵام جۆرە ناوەندو درێژەکانی گوڵەکانیان بۆ [illegible]

مەبەستی بازرگانیو کردنەوەو ناو گوڵدان بەکار دەهێنرێ چاکتر وایە ئەو گوڵانەی کە بۆ ناو گوڵدان بەکار دەهێنرێ.

گەڵاکانی لای خوارەوەی لقەکەی لێبکرێتەوە.. کۆتایی قەدەکەی شەق بکرێت، هەموو ڕۆژی ئاوەکەشی بگۆڕێت.

بەم جۆرە ئەتوانرێ بۆ ماوەی دە ڕۆژ گوڵەکەی بمێنیتەوە..

سەلاحەدین سالەح مەجید

(پیشەسازی خوری ئاژەڵ لە کوردەواریدا)

(رفیق عبدالرحمن)

بێگومان پیشەسازی مانای ئامادەکردنی شت و مەکی دروست کراوە بۆ پێویستی ئادەمیزاد لە ژیانیدا. بێگومان شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپا کاریکی گرنگی کردە سەر وڵاتان بۆ ئەوە بەخێرایی کەوتنە پێش برکێ لە نێوان خۆیاندا بۆچێ کردنیو ئامادەکردنیو مسۆگەرکردنی کەرەسەی خاو. بەڵام پیشەسازی بەدەستییەکان و کۆنەکان هەر وەکو خۆیان ماونەوەو نەفەوتاون.

نەتەوەی کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کە پیشە سازییان لە ئاودا بڵاوەو زۆرە، والێردا بایەخی ئاژەڵ و خوریو مووەکەی وبایەخی پیشە سازییە ئامادەکراوەکان لێی دەخەمە پێش چاو!

لە هەمووکەس ئاشکراو ڕوونەکەنەتەوەی کورد ئاژەڵ و پەلەوەر بەخێو دەکاو زۆربەیان ژیان و گوزەرانیان لەسەر ئەم ئاژەڵداریەیە. ئاژەڵ لە ناو کوردەواریدا زۆربایەخی پێ دراوە تەنانەت بەیەکێك لەسەرچاوەکانی ژیان دەژمێرێت و دادەنرێت. هەر لەبەر ئەمەش لە ناو کوردەواری خۆماندا بایەخ دراوەتە ئاژەڵ و بەخێوکردنیو سوود وەرگرتن لە خوریو موو پێست و شیرو بەرهەمەکانی کە زۆربەی بەرهەمەکانی بۆ ئامادەکردنی کەرەسەی خاوی پیشەسازیو پێویستی تری ژیان بەکار دەهێنرێن خوریو موو وپێستی مەڕی کوردی باشترین خوریە لە پیشەسازی فەروەو مافوورو لبارو فەرەنجیو گۆردویو سەرجل) چونکە خوری یەکی بەپێزو باشە.

بایەخی خوریو مووو پیشە سازییەکانی -

خوریو مووی مەڕی کوردی لە زۆرکۆنەوە سوودی لێبینراوە بۆ دروست کردن و ئامادەکردنی لەپیشەسازی (مافوورو بەرە وچاجم و پە ستك و فەر ودورایەخیتر)وە هەندێ شتیتر کە جۆڵاکان دەیکەن وەکو (بەرو چاجم و بەرمال) سەرە ڕای ئەمانەش ژنان لە ماڵ وە خەریکی دروستکردنی هەندێ پێویستی تربوون وەك (گوریس و بەرماڵ و گۆرەوی چنین و پۆزووی ڕانك و جۆغەو) کە لە ماڵەوە بەدەست دەچنران و دروست دەکران.

بێجگە لەم هەموو سورانەو پیشەدەستییانە هەروەها لە پیشەسازی دروست کردنی (لبادو کە پەنك و کۆڵەباڵ و سەرکڵاو پەستەك) کە بۆ جل و بەرگی شوانیو ڕایەخی ناوماڵ بە کاردەهێنرێت، وە وەستاکان (کارگە چیەکان)٠ دەستێکی باڵایان هەیە لەبەکاربردن و جێبەجێ کردنی ئەم جۆرەپیشە سازییە، بۆیە لێرەدا وام بە باش زانی ئاورێك لەم سامانە کە لە پورەگەورەیەبدەمەو کورتەیەك باسی ئەم پیشە سازییە بکەم.

ئەم پیشەسازییە لە ناوچە شاخاویو ساردەکان زۆربڵاوەو باوی هەیە چونکە لەم شوێنانە لە شەودا زۆر ساردن بۆ شوانەکان بەکاری دێنن و بۆ ماڵەوەش لباد باشترین ڕایەخ لە سەرماو سۆڵەی زستان بەرگری دەکات و گەرمە وەلە ساڵانی (١٩٣٠ تاکو ١٩٦٠) ئەم کارگەچییانە لە کوردستان ناویان هەبوو بەتایبەتی لە شاری سلێمانی ئەمانەش وەك (حمەزاریو وڵاغلویو وەستا حسێنی شارە ستێنیو مامە عەبەو شێخ محیالدینی سابڵاخیو وەستا محمدی سنەییو مامە ئەحمەی تارانیو شێخ عەوڵای کەرکووکی) بوون.. بەڵام بە داخەوە ئەم جۆرە پیشەسازییە گرنگە خەریکە نامێنێت و لەناو بچێت وەکو من ئاگام لێی بێ لە شاری سلێمانی تەنها ئەم کارگەچییانە ئەم پیشەسازی یە بەڕێوە دەبن ئەمانیش: (وەستا ئەورەحمانیو وڵاغلوویو مامە عەبەی سەرشەقام لە سلێمانیو شێخ محیدینی مەجید بەگ و حمەبۆری بانەو لالە ئەحمەدی سابڵاخی).

کارگەکەش کە ئەم پیشەسازییە تیادا بەڕێوەدەچێت بەگشتی لەم بەشانە پێك هاتووە: -

- یەکەمیان: -

عەمار: -

ئەمیش پێك هاتووە لە ژوورێکی گەورە درێژییەکەی ٨ مەترو پانی ٦ مەترو بەرزی ٣ مەترە، خوریەکە کە ئامادەیە وەکو کەرەسەیەکی خاو لێرەدا ڕادە نرێت.

دووەمیان: -

ژووری هەلاجی (شیکردنەوە)ی خوریەکە: -

ئەمیش کە ژوورێکی گەورە پێك هاتووە درێژییەکەی ٦ مەترو پانی ٤ مەترو بەرزی ٣ مەترەو، خوریەکە لەم ژورەدا لەلایەن دووشاگردەوە شیدەکرێتەوە.

ژووری چیخ کوتان (ژووری ئامادەکردن): -

ژوورێکی گەورەی فراوانە درێژیو پانیو بەرزی وەك ژووری دووەم، وایە لێرە خوریە دەکرێتە پارچەیەکی ئامادەکراو بۆ کارکردن.

چوارەمیان: -

وری سوانەوە (ژووری دروست کرن): -

ئەم ژوورەش ژوورێکی گەورەیە درێژی ٦ مەترو پانی ٣ مەترو بەرزی ٣ مەترە لێرەدا لەلایەن دوو وەستای لێهاتووەو کارەکە جێبەجێ دەکەن ئەو شتەی بیانەوێ دروستی دەکەن وەك: (لبادو فەرەنجی)و هەر لەم ژورەشدا کۆتایی بەکارەکە دێت کە ڕەسەخاوە کە دەبێتە کەرەسەیەکی دروست کراوی ئامادەکراو بۆبەکارهێنان.

کەرەسەو کەل و پەلی پێویست بۆ ئەم پیشەسازییە: -

کەرەسەو کەل و پەلی پێویست ئەمانەن (خوری بەرگن)و چیخ و سابوونی کوڵێنراو) لەگەڵ کاربەرانی کارگەکە کە لەمانە پێك هاتوون (دوو وەستاو ٦ شاگرد) پێویستە لەگەڵ چوار ژوورو حەوشەیەکی فراوان کە ڕۆژی بەزۆری لێی بدا بۆ ووشك بوونەوەی کەرەسە تەرە دروست کراوەکان.

(ڕێگای کارکردن)

قۆناغی یەکەم: -

خوریەکە لە ژووری عەمبار بە فەردە دەهێنن بۆ ژووری هەلاجی (شیکردنەوە)(و لەوێ خوریەکە هەڵدەڕێژن و بە کۆمەڵ دایدەنێن لە دوایدا شاگردێك دادە نیشێت و ئامێری هەلاجی هەڵدەگرێت کە بریتیە (لەچەك و کەوان).

چەك: -

بریتیە لە کوتەکێك کە لەدار دروست دەکرێت و دەسکێکی هەیەو زۆرسوکە دەتوانرێت بەیەك دەست بەرز بکرێتەوەو، ئەم کوتەکە بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێت کەلەکەوانەکە دەدرێت و خوریە کەشی دەکاتەوە.

کەوان: -

ئەمیش وەکوو کەوانی جەنگی کۆت کەیتری پێ دەهاویژرا وایە، پێك هاتووە لە دارێکی درێژو سەرێکی وەکو بێژنگ تەختەی پێوەیەو ژێیەکێش کە هەردوو سەرەکەی بەیەك دەگەیەنێت و بەپتەوی پێوەی بەستراوە. کاتێك کە خوریەکە دادەنرێت و بە کوتەکەکە (چەك) دەدرێت لە ژێیەکەو ژیەکە دەلەرێتەوە لەناو خوریەکەداو شیدەکاتەوە.

ئەم دوو شاگردە تەنها فرمانیان شیکردنەوەی خوریە پاش ئەوەی خوریەکە جوان شیکرایەوە دەبرێتە ژووری سیەم.

قۆناغی دووەم: -

لەم قۆناغەشدا خوریە شیکراوەکە لە ژووری دووەم (ژووری هەلاجی) دەهێننە ژووری سیەم (ژووری چیخ کوتان) لێرەدا چیخێك دادەنرێت و ڕادە خرێت کە درێژی نزیکەی ٦ مەترو پانی ٤ مەترە ئینجا بە باشی چیخەکە تەڕ دەکرێت بۆ ئەوەی خوریەکە بگرێت پاشان خوریە شیکراوەکە دێنن لە سەرچیخەکە بڵاویدەکەنەوە بە شەنە وەکوو چەتاڵ وایە بۆ جاری دووەم کەمێك ئاوی لێدە پڕژمێرێت ئینجا چیخەکە لوول دەکرێت بە خوریەکەی ناویو بە پەتێك (حەبل) بە باشیو توند دەبەسترێت دوایی بە سێ شاگردی بە توانا چیخەکە دەکوتن بۆ خوریەکە وەکو پارچەیەکی خاو یەکبگرێت، مروڤ کە دەچێتە لایان دیمەنێکی جوان دەبینێت کە مۆرکی کوردەواری پێوە دیارە ئەویش ئەم شاگردانە بە گۆرانیو حەیران و قسەی نەستەقی خۆش چیخەکە دەکوتن بەیەك قاچ بۆ ماوەی (١) سەعات (کاتژمێر)، لە دوایی داچیخەکە دەکەنەوەو خوریەکەی ناوی دەبێتە پارچەیەکی خاوی نەرم کە بۆ کارکردنی قۆناغی سیەم بشێت ئینجا خوریە جاوەکە (پارچە خاوەکە) دەبرێتە ژووری چوارەم.

قۆناغی سیەم: -

لێرەشدا پارچە خاوەکە دێتە بەردەم وەستا، وەستاش بە سابوونی کوڵێنراوی لایە بۆ ئەوەی لە پارچەکەی بدات (سابونی کوڵێنراو: - ئەمیش سابوون دەهێنن ووردی دەکەن و لە ئاودا بە باشی دەیکوڵێنن کە ئاوەکە ئاگرێکی بەتینی لەژێردایە پاشان بە دارێك تێکی دەدەن بۆ ئەوە سابوونەکە لە ئاوەکەدا بتوێتەوە پاشان لەسەر ئاگرەکە دایدەگرن تاسارد دەبێتەوە ئەوسا وەکو محەلەبی لێدێت، دوای ئەوەی کە وەستا بە شێوەیەکی ڕێك وپێك کەرەسەخاوەکەی ڕێك خست ئینجا دێنێت بە سابوون تەڕی دەکات پاشان بە شان و قۆڵی بەهێزی لە پارچەکە دەدات تاکو بەباشی دەسوڕێتەوەو یەك دەگرێت ئەم سونەوەیەش یەك ڕۆژی تەواوی دەوێت جارو باریش وەستاکەیتر یارمەتی دەدات تاکو بە چاکی دەبێتە کەرەسەیەکی دروست کراو پاش تەواوبوون دەبێنن کەرەسە [illegible] دروست کراوەکە لە حەوشەکەی کە باسمان کرد هەڵدەخەن بۆ ئەوە تەڕیەکەی بەباشی ووشك بێتەوە پاش ووشك بوونەوە ئامادە دەبێت بۆ بەکارهێنان و بەم شێوەیە ئەم پیشەسازییە دەڕوات بەڕێوە.

ئیتر ئومێدەوارم ئەم جۆرە پیشەسازییە هەر بمێنێت و نەگاتە ئاکامی فەوتان و هیواداریشم ئەو کەسانەی چەك و کەوان یاخود هەر کەل و پەلێکی ئەم پیشەسازییەیان هەیە نەیفەوتێنن و بیهێنن بۆ مۆزەخانەی فۆلکلۆری لە سلێمانی یاخود مۆزەخانەکانیتری شارەکانی کوردستان.

Institut kurde de Paris

• سەلیمی بایزی و.

زایەڵەی دەنگێکی زوڵاڵی حەیرانی کوردی •

نووسینی: • حەمە ئەحمەد جاف •

باو باپیرانی سەردەمی کۆن تا دەگاتە سەرەتای سەدەی بیستەم، پتر لە ئێمە بایەخیان بە گۆرانیو سازی مەقام وحەیرانی کوردوەاری داوە. کاتێکی زۆریش لە تەمەنیان دابڕیوە. ئەگەرچی لەبەر باری دواکەوتووی خوێندن و خوێندەواری هیچی وای تۆمار کراومان لەبەر باری دواکەوتووی خوێندن و خوێندەواری هیچیوای تۆمار کراومان لە بەر دەستتا نییە. لەگەڵ ئەومش دا دەتوانین بڵێین: ئەوان پتر بایەخیان پێداوە. نەك لەبەر بزووتنەوەی هەستی نەتەوەیی، بەڵکو زیاتر لە بەر ئەوەی بۆ شاییەکی گەورەو زۆر لە ڕۆژگاری تەمەنیان دا هەبووە، پری بکەنەوە. بۆیە زۆرتر نەپرژاونەتە سەر ئەم هونەرە بو زیاتر گەشە کردن و پەرەپێدانی، هەندێکیش لەو «گۆرانیو بەستەو مەقام و حەیرانە» لە بەرامبەری ڕۆژگاردا وەستاون و نەفەوتاون و هەتا ئێستاش دەنگ و سەدایان پەردەی تەنگی گوێیان دەلەرێنێتەوە، بێ گومان ئامرازو ئاوازی حەیرانی ڕەسەنی کوردی، لە بەر بێ خاوەنی؛ بەتاڵان ڕۆیشتووە.

کوردیش وەکو هەموو گەلانی تری گێتی، دەنگ و سەداو گۆرانیو بەستەو مەقام و حەیرانی خۆی هەیە؛ ئەم حەیرانەش زۆر چێژو سەلیقەو هەڵبژاردنی لایەنەکانی جوانی لەلای ئەتەوەی کورد دەردەخات.. ئاخ و حەسرەت، ئاوات و خواستەکانی ناخی دەکاتە (دەنگ)و دەیدا بە پەردەی گوێی مرۆڤ دا.

یەکێك لەو حەیران بێژە دێرینانەش حەیرانبێژی دەنگو سەدا خۆش (سەلیمی بایزی)یە..

ناوی تەواوی (سەلیم) کوڕی (بایزی بێ گەلاسیە)وە بە [سەلیمی بایزی] ناوبانگی دەرکردووە، وەهەروەها بە یەکەم حەیران بێژی ناوچەی بیتوێن و پشدەرو مەرگە دەژمێردرێ کە حەیران و گۆرانیەکانی بەشی زۆری لە سەر قەوان تۆمار کردوو.

بێ گومان (سەلیمی بایزی) لە ساڵی (١٩٢٠) ی زایینی دا لە گوندی بێگەلاسی ناوچەی پشدەر چاوی هەڵهێناوە، ئەم هونەرمەندە هەر لە سەردەمی منداڵیەوە لەگەڵ کۆی (کورگەلی) گوندەکەیدا تێکەلاوی کردووەو؛ کۆری بە حەیرانیو گۆرانیو بەستەو مەقام جۆش داوە، لێرەدا دەردەکەوێ کە ئەم هونەرمەندە دەنگ خۆشە؛ هەر لە منداڵیەوە شەیدای گۆرانیو حەیرانی کوردی بووە، بەڵام نەیتوانیوە بە تەواوی بە سەریدا زاڵ ببێ، چونکە دەستی کردۆتە ئەستۆی کارکردن بۆ ئەوەی یارمەتی خاووخێزانە هەژارە کەیان بداو بارگرانی گوزەرانیان سووك بکات، هەربۆیە بۆتە جوتیارو سەپان لە گوندەکەیدا. سەلیمی بایزی هەرچەندە کە خەریکی کارکردن بووە بەڵام دەست بەرداری حەیرانەکانی نەبووەو لە گەڵیاندا ژیاوەو جێگەی خۆی لە نێو حەیرانبێژاندا کردۆتەوە.

سەلیمی بایزی لە دوای ماوەیەکی کەم لە تەمەنی لاویەتیدا، گوندەکەی ڕاتە (بێگەلاس) بە جێ دێڵو دێتە شاری (قەلادزێ)و نیشتەجێ دەبێت.

سەلیمی بایزی هونەرمەندێکی کارامەو ئاهاتوو بوو، دەنگ و سەداوا ئاواز بە سۆزی یەکجار خۆش و بە جۆش بووە، توانیویەتی لە ئاسمانی ئاوازو گۆرانیو حەیرانی کوردیدا خۆی بچەسپێنێ. لە حەیرانەکانیدا هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگای کوردەواری ئاماژە کردوە وەکو: حەیرانی شەڕوشۆڕ سوار چاکی، خۆشەویستیو دڵداری، حەیرانی ئایینیو کۆمەڵایەتی حەیرانی بەسەرهاتی مێژوویی.

ئەگەر بێتوو سەرنج بدەینە حەیران بێژانی ئەم سەردەمانە دەبینین کە ئەو هونەرمەندانە هەمیشە لەگەڵ ئازاروئێشی میللەتەکەیان دا ژیاون و دووره پەرێز نەوەستاون.

ئەم هونەرمەندە لە ساڵی (١٩٦٢) ی زایینیدا بۆتە کرێکاری ڕەسمی لە بەرێوەبەرایەتی ئێحیساری تووتن لە قەلادزێو دوای ماوەیەك گوێزراوەتەوە (سلێمانی)و هەر لە دوای ئەم ساڵەوە، واتە لە بەرواری ١٩٦٣/٩/١٥دا مەرگ ئێخەی پێگرتووەو، ئەمری خوای بەجێ هێناوەو لە (گردی سەیوان) نێژراوە.

• ئەو بەیتانەی کە لە سەر کاسێت تۆمار کراون ئەمانەن:

١ ـ بەیتی شێخ فەرخ و خاتوونەستی.
٢ ـ بەیتی قەرو گوڵەزەر.
٣ ـ بەیتی ئایشە کوڵ.
٤ ـ بەیتی (مەقامی ئازیزە)
٥ ـ چەند گۆرانیو حەیرانێکی تری جیا جیا.

• ئەو بەیتانەی کە تۆمار نەکراون:

١ ـ شێخی سەنعان.
٢ ـ لاس و خەزاڵ.
٣ ـ برایموك
٤ ـ خەج و [illegible]
٥ ـ شیرین و فەرهاد

شانۆی لۆتێم

ناگەن لە ناخی جەنگەوە

محسن محمد حمد ـ هەولێر

تەحسین شەعبان یەکێکە لەو نووسەرانەی کەوا لە ماوەی شەش ساڵی ئەو جەنگەدا خۆی بە خوێنەرو بینەری شانۆی کوردی ناساند، بە شانۆی خانەدان و سێ شانۆنامە لە ئەدەبی جەنگەوە دوا ئیستگەی ئەو نووسەرە شانۆی لۆ لێم نا گەن نووسینی سەلمان محەمەد ساڵح و ئامادەو دەرهێنانی خۆی، وەرگێرانی هونەرمەند چەتۆ حەسەن و، بەرهەم و نواندنی تیپی ڕۆشنبیری جەماوەری هەولێر.

بینای درامی شانۆییەکە ناراستەوخۆ گەشە دەکات لە ناو بارو دۆخی جەنگەوە، سەعید مەسعود بیست و پێنج ساڵە ژنی هێناوە دوو کوڕی نەوزادۆ دڵشاد قەرزی زۆری بەسەردوویەو خانوەکەی دەکەوێتە ڕەهنە دلشاد هەرزەکاردو خەریکی وەرزشی سەربان و چاو بازیە نەوزاد بێ ئیشەو نایەوێ بە دوو دینار دامەزرێ لەبەر ئەوەی کیلۆی گۆشت بە سێ دیناره. لێرەدا کات بە تەواوی دەکەوێتە نیوان ساڵی چوارەم پێنجەم و شەشەمی جەنگەوە، شوێنیش شاری هەولێرەو ماڵی سەعید مەسعودە گرێ شانۆییەکەش بێ ئیشی نەوزادە. ہارو دۆخ لە چیرۆکی ئەو شانۆیە دزیو ڕێگریو قاچاغ چیەتیە، دژایەتی لەوە دایە نەوزاد برا گەورە دەیەوی باری سەرشانی باوکی سووك بکا بەڵام نایەوی بە دوو دینار دامەزرێو کپ و بێدەنگەو نیازی دڵ خۆی نادرکێنێ نەوزاد لەگەڵ کوڕی پلکیدا قسان دەکەن کورە قاچاغ چیەو پۆلیس بە دوایدا وێلە، ماڵ پڕە لە ئاژاوە سەعید هەموو کات تورەیە دایك زوو زیز دەبێ دلشاد خەریکی چاو بازیە لە هەمان کات دژ بە براکەی نەوزاد [غازی غفور] دەوەستی لە ترسی ئەوەی نەوەك بەشداری قاچاغ چیەتی بکات و ئابرو کەرامەت و مرۆڤایەتی خۆی لە دەست بدات؟! نەوزادی برا گەورە لە نیو دلشادا (مویەد فەقی‌دا] دەبینرێ.

نەوزاد بێزار دەبێ لە ئاژاوەی ماڵەوە خۆی وون دەکا لەو وون بوونەدا بینەرو کارە ئەکتەرەکانیتر وا هەست دەکەن نەوزاد ئیتر تووشی بەزمەکە بووە شانۆییەکە دەچێتە پۆپە climax. بینەر لە پۆپەدا چاوەروانی تەقینەوەیەکی گەورە دەکەن.. فرۆشتنی خانوەکە، گیوانی سەعید لە بڕی وون بوونی نەوزادی کورەکەی.

پۆپەکە زۆر بە ساردی وەك بڕیشکەی تەڕی سەر ئاگر تەنیا لەیەك دەبێتە، نەوزاد لە ماڵی برادەریکی ماوەی بیست و پێنج ڕۆژیکە خۆی وون کردوەو باوکی برادەریش قۆنتەرات چیەو کورەکەشی ئەندازیارە دەبن بە میوان تەڕە خۆشیەك دەدنە ماڵەکەو خانوەکە لە ڕەهن دەردێنن و دەست بە قۆنتەرات دەکرێو کۆتای دێت. دەقی ئەو شانۆیە بە ناونیشان و ناوەڕۆك تەریبە لەگەڵ کۆمەڵی هەولێر ئامادە کردنەکە لەوە دابوو بە زمانی هەولێر! دەدوان، دەرهێنەری ئامادەکەر لە بارە دەروونیو باوەڕیەکەی ئەماتبوە دەرەوەو جەوهەری شانۆییەکەی کردبووە درشمی [بایەخ دان بە ئابوری نشتمانی لە پێناوی جەنگ دا].

بەو وزەستان دژ بە دزیو، ڕێگریو، قاچاغ چیەتی لە تەوەری هەڵچونی دڵشادی [مویەد فەقی] هەرزەکاردا. ئەوە دەربارەی بیری سەرەکی دراماکەو بینای درامی بەڵام لە ڕووی هونەریەوە دەرهێنان لەو شانۆییەدا [دەرهێنانی لاسای هونەریە] وێنەی دەنگیو وێنەی ڕەنگی هەمان شانۆییەکانی خۆمانی لەمەو پێشە. کۆمێدیاکە دووبارەی زۆری تیا بوو ماوەکەشی لە دوو کاتژمێر پترە بینەری بەرەو بێزاری بردبوو یەحیا (ابراهیم حەکیم) زۆر بە نارەوای ڕەفتاری لەگەڵ دەکرا، ڕاستە مرۆڤێکی ناتەواوەو جێگەی پێکەنینە بەڵام مانای ئەوە نیە هەر جارەی ببێتە میوانی سەعید [چەتۆ حەسەن] دوو سێ جار تێهەڵبدرێ. هەروەها ئەوەی کەوا زۆر بێ جێبوو سەعید بیست و پێنج ساڵە ژنی هێناوە کەچی دوو کورەکەی نەوزاد [غازی]و دلشاد [مویەد] هەر یەك لە بینەران هەستیان دەکرد کەوا ئەوانە پیاون دووەن لە هەرزەکاری بەتایبەتی مویەدی چاوبازو وەرزشی سەربان سەیرکردن لە پەنجەرەوە.

ئەوانە چەند تێبینەکی خێرا بوون سەبارەت بە بەرهەمی شانۆی لۆتێم ناگەن ڕۆژی ٢١ی ١٠ لێرەوەش دەوەستین و دەرفەت دەدەینە خۆمان بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا نووسەرو دەرهێنەرو بەشداربووان و بەرهەمەکە بخەینە بەر نەشتەرگەری ڕەخنەی هونەریەوە لە پێناوی بەرزکردنەوەی شانۆی کوردیو دەست نیشان کردن ی هونەرو ناهونەر.

١١ هونەرمەندو خۆپیشاندانێکی هونەری

نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

کۆبوونەوەی چەند لاوێکی هونەرمەند لە هۆڵ پیشانگایەکی هاوبەشدا کە بیانەوێ بە شێوەی ڕێبازی لە یەك نزیك خزمەتی خەڵکیو هونەر بکەن، ئەم [illegible] خۆی ڕوویەکی [illegible] بزووتنەوەی [illegible] تەشکیلیە کە زیندەئیو هوشیارییەك بەر بارودۆخە هونەرییە دەدا. هەڵبەت ئەمانە تەبان لەوەی کە فیکرو فڵچەو ڕەنگ بکەن بەو بابەتەی کە ئەمڕۆکە ئاتاجێکی پێویستە بۆ هوشیاری خەڵك و خزمەت کردنی واقیعی ئەمڕۆکەمان.

بەو پێیە لە ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٢ دا لە هۆڵی هونەری نوێ لە شاری کەرکوك (١١) هونەرمەندی لاوی خوێن گەرم و هەریەکەیان بەچەند تابلۆیەکی پێشانگایەکی هاوبەشیان کردەوەو نزیکەی هەفتەیەك بەردەوام بوو، هونەرمەندەکانیش ئەمانە بوون: محمد ساڵەیی، فلاح عمر، ئاشتی مهدي محمد، احمد کاکە سور، [illegible] ئازاد مصطفی، معتصم ساڵەیی، علي یوسف، احمد فائق، صلاح حمه امین، خالد حسین، سناء جاسم..

لە پیشانگاکەدا چاومان بەکام ئاشتی کەوت .. ووتی «یەك گرتنەوەمان لەم پیشانگایەدا ناسینێك بوو بەبینەرانی جەماوەری هونەر، ئەم هەوڵدانەش لە پاش خۆماندوو کردن و هیلاکییەکی زۆر توانیمان ئەو هیوایە بهێنینە دی، جۆری کارکردنیشمان چەند ڕیبازێکی هونەری تێدایە، شێوەی کارکردنیشمان قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ و بۆیەی ئاویو ڕۆنیو فۆتۆی شێوەکاریو پەیکەرتاشیی جداریو مدەومەر، هەروەها کاك محمد ساڵەیی ووتی « لە ڕاستیدا ئەم پیشانگایە لەو ئاستەدا نەبوو [illegible] ان دەمانویست، هەروەها چەند هونەرمەندێکی تێدا نەبوون وەك ئاری ئابان و سعاد ستارو هەندێ لەوانەی لە پیشانگای پێشوودا بەشدار بوون لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی، بۆیە ئەم پیشانگایە پڕ بە پێستی هونەرمەندانی کەرکووك نەبوو.

کاك محمد ساڵەیی بەشەش تابلۆی ڕەنگین و بەهێز و بەشێوەو ناوەڕۆکێکی ریالیزمانە بەشداریی کرد، تابلۆی (زستان) گوزارشت لە هەندێ حاڵەتی پڕ لە کارەساتی مرۆڤ دەکات، داری ڕووتەڵەی بێ گەڵا لە سەر قۆڵ و بازووی بەهێزی مرۆڤێکدا ڕوواوە، مرۆڤەکەش لە هەوڵداندایە بۆ خۆرزگارکردن لەو وەرزە پڕ لەژان و مەینەتییە، بەدەماری ئەستووری بازوو وملیدا دیارە دەبێ خۆی لەو ئازارە ڕزگار بکات و باڵندەی هیواش بەسەر سەریەوە دەخوێنێ؛

بەڵام تابلۆی (کۆچ کردنێك لەمەهاباد) لایەکە لە ژیانی پڕ لە کوێرەوەریی کوردستانی ئێران: خێزانێکی کورد لە دەست هەلومەرجێکی کۆنەبەستانەدا کەوچ دەکەن، بەڵام ژن و پیاوەکە منداڵەکەیان بەرز کردۆتەو، فانۆسێکیان بەدەستەو لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەسپێك دەحیلێنێ کە ئەمانە هەمووی تەعبیر لە شۆڕش و ڕاپەڕینێکی گەورە دەکەن، لە لای چەپی تابلۆکەشدات دارێکی ڕووت دەبینین کە هەندێ چرۆو گەلای دەرکردووەو هێمایە بۆ بنەبڕکردنی حەتمی ئەوئێش و ئازارو باومر هێنان بەدوا ڕۆژو ژیانێکی خۆشتر. بەم چەشنە کاك محمد بەریالیزمێکی شۆڕشگێرانەوە ئەو وەزعەمان بۆ دەخاتە ڕوو و ڕێگەو چارەسەریش دەست نیشان دەکات.

کاك ئاشتی بە پێنج پەیکەر هۆنەکەی ڕازاندبۆوە، لە کۆڵین (نحت)ی «ڕۆژانەی جەنگ» دا شەڕو کارەساتی شەڕو ئاسەوارو شوێن دەستی شەڕمان بۆ باس دەکات لەسەر ژیانی خەڵکیو هەوڵدانە بۆ نەمالنی ئەو شەڕە.

لە کولینی (ژان) یشدات دایکێك بە ئازارێکی زۆرەوە منداڵێکی دەبێ، منداڵەکەش کە دێتە دنیاوە بەتووڕییەوە سەیری ئەم واقیعە ئەکات.

احمد کاکە سوور بەچوار تابلۆی ڕەنگی ئاوی بەشداری کردبوو، سێ دیمەنی قەشەنگ و پۆرترێتێك، کاك احمد یەکێکە لەو هونەرمەندە دەگمەنانەی کە لە ڕەنگی ئاویدا زۆر بەهێزو دەست ڕەنگینە، دەمێکە وێنە دەکێشێو کەم کەم دەردەکەوێ، کە دەریش دەکەوێ بە تابلۆی نوێی بە هێزو مەزن.

فەلاح عومەر سێ تابلۆی ریالزمی (بەهاری هەمیشەیی، ترس، کارەساتی جەنگ)، ئەم هونەرمەندە بەتوانایەش زۆر چالاکەو، موعاناتێك دەخاتە ڕوو کە بینەر هەستی پێ بکات.

خالد حسین سێ تابلۆی پۆرترێتی کێشابوو، کاك خالد یەکێکە لەو هونەرمەندانەی دەستێکی باڵای هەیە لە کێشانی پۆرترێتی بە جۆرێك کە لە سیمای ئەو کەسەدا هەست بە ئێش و ئازار یا خود، خێرو خۆشی بکرێ، علي یوسف سێ تابلۆی بە شێوە سوریالیو تەعبیری (ژانی ئافرەتێك، لە ئێران چ باسە، ئەی سپەیەکە تەنانەت ئێمەیش) کە لەمەی داوییاندا باسی جیاوازی ڕەگەزایەتی ڕەش و سپی دەکات، تەنانەت دوو پشیلەی ڕەش و سپیش لە خواروی ئەفریقیادا جیاوازییان هەیە.

ئازاد مصطفی، دوو تابلو (دایك و منداڵ، دیمەنێك لە شاری کەرکووك)،

احمد فائق، سێ تابلۆ

معتصم ساڵەیی، پێنج کۆڵین، (گۆران، پەرمیز، دیلێك لە مەهاباد، سەری منداڵێك).

صلاح حمەامین، پێنج تابلۆی تەعبیری فۆتۆ شێوەکاری

«ناه جلبیم، سێ تابلۆی خەت خۆشی.

شایانی باسە ئەمە دووەمین تاقیکردنەوەی سەرکەوتوانەیە کە لاوانتی کەرکووك دەستە جەمعی لە پیشانگایەکی هاوبەشدا بەشداری دەکەن، یەکەم تاقیکردنەوەش (١١) هونەرمەند بوون و لە ساڵی ١٩٨٣دا لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانیدا پیشانگایان کردەوە. هیوادارین ئەم خۆپیشاندانە هونەرییە کەلك و سوودێکی فرەی هەبێ بۆ بزووتنەوەی هونەری تەشکیلی کوردیو بشبێ بەدیاردەیەکی باوو ئیجابیو چەند جاری دیکەش دووبارە ببێتەوە.

دەمەتەقێ هەلی ئەفەنی

ئامادە کردنی سەعید زەنگەنە

(بەمەرجێك لە گەل دەرهێنەرێکی زبرەکداو لە سەر ڕیبازێکی ئەکادیمیش بیت). چونکە ئەمڕۆ ڕۆژی زۆربی بۆربێ نییە ئەکتەری وەکو ئەویشمان دەس ناکەوێتەوە ئەبێ نرخی بزانین..

پ ـ ماوەیەکە لە بینەران دابڕوایت.. لەو ماویەدا هەستت بەچی‌کرد؟

و ـ ڕاستە ماوەیەکی زۆرە لە بینەران دابڕوام بەڵام لەم ماوەیدا هەر دڵم لای هونەر بووە هەموو کاتێکیش دەنگ و باسی هونەرو هونەر مەندانم فرامۆش نەکردووە. بەگوێرەی کاتی خۆشم هەمیشە هەوڵم داوە لە هونەر دوانەکەوم چونکە من خۆم بە قەرزاری بینەران ئەزانم.. ئێستاش کە دەرفەتم بۆ لواوە جاریکی تریش هەوڵی نواندن ئەدەمەوانێ چ لە شانۆیی ومیا تەلەفزیونی بێت وە ئەو ماوە زۆرەی کە دابڕا بووم لە هونەر (پشت بەخوا) بە بەرهەمی چاك تۆڵەی ئەکەمەوە.

٢ ـ هونەر مەند هەرچەند ناسراو بێت سەربەستی کەم ئەبێتەوە ئێوەیش ئەکتەرێکی ناسروان حەز ئەکین لەم بوارەوا بدوێن؟

و ـ بەڕای من ئەگەر چی ناسراو بێت گەلێك لە سەر بەستی ژیانی کەم ئەبێتەوە، بەڵام ئەم بوونەوەی سەربەستیەمایەی خۆشیو شانازییە، بە خۆیو بە هونەرەکەی. وەلەم کاتەشدا پێویستە هونەرمەند ئەم بەرزیە کە دەستی ئەکەوێت کە لە سەربەستی یەکەی ئەبێتەوە ئەبێ بیپارێزێ.

ب ـ ئێوە بەرهەمتان زۆرە لەمە دەرفەتەدا ناتوانین باسی هەموو بکەین چونکە چاوپێکەوتنەکەمان سەرپێیە.. بۆیە حەز ئەکەین باسی پوختەی دوا بەر هەفتان بکەن؟

و ـ «بەرد لەجێی خۆی سەنگینە» زنجیرەیەکی تەمسیلی تەلفزیۆنییە کە یەکێك لە دەردەکانی ناو کۆمەڵ چارەسەر ئەکات چیرۆکەکە بریتییە لەوەی کە یەکێك لە ئەندامی خێزانەکە ئەیەوێت چاو لێ کەری بکات بە پیشەی لە کاتێکا کە دەرفەتی خێزانەکە ناتوانێت داواکانی بیهێنێتە دی کە ئەمەش ئەبێتە هۆی ناکۆکی ناو خێزانەکەوە کۆتایی بە شێوەیەکی ناخۆش یەت بەسەر ژیانی ئەو خێزانە کە لە هەمان کاتا خێزانێکە لە ناو چیرۆکەکەدا بە شێوەیەکی ڕاست گوزەران لەگەڵ ژیاندا دەکات، وە هەندێك پەندی بەسەرهاتی بەنرخ لە چیرۆکەکەدا بە بۆ ئەوەی ببێتە نموونەیەك بۆ ئەو خێزانانەی کە لە ڕووداوی ڕۆژانەی خۆیەوە ناروانێنە ژیان.

ب ـ حاجی گیان وەکو برایەکی دلسوز.. وەکو هونەرمەندێك تکایەکمان هەیە.. مەبەستیش لەو تکایە خزمەت کردنی هونەری گەلەکەمانە تو ئەو کابە تولایەی دەستت پێوگرتوە تکاکەمان قبوڵ بکە تکاکەش ئەمەیە: جاران خۆت نووسەر و دەرهێنەرو ئەکتەری بەرهەمەکەت یوویت) چوار هەنار

بروانە ل١١

Institut Kurde de Paris

ئارایشت

زینب حسین

پێویستە هەموو ئافرەتێك ئاگاداری ئەم چەند خاڵانەی خوارەوە ببێت بۆ ئەوەی بە جوانیو رێك و پێك دەرکەویت لەکاتی بەکار هێنانی ئاریشتنی دەم و چاودا

خوشکی ئازیز

پێش هەموو شتێك ئەبێ پێستی دەم و چاوت بە پارچە لۆکەیەکی تەرکراو پاك بکەیتەوە ولەسەرەتادا لە دەم و چاوەوە دەست پێ بکە تا دەگاتە ملت پاش ئەوەیش بە تەواوەتی پێستی دەم وچاوت پاك بوو، دەست بکە بەدانانی کرێمی ئەساسە، بەڵام ئەبێ ئاگاداری ئەوە ببیت کە رەنگی ئەو کرێمە لەگەڵ رەنگی پێستی دەم وچاوتا بگونجیت وپاش ئەوەش پۆدرەی لێبدەو بە تەواویو جوانی بڵاوی بکەرەوە سەر دەم و چاوتا.

ئەنجا سووراوی سوور لەسەر رووەەتت دابنە.

● لە دوایدا (ماسکرا) لەسەر برژانت دابنە و پاش ماوەیەکی کورت جارێکی تر ئەو ماسکرایە دابنەوە ئەو (ماسکرایە) ووشك بهێنیت بۆ ئەوەی ئەوانەی هاتوونەتە خوارەوە لابەیت و دەبێتەوە پێویستە فڵچەیەك بەکار لەهەمان کاتیشدا بە جوانیو رێك و پێك دەردەکەویت.

- پێویستە بایەخ بدەیتە رەنگی چاو (ظلال) بەردەوامیش رەنگی جوان جوان بۆ ئیوارانە هەڵبژیرە.

هەروەها دەتوانیت رەنگی پەمەیی یەکسەر لە ژێر بروتەوە بەکار بهێنیت.

- خوشکی بەرێز ئاگاداری ئەوە ببە کە ئێستاکە مۆدەی بروی پروئەستوورو درێژە لەبەر ئەوە ئیتر پێویستی بە هیچ جۆرە سووارویك نییە.

- هەوڵی ئەوە بدە بەکرێمی پاك کردنەوە سووارووە کۆنەکەی لێوت بسڕەوەو لە دوایدا بە قەڵەمی سوور لێوت دیار بکەو لەپاش ئەمانە هەموو سووارویی لێو بەکار بهێنەو هەروەها دەتوانیت بە ئارەزووی خۆت بۆیەی بریسکە بۆ جوانی بەکار بهێنیت.

ئەمەیە خوشکی ئازیز، ئاراریشتی ئیواران ئایا ئەم جۆرە ئاریشتە بەدڵ بوو یان نا؟

دەبێتەوە پێویستە فڵچەیەك بەکار بهێنیت بۆ ئەوەی ئەوانەی هاتوونەتە خوارەوە لابەیت و

سایکۆلۆژیەتی چیرۆك و دەوری کۆمەلایەتی

زاناکان لە ئەنجامی تاقیکردنەوەیەکی زۆر بۆیان دەرکەوت کار ئەکاتە سەر منداڵ دەورێکی پەروەردەی ئەبینێ تواناو وزەی رۆشنبیریو زانستی زیاد ئەکا.

منداڵ لەسەرەتا کەزمان ئەگرێ حەز لەو شێوەیە ئەکا کە یەکێك قسەی بۆبکا بە جۆرێك لێی تێبگا ئەگەر بتەوێ شتێك بچەسپێنێتە مێشکی منداڵ بەتەواوی لێت تێبگا سوودت لێ وەرگرێ ئەبێ بەوردی بەجوانی ئەو چیروکەی بۆ بگێرێتەوە هەروەکو نوێنەرێك دەنگی خۆت بەگوێرەی ئەکتەرەکان قسەکردنیان هەڵسو کەوتنیان بگۆڕی هەروەك شێوەی نوێنەرێك هەتاکو منداڵ حەز بکا یاسەرنجی راکێشی بۆ ئەوەی بێزار نەبێ لە دوورو [illegible]

بێزار ئەبێ یانەیەوێ ئەو باسە بگۆڕێ پرسیارێکت لێ ئەکا دوور لەو چیروکەکە.

بە زۆری منداڵ حەز ئەکا پاڵەوانی چیروکەکەی گیان لەبەرێك بێ وەك بەرخ - مراوی - بشیلە - مشك - شێر - پلنگ هەر منداڵێك لە قوناغی لەقوناغەکانی ژیان دا حەز لە جۆرە چیروکێك ئەکا وێنەی ئەو چیرۆکانەی ئەبیسێ کار لە هەست و هۆش ئەکا ئەمنێتەوە لە یادی هەتا کە گەورە بوو دێتەوە بیری ئەبێ مامۆستا یا دایك چیروك پیش ئەوەی بیگێرێتەوە بیخوێنێتەوە بزانی ئایا ئەگونجی لەگەڵ تەمەنی لەگەڵ پلەی زیرەکی رادەی تێ گەیشتنی یانا یەکەم ئەو خاڵەی لێی تێ ناگا یا بەزمحمەت لێی تێ ئەگا. پێویستە ئەو خالەیە سوك و ئاسانی بکەیەوە لەکاتی گێرانەوەی دووەم ئەو پێویستیانە ئامادە بکەین بۆ ڕوون کردنەوە سەرنج راکێشان وەك وێنەی رەنگاو رەنگ بۆ ئەکتەرەکان ئەگەر هاتوو ئاژەڵ ئادەمیزاد یاشار یاشوێن هەتا بچەسپێتە مێشکی. سێیەم ئابێ زوو کۆتایی چیروکەکە ئاشکرایکەی هەتازیاتر سەرنجی راکێشی گوێ رایەڵ بێ ئەبێ لە ئەنجاما بەشێوەیەك ئەو کۆتایە بدرکێنی وەك ئامۆژگاریەك بۆ ئەوەی سوودی لێ وەرگرێ. بەڵام ئەگەر هاتوو منداڵ گەورە بوو توانای خوێندنەوەی هەبوو ئەبێ ئاگاداری ئەم چەن خاڵانە ببێ بۆ هەڵبژاردنی چیروك.

یەکەم: بەرگەکەی سەرنج راکێش بێ.

دووەم: نووسینەوەکەی بەووشەی گەورە بێ.

سێیەم: ناوەروکی چیروکەکە لەواقیعەوە بێ بەشێوەیەکی سووك و ئاسان هەتا لێی تێ بگا.

کەلاویژ حسن

بروانە ل ١١

«ڕاهێنانی منداڵ لەسەر ڕەوشتی باش»

ئامادە کردنی
شیرین شوکت محمد

کاتێك

رایکی ئازیز:

ڕاهێنانی منداڵەکەت لەسەر ڕەوشتی چاك و باش لە سەرەتای ژیانیەوە ئەرکێکی گەورەو گرنگە دەکەوێتە سەر شانی دایك و باوك، چونکە فێرکردنی منداڵەکەت لەسەر خووو ڕەوشتی جوان دەبێتە هۆی ئەوەی کە پاشە ڕۆژ مرۆڤێکی چاك و پاك و بە سوودبێت بۆ خزمەت کردنی خۆیی و کەس و کاری وميللەت و وڵاتەکەشی چونکە مرۆڤ دەبێت لە منداڵیەوە فێری خووو ڕەوشتی جوان بێت و رابهێنرێت لەسەر راستگۆیی و پاکی و دوورکەوتنەوە لەو شتانەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە زیان بگەیەنێت بە خۆی و کەس و کاری و ببێتە مرۆڤێکی چەوت و نارێك و زیان بەخش چونکە ئەگەر بێت و منداڵ لە بچوکییەوە فێری ڕەوشتی باش نەبێت کاتێك کە گەورە بوو زۆر گرانە لەسەر ئەو ڕەوشتە بگۆڕێت کە لەسەری ڕاهاتووەو لە منداڵییەوە فێری بووە ئەم ئەرکە گرانەش وەکو وتمان بە پلەی یەکەم دەکەوێتە سەر شانی دایك و باوك و ئەو ماڵ و شوێنەی تیایدا پەروەردە دەبێت چونکە ئەو ماڵ و شوێن و دەوروبەری کە تیایدا پەروەردە دەبێت یەکەم قوتابخانەیە فێری ڕەوشتی چاك یان خراپ دەبێت، منداڵیش تەماشای جوڵانەوەی دەورو پشتی خۆی دەکات بەتایبەتی دایك و باوك و خوشك و براکانی هەموومانیش دەزانین کە منداڵ لاسایی دایك و باوك دەکاتەوە لە هەموو جمو جوڵێکیان دا.

هەندێك دایك و باوك بە هەڵەدا دەچن کەوا تێدەگەن کاری ئەوان بەرامبەر بە منداڵەکانیان هەر ئەوەندەیە پەروەردەیان بکەن و گەورەبن و هیچیتر، نەء وانییە ئەرکی دایك و باوك هەر ئەوەندە نییە بەڵکو ئەرکی هەرە گەورەو گرنگی ئەوان ئەوەیە لەگەڵ پەروەردەو گەورەکردنیان فێری خووو ڕەوشتی جوان و راستگۆیی و دەست پاکی و زانیاری، فێرکردنی منداڵیش لەسەر ئەو شتانە دەبێت بەجۆرێك بێت کە بگونجێت لەگەڵ تەمەن و بیرو هۆشی منداڵ دا کە بەجۆرێك بێت ئەو شتانە بچنە مێشکییەوەو لێی تێ بگات بۆ ئەوەی لەسەریان رابێت و لەبیری نەچنەوە ئەوەکو نەزانێت چی دەڵێیت و چی فێر دەکەیت.

شتێکی زۆر گرنگ هەیە کە دەبێت هەموو دایك و باوکێك بیزانێت ئەویش ئەوەیە کە نابێت بە هیچ جۆرێك لەبەر چاوی منداڵ شەرو شۆڕو قرە قرو هەر ناخۆشییەك ڕوو دەدات پێی بزانێت.

دایك و باوکی بەرێز:

فێرکردنی منداڵ لە لایەن دایك و باوکەوە کارێکی ئاسان نییە بەڵکو ئەرك و سەبرو دڵ فراوانییەکی زۆری دەوێت وەکو باسیشمان کرد پەروەردەکردنی منداڵ ئەرکێکی گەورەو گرانەو ماڵیش یەکەم قوتابخانەیە مامۆستاکانیشی دایك و باوکن کە منداڵەکانیان لە سەر دەستیان فێر دەبن لەبەر ئەوە دەبێت کە هەمیشە ئاگاداری هەموو جووڵانەوەیەکی خۆمان بین لەناو ماڵ داو هەر کارێکی کە دەیکەین بۆ ئەوەی ئەو منداڵە بۆ پاشە ڕۆژ مرۆڤێکی سوود بەخش و چاکی لێ هەڵکەوێت لەناو کۆمەڵەدا بتوانێت خزمەتی خۆی و دەوروپشتی و وڵاتەکەشی بکات و هەموو خەڵك ئافەرینی لێ بکەن و بڵێن سەد ڕەحمەت لەو دایك و باوکەی پەروەردەو کەورەی کردووبیت.

دایك و باوك جیادەبنەوە کێ ئاگاداری منداڵەکان دەکات؟ ، کەی و چۆن؟

کاتێك پەیوەندی ژن و میردایەتی لە نێوان دوو کەس دەگاتە ڕادەی جیا بوونەوە، زۆربەی ئەوانەی تووشی زەرەردەبن و تووشی ئێش و ئازار دەبن و ژیانیان تێك دەچێت... منداڵن.

چونکە باوکیەتی و دایکایەتی بە دوو کۆڵەکەی سەرەکی دادەنرێن لە ژیانی منداڵ داو هیچ شتێك لە باتیان ژیانی پرناکاتەوە ئەگەر نەمان ئەوە واتای ئەوەیە ژیانی دەروخێت.

پێویستە ئەو دایك و باوکە تا دەتوانن ماڵیان لە روخان و منداڵیان لە دەربەدەری بپارێزن، ئەگەر لەبەر هیچ نەبێ لەبەر منداڵەکانیان بێت.

ئەگەر جیابوونەوەکە رووی‌دا ئەوە چەند شێوازێك هەیە دەبێ باوك و دایك پەیرەوی بکەن بۆ ئەوەی کتوپڕ پێیان نەوترێت و تووشی کارەسات نەبن... لێرەدا باسی ئامۆژگاری سایکولوجیستەکان و لێکۆڵەرەوە کۆمەلایەتیکان دەکەین: -

چۆن منداڵان ئاگاداردەکرێن...؟

پێویستە پێش جیابوونەوە کۆبکرێتەوە و پیان بوترێت دەبێ هیچ شتێکیان لێ نەشاردرێتەوە چونکە دوای ئەوە ئەگەر قسەیان بۆ نەکرێت ئەوا هەر پرسیار دەکرێت و دۆش داماو دەمێنن) پێویست شتەکە بە لایانەوە ئاسان بێ..

هەرچەند سایکۆلۆجیستی بەریتانی جون کلی (ئیستفتاییکی کردووە ولە کتێبەکەیدا (منداڵان و باوکان چۆن دەتوانن خۆیان رابهێنن...؟) دەرکەوت لە ٨٠٪ی تەلاق دراوەکان هیچ پێشەکی‌یێکیان بۆ منداڵەکانیان پێش جیابوونەوەیان باس نەکردووە.. لەو برواەیدان گوایە منداڵن ئەقڵیان پێ‌ناشکێت - گردبوونەوەی منداڵەکان وباس کردنی بۆیان پێش جیابوونەوە زیاتر باوەر لە نیو منداڵان و باوك ودایك دروست دەکات هەروەها و لە منداڵەکان دەکات لە یەکتر زۆر نزیك بن و هەمیشە وا هەست دەکەن کەوا دەتوانن بەردەوام بن و ژیان بدەنە سەر لەگەڵ یەکتردا وەکو یەك خێزان.

چیان پێ‌بوترێت؟

ئەگەر بێتو پرسیارمان لە بارەی زانیاری‌وئەو تەفسیلاتانەی پێویستە ئاگاداری منداڵان بکرێت وئەوەی تایبەتە بە جیابوونەوەو هۆکانی.. وەڵامەکەی لە بنەڕەت دا متمانە دەکاتە سەرتەمەنیان... چاکترین سیاسەتیش لەم بوارەدا.. ئاگاداربکر ێن.. بەڵام پێویستە هەندێ هۆ هەیە باس نەکرێ وەکو (مەی خواردنەوە - قومار - یاخود بوونی پەیوەندییکی‌تر یاخود لەیەکتری نەگەیشتن... هتد) چونکە ئەم قسانە یارمەتی منداڵ نادات بەڵکو بە پێچەوانەوە هەمیشە بریندار‌ی دەکات چونکە هەمیشە واهەست دەکات کە باوکی یاخود دایکی هەڵەیێکیان کردووە و ئیتر باوەری پیان نابێ... خۆش باوەری منداڵان پاڵیان پێوە دەنێ هەست بەوە بکەن لەو جیهان تەنها لەدەوری ئەوان دەسوڕێتەوە ، ئەم وەزع و بارەش پال بە هەندێ منداڵان دەنێت باوەریان و ابێ کەوا هۆ ی ئەم ڕوودانەن.

گوێمان لێیان دەبێت پرسیاردەکەن بۆ باوك و دایکمان جیابوونەوە؟ یاخود دەڵێن ئەگەر ئێمە نەبوونایە باوك و دایکمان تێك نەدەچوون - لەبەر ئەوەو لەبەر هەندێ هۆی‌ترو بۆ ئەوەی هەست بە تاوانباری نەکەن - دەبێ رازی‌بکرێت کەوا ئەمان هیچ هۆیێك نین کاتێك باوك و دایك جیادەبنەوە، منداڵان تووشی ترس دەبن هەرچەندە ئەم ترسەش دەرنەبڕن و پیشانی نەدەن.. پێویستی‌یان بەوەیە بۆیان دووپاتبکرێتەوە. کەوا پەروەردەکردنیان بەو پەری دڵسۆزی‌یەوە بەردەوام ترس و دڵ نیگەرانی و تورەیی خۆیان دەربڕن کەوا تووشیان دەبن، چونکە جیابو ونەوەیان وا لە منداڵان دەکات تووش کارەسات ببن، ئەمەش زیاتر دەشکێ سەر ئەو منداڵەی لای‌دایکی یاخود باوکی دەمێنێتەوە.

هەروەها دەبی مۆڵەت بدرێتە منداڵ هەست و نەستی‌خۆی دەربڕێ ئەمەش ئەو لایەنە دەگرێتەوە کەوا ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵەکەی کەوتۆتە ئەستۆ.. بۆ ئەوەی بزانن هەستی چی‌یەو تورەیی‌و ترس لێدووربخەنەوە بە خۆشی وهۆگری مامەڵەی لەگەڵ دا بکرێ - وای لێبکەن هەست بکات کەوا کەسێکی‌تر هەیە لە خۆی بەهێزترە خۆشی دەوێ بە ر ادەیێك ناهێڵێ جڵەوی دان بەخۆداگرتن لە دەست بچێت.

ئەگەر بێتو دەست بە سەررەفتاری منداڵ نەگرێت کەوا زۆر جار ڕوودەدات لە ئەنجامی ئەم بارە تازەیە کەرووبە رووی دەبێت وەکو تورەبوون. یاخی‌بوون - توندوتیژی - لە بەرئەوە پێویستە شێوازی پەروەردەیی‌و تەکنیکی بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی لە کارتێکردنی کەم بکاتەوەو بیر لەرێ لا دان نەکات، باوك و دایك دەبێت بەردەوام بن لە یارمەتی‌دانی منداڵەکانیان و پەروەردەکردنیان - هەرچەندە پاش جیابوونەوەیان زمحمەتە ببنە هاوڕێ ، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە پەروەردەکردنیان سەرکەون و تا دەتوانن کەم تەرحەمی نەکەن بەرامبەریان و بۆ ئەوەی هەمیشە بەخشش و قوربانی‌دانمان گەورە بێ لە پێناوی حەسانەوەو خۆشی منداڵەکانمان ....

سمیرە محمد علي
ئامادەی کردوە

لەگەڵ چەند «یەکەم» ێکدا

پەخشان حمەامین عبدالله

- یەکەم ووشە کە بەزمانی ئادەما هات کاتێك روحی بە بەرا کرا «الحمدلله رب العالمین» بوو.
- یەکەم جوڵەی ئادەم پژمین بوو.
- یەکەم کەس کە سەلامی کرد ئادەم بو کاتی کە هەڵسایە سەرپێی
- یەکەم ئەدام کە لە ئادەمیزاد دروست بوو هەستی پێنجەم بوو ئینجا چاو ئینجا هەستی شەشەم بو وەدوا هەستەکانی تر.
- یەکەم کەس کە کرنوشی بۆ ئادەم برد ئەویش اسرافیل بو درو دی خوای لەسەر.یەکەم ڕۆژ کە دروست بوە وەناوی لێ نراوە ڕۆژمی یەك شەممە بو
- یەکەم شت کە دروست بوو شەو ئینجا ڕۆژ ئینجا هەتاو ئینجا مانگ
- یەکەم جار خوا ئاسمانی دروست کرد.
- یەکەم گیان لەبەر هەنگ بوو دوا گیان لەبەر میمون بووکە خوا دروستی کرد.
- یەکەم جار لە جیهاندا لە روی زەویدا کانرا دروست بوو ئینجا ڕوەك ئینجا ئاژەل ئینجا ئادەمیزاد.
- یەکەم کەس کە بەنزینی دەرهێنا لە نەوت ئەمەریکی بوو.
- یەکەم جار کە توتن چووە فەرەنسا سالی ١٥٥٩ بوو.
- یەکەم کەس کە چنگالی بەکار هێنا بۆ خواردن پاشا هنری سی‌یەم بو پاشای فەرەنسا بوو.
- یەکەم گەل کەهەولی دا کەوا بەدەستی خواردن نەخوات گەلی چین بوو.
- یەکەم فروکە هەڵسا لەسالی ١٩٠٣ بوو.

منداڵ لەڕێگای چونە قوتابخانەی بەتەنیا

وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە — تاهیر عوسمان محەمەد

منداڵە کە لە دایك دەبێ لەلایەن دایکیەوە ، چاودێریەکی زۆری دەکرێ. هەروەها لە لایەن ، ئەندامانی، تری خێزانەوە لەگەڵ ئەم، چاودێری کردنەدا، قوناغێکی درێژی، چاو دێری‌و نازگرتن و خۆشەویستی ، دەست پێدەکات کە تیایدا دایك، ڕۆلێکی تایبەتی ، ،دەبینێت لە پەروەدەکردن و پارێزگاری کردنی ، لە زۆربەی ئەو نەخۆشی‌و مەترسیانەی ، لەو ماوەیەی تەمەنی،تووشی دێن. بەڵام کاتێك، منداڵ، تەمەنی دەگاتە شەش، ساڵان لەگەلیا ، پێ دەنێتە قوناغێکی نو یێ ژیانیەوە.. هەروەها ئەچێتە جیهانێك، کە ئاوەهەوای زۆ ر لە هی‌ماڵەوە، جیاوازە ئەم جیهانە تازەیەش قوتابخانەیە لەم کاتەدا، هەندێك منداڵ ناتوانن ، بەتەنیا بچنە قوتابخانە . بۆیە پێویستە ، یەکێکی خێزانەکەیان، لەگەڵدابێت،هەندێ منداڵیش بەتەنیا، ڕێ‌ئەکەن ئەچنە قوتابخانە ئەمەیش دەوەستێتە سەر، دووری‌و نزیکی قوتابخانەو بواری ناوچەکە . چونە قوتابخانەی منداڵ ، بەتەنیا ئەوە دەرئەخا کەوا منداڵ هەست بەزۆر شت ئەکا یەکێك لەوانیش، سەربەخۆیی بونیەتی. لەم بارەیەوە دایکێك دەڵێ: - کوڕەکەم، بەتەنیا دەچێتە قوتابخانە.

لەدوا ڕۆژیش، زوو لەخەو هەڵ دەستێ‌و لە کاتی دیاری کراودا، رێگا دەگرێتە بەرو دەچێتە، قوتابخانە. بەڕاستی رێکەوتێکی گەورەیەو خۆشی‌یەکی، گەورەم دەکە . وێتە دڵ، لەگەڵیشیا ، کێشەیەکی ، ئالۆز سەر هەڵ ئەدا. ئەویش کێشەی رێگایە. چونکە مەترسی رێگا زۆر بوەو هەمە چەشنەیە چونە قوتابخانەی منداڵ لەگەڵ چەند هاوڕێ‌یەکی تری . زیاتر یارمەتی ئەدا، کەوا بەسەربەستی لە شەقامەکان بڕواو هەست بەدڵنیایی بحاو ترسی، ئەمینی بەلام بەدەست گرتنی هاوڕێیانیشی، تەمی تەنگ و چەڵەمەکە، ناردەیتەوە. چونکە منداڵ بەپێی سروشتی خۆی ، هەست بەبونی خۆ ی دەکاو دەیەوێ لەلای ، خۆیەوە شتێك بکا. وەکو ئەوەی لەنێوان دوو ئوتۆ مبیلدا ، بەرێکایەکی بێ‌ترس بچێتە لاکەی تری شوستەکە دیارترین ڕەوشتێکیش لەو قوناغەدا، لە منداڵ دیاربدا. هەڵپەو گاڵەو یاری تۆپینی ، سەر شەقامیەتی بێجگە لە بەپەلە ڕۆیشتنی، تالەکاتی خویدا بگاتە قوتابخانە. لە کاتێکدا میزاج و پلەی تێگەیشتن و فێربونی منداڵ، بێ‌گومان ، ئاستێکی چەسپاوو نەگۆڕی هەیە. منداڵ تاتەمەنی نەگاتە نۆ ساڵ ، ترسی پەرینەوەی شەقامی هەر ئەمێنێ. چونکە هۆکارە فیزیاویانەی نیە. تامەترسیان بەچاکی بەدی‌کا. بۆیە لەسەر باوك و دایکان پێویستە بە ئامۆژگاری کردنی منداڵەکانیان ، مەترسی رێگایان بۆ ڕوون، کەنەوەو رێگای راستیان ، نیشان بدەن. لەکاتی پەرینەوەو ببرینی شەقامەکاندا لێرەدا چەند خاڵێکی سەرەکی هەیە. پێویستە فێری منداڵ بکرێ‌و ئامۆژگاری بکرێ وەکو دەبێ منداڵ و (ئاماژەکانی هات و چۆ - اشارات مرورية) - ز ۆر دڵنیا نەبێ چونکە دوور نیە ، شوفێرێك ، نەتوانێ ئوتومبیلەکەی بوەستێنی هەرچەندە ئامارەکانی هات و چۆ رێگا ئوتۆمبیلەکە نادەن دەربچێ وەکو داگیرسانی گڵۆپەسورە کانی سەر شەقام ، ئەمەیش دەبێتە هۆی ڕودانی کارەساتی، جەرگ بروز ناخۆش . چەندشتێکی ترهەیە. پێویستە فێری منداڵ بکرێت . وەکوزۆر ئاگادار ی لە رێگا، تێی بگەیەنرێ. هەموو رێگاکان وەکو یەك نین و دەورنیە . ئوتۆمبیلێك بەوپەری خێراییەوە بڕوا . هەرچەندە رێگاکە تەسکیش بێ. وەدەبێ منداڵ سەیری لای ڕاست و چەپی بکا لە کاتی پەرینەوەی لەو شەقامەی بڕێ ئوتۆمبیلێن . ئەم خاڵە سەرەکیانە ڕێ‌نمایی منداڵ دەکا لە رێنما گشتی‌یەکان و وای لێ دەکا. هەست بە لێپرسینەوە بکاو باوەڕی بە خۆی بێت.

Institut Kurde de Paris

دەقی وتەکەی سەرەکی فەرمانده ـ پاشماوه

بروابەتر باشترو ووردتر دەجەنگێت پیاوی بروا کەمتریش کەمتر دەجەنگێت لە لایەنی چەشن و وێنەوە ئەنجا لە بەر ئەوەی من باوەرم بە بروابوونی ئێوە هەیە ئەوا باوەریشم بە توانابوونی کاربەرێوەبردنتان هەیە.

کەستان تێدا نییە دەستی نەرم بێت ئێستا هەموومان دەستمان نەرمە چونکە نە بەبێل و نە بەقازمە کار ناکەین بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە گوزەرانی گەلەکەتان ئاگادارن.

دەشبێت ووریا بین و بسڵەمینەوە چونکە تاقیکردنەوەی ١٨ی تشرین و کوودەتاکەی حافظ ئەسەدو دەست و تاقمەکەیمان لەبەرچاوە ئایا ئەوە دووبارە بکەینەوە جارێکیتر «جەمیلە نوێژەکەتان دووبارە بکەنەوە» وەك لە شرقات پەندەکە وا دەڵێت.. مەبەست ئەو نییە نوێژەکەمان جارێکی تر دووبارە بکەینەوە بەڵکو مەبەست هەلی نیشتمان و گەل و نەتەوەو ژیانە.. زۆر نەنگ و شەرمە بگرە پاش ئەوەیش کە مرۆڤ دەمرێت و خەڵکی درمبارەی دەڵێن کە سڵەمینەکەی راست و دروست نەبوو.

خوا دەست بە باڵتانەوە بگرێت.. گرنگترین سەربەرزی لای ئێمە هەموو ئەوەیە چۆن لە کاتی نووستن و لە کاتی دانیشتن و لە هەموو کاتێك دا پشووودار دەبین.. گرنگترین شت لە ویژدانمان دا ئێمە بە سەربەرزی و دەست پاکی و لێبرسراویەتییەوە خزمەتی گەل و مێژوو وێنستاو رابور دوو و دواوژمان کرد.. ئەگەر فلانە جێگری وەزارەت بوو بە پارێزگارو ئەو پارێزگارە بوو بە قایمقام و ئەو قایمقامە بوو بە جێگری وەزارەت و ئەو ئەندامی لقە بوو بە ئەندامی نووسینگەو ئەندامی نووسینگە بوو بە ئەندامی شوعبە گرنگ ئەم ناونیشانانە نییە..

ئێمە شانازی بەم ناونیشانانەوە دەکەین بەقەدەر ئەوەی هەلی خزمەت کردنی گەلمان بو دەرەخسێنێت و بەم واتایەیش دەبینە کۆیلەی ناونیشان نەك گەورەی..

ئێمە هەمیشە وەك عیراقیو نیشتمانپەروەر ئاواتمان ئەوەیە گەورەی ناونیشان بین نەك بە پێچەوانەوەو گەورەی دارایی بین بۆ خزمەتی گەل بەکاری بێنین نەك ببێتە گەورەی ئێمە.. کاتێك کەوا دەبین دڵخۆش دەبین ئەگەر پەنجاییەکمان لە گیرفان دا بێت دڵخۆش دەبین ئەگەر چەند ئەوەندە دیناریشمان بێت دیسانەوە دڵخۆش دەبین.. هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین. سڵاویشمان رابگەیەنن.

وتەی هاوکاری ـ پاشماوه

ئەمەریکاو رژێمە گەندەڵەکەی خومەینیش کە لە دەمێکەوەیەو پەردەی لەسەر هەڵدەماڵرێ نەیتوانی بەربەستی بەهێزیو بەتوانایی جەنگاوەرەکانی عیراق بکا..

هەموو ئەمانە ئەوە دەنوێنن کە عیراق تادێ بەرەو بەهێزی دەچێو دوژمنیش تادێ بەرەو لاوازیو شکستی دەچێو تا ئەم رژێمە فەرمانرەوای گەلانی ئێران بێ حالی گەلی ئێران لە ئێستایان باشتر نابێو بەڵکو رۆژانی گەلی رەشتر لە رۆژانی ئیمرۆی دەبینن.

● هاوکاری ●

سەرەك و ئەندامانی ـ پاشماوه

روونی کردەوە کە ئەنجوومەنەکە دەیەوێت لێکۆڵینەوەی یاسای ئاسان کردنی کاروباری هاوولاتیان تەواو بکات. ئەمەیش یەکەمین جارە لە مێژووی هەردوو ئەنجوومەنی نیشتمانیو یاسادانان دا ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانان ئامادەی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی ببن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگادری کاروباری ئەنجوومەن و شێوەی لێکۆڵینەوەو گفت و گۆ کردن ببن.. دەبێت ئەوەیش بزانین کە ئەنجوومەنی یاسادانان بایەخ بەمەسەلە یاساییەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەدات.

ئەوەی شایانی باسیشە کە لە کۆ بوونەوەکەدا ئەنجوومەن بە گشتی بریاری لەسەر پرۆژەی یاسایەکە دا کە بە هەنگاویکی چەشنەکی دەژمێررێت لە بواری پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بۆ هاوولاتیان.

هەڵو ـ پاشماوه

سەر سەنگەرەکانی دوژمن و زیانێکی باشیان لێ داو بۆ بنکەکانیان گەرانەوەو، لە کەرتی باکووریش هێزێکمان ئاگری هاوەن و توپخانەیان کردە سەنگەرەکانی دوژمن و زیانێکی زۆریان پێگەیاند، لە ماوەی دوو رۆژی رابوردوویش دا زیانەکانی دوژمن بەم چەشنە بووە.

کوشتنی ٢٥ سەربازی دوژمن و بریندارکردنی بیست سەربازو، تێکدانی دەسەنگەری پیادەو دوو سەنگەری چەك و دوو رووانگەو سووتاندنی چوار رەشاش و تێکدان و سووتاندنی سێ ئۆتۆمبیل و پەك خستنی هەشت ئۆتۆمبیلی تروپەك خستنی یەك شەڤڵ و سووتاندنی کۆمەڵێك تەقەمەنی سەرەرای بریندارکردنی زۆرسەربازی تری دوژمن لە ناو ئەو سەنگەرو رووانگەیانەی تێکدران.

ئەوینی ـ پاشماوه

بلند بو.. مروڤەکە زوی هەستا قرشکەکە وەکی خو لێ کرەڤە.

صەی گوتی: برادەرێ مە زورێ زیرەك بو.. بزانە.. چەوا زوی ب زوی مروڤەکە ئامادەکر بو خارنا مە..!

ریڤی خوە جڤجڤاندو حەزدکر زوی ب زوی ب گەهیتە گوشتی..

صە پێڤە چوو گوتی: دێ راوەستەدا گورگ بێتەڤە..!

صەی حەز دکر ب ڤێ ئاخفتنێ ریڤی هانیدمت تا زوی بچیت..

ریڤی گوتی: ئەز هیلاك بوم ژ برسادا.. دێ چم نەکە گورگ هەمێ بخوت.. صەی خوە موژیل کر... ریڤی خوە ڤەدزیو چو بو جهێ مروڤەکەی.. صە هێدی هێدی ب دیڤدا هات..

ریڤی خوە د پل نا هێرشی ب کەتە مروڤەکەی.. کەتە ناڤ کورکێ...

مروڤەکە هەستاڤەو صە ژی هاتە سەر دەڤێ کورکێو مروڤەکەی گوتی: ـ بزانن ئەو کەسێ خیانەتی بکەت پیلانا ب گێریت.. ئەو کەسێ درووا بکەت.. ئەو کەسێ ب رێنێ خراب ڤە بچیت.. دوماهیا وی هەر ئەڤەیە.. دێ کەڤیتە دناڤ کورکێت وەسادا.

گورگو تو ژی ریڤی.. دێ دناڤ کورکیدا بن.. هوین هەردوو گوشتێ یەك و دوو بخون.. تا بمرن.. وخیانەت ژی دگەل هنگو نەمینیت.. چاك بزانن:

«ئەو بێ خارێ بچینیت.. مرنێ دێ گویشەکەت».

بالەپێناوی ـ پاشماوه

کەوا بوو با من و تۆش لە بواری تواناو سەلیقەی خۆماندا ئەوەندە کە توانامان بە سەریا نەشکێو لە هەر شتێك کەلێی ئەزانین با کورتیو کەمتەرخەمی نەکەین و خۆمان ماندو بکەین و وزەی مێشکمان لەم بوارە پەرۆزانەدا تاقیبکەینەوە کە خیرو خۆشی تێکرای کۆمەڵی تیایە.

بادەستە پاچەیی بنێنە گۆرەوە. هەرگیزمانی ئەو جۆرە کەسانە نەدەین کە سەرپێیانە سەرنجی باری ژیانی کۆمەڵ ئەدەن و خۆیان لە ئەرکە گرنگەکانی سەرشانی کۆمەڵ ئەشارنەوە.

ئێمە مرۆڤی ئازاو لێهاتو رۆڵەو ئەوەی دوا قۆناغی سەدەی بیستەم نابێ لە کاری گران و ئەرکی ژیان بترسین. ئێمە بۆ پێمان ئەڵێن مرۆڤ بۆیە ناوی مرۆڤمان بۆ خۆمان هەڵبژاردوە کە لە بواری مرۆڤایەتیو بەزمیو کار کردن و بەرهەم هێنان و دانانی بنجینەی زانستیانەو دارشتنی شارستانیتی نوێدا خۆمان [illegible] کە.

پێویستە توانای فیکرو هێزی لەشمان یەك بخەین بۆ ئەوەی بتوانین

دزینە ـ پاشماوه

دزین کە ئێستا لە ئەڵمانیای رۆژهەڵات ناسراوە پێش ئەوەی خۆی بە دەستی هێزی سوڤیتەوە بدات، سەربازەکە ئەو تابلۆیانەی بە (٤٥٠) دۆلار فروشت لە کاتێکدا نرخەکانیان بە «٨» ملیون دۆلار دادەنرێ . وە توانرا ئەو تابلۆیانە کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی «١٤٩٩» بگەڕێنرێنەوە بۆ «فانیمار».

ـ لە ١٩٧٨/١٢/٢٤ دا لە شاری سانفرانسیسکۆ تابلۆی هونەری «بورتریت ئەون رابی»ی هونەرمەند «رامبرانت» لە موزەخانەی «ئەم . ئەج. دی یونك میموریل» دزرا نرخەکەی نزیکەی بە یەك ملیون دۆلار خەملێنرا. دوای دوو رۆژ تیپەڕ بوون بە سەر ئەو دزینەدا هەندێك تابلۆی دیکە دزران ، کە نرخەکانیان بە سێ ملیۆن دولار دانرا، لە گەنجینەی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە شیگاخۆ، ئەوانیش لە کارەکانی هونەرمەندی ئنتباعی فەرەنسی «بول سیزان» بوون.

ـ لە مایسی ساڵی ١٩٧٥ لە میلانۆ «سیو هەشت» تابلۆ دزران، کە نرخەکانیان بە «٨» ملیۆن دۆلار خەملێنرا ، لە موزەخانەی شارەوانی هونەری نوێ. لە کانونی دووهەمی ساڵی ١٩٧٦، ١١٨ تابلۆی هونەرمەندی جیهانی «پیکاسۆ» لە «بیلیز دس پیر» لە «ئەفیکون» بردران بەڵام لە دوایدا گەڕێنرانەوە.

تێبینی: ● ئەم ووتارە رۆژنامەی «قادسیە»ی رۆژی ١٩٨٥/١١/١٠ وەرگیراوە

ئەرکەکانی ژیان بە ئاسانی بەرێوە بەرین و جاو لە دەستی ئەم و ئەو نەبین.

لەکاتی تەنگانەدا یارمەتی لەم و لەو وەربگرین و لە کاتێکی ترا یارمەتیان بدەینەوە. لەشەو بخەینە سەر رۆژو لە بواری کار کردنا نەبەزین و کۆڵ نەدەربین.

پێویستە هەمیشە بەتیشکی بیری وردمان تاریکای شەو بسوتێنین و لەناو ئەو تاریکاییەدا جێ نەزمرکەی ژیانێکی روناك دامەزرینین.

کردنەوەی قوتابخانەو نەخۆشخانەو رێگاو بان و پردو راکێشانی کارەباو دامەزراندنی لولەی ئاوو گەیشتنی دەنگ لە هەر سوچێکی ئەم سەرزەسینەوە بۆ هەمو ناوچەکانی ژیان بەرهەمی رەنجی شان و باڵی ئادەمیزادو زادەی بیرکردنەوەی مرۆڤە.

[illegible] لە ئایەکەوەو لە جیگای خۆیەوەو بە نۆبەی خۆی ئەم ئەرکە پیرۆزە بەرێوە ببات.

بیرەوەریەکانتان ـ پاشماوه

ـ بیرەوەریەکانت دەربارەی گرانیو شەری جیهانی یەکەم و [illegible] چیە بۆمان بگێڕەوە؟

[illegible] کاتم زۆرە چەندی بڵێم لە بن نایەت. هەر کە تەپڵی [illegible]تیپەکانی عوسمانی لەسەر مزگەوتەکەی زرگوێز داری [illegible] هەڵخست، هەر گەنجێك سەرپێچی بکردایەو ناوی خۆی [illegible]یەو نەچوایە بۆ شەڕ، ئەوا لەبەر چاوی کەسوکارەکەیەوە [illegible]ا... لە دێکەماندا پەنجا تا شەست پیاو ناونووس کران و [illegible]شتن.[2] مێردی منیش لەگەڵیان.

[illegible] ئەڵەمان، کەوتنە شارەزورو بە هەموو لایەکدا بڵاو بوونەوە، [illegible] ناو ماڵەکانەوەو بەزمە تفەنگ ئەگەران، هەر دەغڵ و دانێکیان [illegible]ەوە ئەیان برد.

[illegible] بکە مەنجەڵە گۆشتیان لەسەر ئاگر هەڵنەگرت. کە برسێتی زۆری [illegible] کەوتنە خواردنی گژو گیای کێویو بە جارێك قریان تێکەوت.

[illegible] ئەوەی پیاومان نەماو بۆ ئەوەی بژین، لەزرگوێزەوە چووین بۆ [illegible] بۆ ناو خزمان ئەچووینە شار قاپ و قاچاخی مسمان ئەکریو بە [illegible]مان بردە هەورامان لەوێ بە پێوانەی مسەکە دووقات تومان [illegible]رت و ئەگەراینەوە پیاوان ئەچوونە میاندواوو گەنمیان ئەهاورد زۆر [illegible] گەرانەوەیاندا جەردەکانی ئەو سەردەمە لە سەید سادق، بارو [illegible]انیان لێ ئەسەندن و رووتیان ئەکردنەوە شەڕو گرانیەکە.

[illegible]ەند خەڵکی کوشت دوو ئەوەندە نەخۆشی لە ناوی بردن. سەگەلیش [illegible]دە گۆشتی مردوویان خوارد بوو چاویان سور بوو بوو. خێرەو [illegible]ی وابوو، رۆژی دە، دوانزە مردوی ئەخستە ژێر گڵەوە لە بیرمەو بە [illegible] خۆم دیم ئافرەتێ لەدێی قالیجۆ تاقە کچێکی مابوو، کچەش هەر [illegible]ماڵێك ئەبوو ئافرەتەکە مرد، سەگەڵ لاشەکەیان لە چاڵ دەرهاورد [illegible] خوارد کچەش ئەچوو بە دیار سەگەلەکەوە ئەگریاو سەگەلەکەش [illegible]ویان بۆ ئەهاوردو هاواری ئەکرد توخوا مەهێڵن دایکم بخۆن تا خێر [illegible]ێك چوو چاڵێکی قووڵی بۆ هەڵکەندو خستیە ناویەوەو داپۆشیو [illegible]کەی لە سەگەڵ رزگار کرد. ئەوانەی لەمانە دڵتەزێن تر بوو هاتنی [illegible]ی روسیای قەیسەری بوو، بۆ ناوچەی پێنجوێن و گرتنی ناوچەکە [illegible]لەو شەڕەدا زیانێکی زۆریان بە سوپای تووڕك گەیاند. سوپای [illegible]انیش لە ژێر فەرماندەی «ئەرکان»[2] دابوو، هەر لەو کاتەدا بوو [illegible]درا بە ناوچەی سلێمانیدا، کە کۆمەکی شێخی نەمر بکەن، بۆ [illegible]ەڵست کردنی سوپای روسیا، سەروك هۆزە کوردەکانی ناوچەکە، [illegible]ایەکی گەورەیان لە ژێر فەرماندەی شێخی نەمردا، کۆکردەوەو [illegible]ەڵستی سوپای قەیسەریان پێ کردو زەرەرێکی زۆریان پێ [illegible]ندن.[1] لە بانە، لە شەڕی روسەکاندا باوکی منداڵەکان بریندار [illegible]و ئەویش بە هەر حاڵ خۆی ئەگەیەنێتە قزڵجە. پێیان راگەیاندین [illegible]وکی منداڵەکانم بریندارەو رووتو قووتەو دەستێ جلی بۆ بنێرن، [illegible]ن بە حەسەن ئاویك دا بۆمان ناردو پاش ماوەیەك هاتەوە ناومان [illegible]بۆوەو ئیتر نەرۆیشتەوە.

کوردستانی ئێرانیش دا سوپای روسەکان قەتڵ و عامێکی [illegible]یان کرد ئەوەی پیاو بوو کوشتیان و ئافرەتیشیان بە مەمك براوی [illegible]ەهێشت، ئەوەی مایەوە لە ئافرەتی مەمك براوو منداڵی بێچارە، [illegible]دیوی عیراق دا بۆ ناوچەکەمان. من هەندێ لەو ئافرەت و منداڵە [illegible]نەم لە قالیجۆ بینی سوالیان ئەکرد خەڵکەکەش بەزمیی بە [illegible]ەهاتەوەو یار[illegible]تیان ئەدان و لە مردن رزگاریان ئەکردن..[*]

شەڕو گرانی لەوەدا بوو بەرەو تەواو بوون بروات، ماڵان چووە دەمرکان و باوکی منداڵەکان بوو بە گۆخڵی «کەریمی»[*] عەلەکەو هەروا کشتوکاڵی بۆ ئەکرد، ئەویش پارەیەکی باشی پێ ئەدا.. ئەم: کەریمی عەلەکەیە:

کابرایەکی گاور بوو یارمەتی زۆر کەسی داو لە مردن رزگاری کردن..

دوای ئەوەی ئینگلیزمکان[1] هاتنە سلێمانیو سەربازی تورك گەرانەوە وردە وردە گرانیەکەش بەرەو نەمان و سووك بوون رۆیشت. ئاوەدانی کەوتە ناوچەکەو ئێمەش لە قالیجۆوە هاتینە سلێمانی. باوکی منداڵەکان لە شارەوانی دامەزرا، ولاخێکیان دایە، بەم رۆژگارە هەرچی عەماری پێستەو مووو خوری بوو بە ولاخ ئەگوێزرایەوە بۆ قۆزیە شکاو لەوێ فرێ ئەدران و شارەکەیان پێ خاوێن ئەکردنەوەو مووچەیەکی باشیشیان پێ ئەدان،[2] ئەوەی بێ کار بو خرایە سەر ئیش.. حوقەی ئاردی جۆمان ئەکری بە دوانزە غازی، ئەم ئارامیە زۆری نەخایاند، شۆرشەکەی شێخ مەحمودی نەمر دەستی پێ کرد، فروکە هاتە سەر سلێمانیو بۆردومانی کرد، شارچۆڵ بوو، ئێمەش بە ماڵ و منداڵەوە گەراینەوە زرگوێز.[4] دوای ماوەیەك ئینگلیز توانی دامو دەزگاکەی سەر لە نوێ دامەزرێنێتەوە بەیاننامەی بە فروکە بەسەر شارەکەدا بڵاو کردەوە تیایدا داوای لە خەڵکەکە کرد بگەڕێتەوە سەر ماڵی خۆی، خەڵکێکی زۆر گەرایەوە ئێمەش هاتینەوە..

پ: ـ پێش شەڕەکە دەرمان و، خەستەخانە هەبوو؟

وەڵام: ـ لەو زەمانەدا دەرمان و حەکیم وەکو ئێستاکە نەبوو، ئەگەر یەکێك نەخۆش بایە ئەدرایە دەست خوا، جارو باریش نەخۆشمان ئەبردە سەر شەخس و لای ئەپاراینەوە شیفای بۆ بنێرێ.

پەناشمان ئەبردە بەر دەرمانی گەلی. کە لە گژو گیا دروستیان ئەکرد لە یادمە جارێکیان کابرایەك لە زرگوێز بووە میوانمان، خوشکێکم هەبوو لەشی ئاوسا بوو، رووی پرسی (ئەو کچە چیەتی)، ووتمان نازانین، ووتی: ئەمشەو دەرمانێکی بۆ ئەگرمەوەو چاکی ئەکەمەوە، هەڵسا جاترە کێویلەی بۆ کردە ناو مەسینەیەکی حەوجۆش و کوڵاندی، بەیانی زوو بە لولەی مەسینەکە، جاترە کێویلەکەی کرد بە دەمیا، ئاوسانەکەی نیشتەوەو چاك بۆوە.

پ: ـ ئەی لە بارەی منداڵیتەوە چیت لە بیرە؟

وەڵام: ـ بیرەوەریەکانی کاتی منداڵیم زۆرە ئەوەی لە یادم بێو بەلامەوە خۆش بوو بێ، کەبووك ئەگوێزرایەوە، شایی بۆ ئەکرا، رەش بەڵەك پیاو ژن دەستیان ئەگرت، شەریفیو سویش گۆرانی بۆ ئەووتن، بەو دەنگە ناسکەی مرۆڤی سەرسام ئەکرد. قازی رەسوڵ ناوێك بوو، نازناوی چەچۆڵ بوو، لە کەلی زرگوێز دەربکەوتایە دەنگی لێ هەڵئەبڕی، ئەوەی ئەی ووت ئەی ئەوتەوە گەلێ گۆرانی بێژی تریش بوون، وەکو ئەمینەسورو، شەریفی وحوو، کەریمی شانان، کە ئەمینە سورتێی ئەچریکان مەل لە دەنگی ئەوەستا. لە منداڵیم دا شەکرو چام بەچاو نەدی، بەیانیان شۆربامان ئەخوارد.

پ: ـ ئەی لە بارەی پیشەسازییەوە؟

وەڵام: ـ لەو زەمانەدا لەزر گوێزدا هەلاج هەبوو جیکەنە[3] یان ئەکردەوە. جۆڵا بوو جاوی ئەکرد. چەند ئافرەتێك تەونیان ئەکردو مافورو، بەرەو، جاجم و بەرماڵیان دروست ئەکرد.

لەکۆتاییدا سوپاستان ئەکەم و داوای تەمەن درێژیان بۆ ئەکەم.

دەمەتەقی ـ پاشماوه

بەدەستێك هەڵئاگیرێت لایەکیان بگرەو واز لەو دوایان بهێنە.. هیوادارین ئەمە لەم بەرهەمە تدا دووبارە نەبوبێتەوە

و ـ ئەمە لە رابردوو دابوو. کە هیچ دەستێکی یارمەتیمان بۆ نە ئەهاتە کایەوە، بەڵام ئەم بەرهەمەمان جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ نووسین و دەورووبینینەکانی رابردوماندا وەبە تایبەتی ئەم چیروکە کە ژمارەیەکی زۆر لە برادەرانی هونەرمەندان و هونەر دۆستان کاریان تیا کردووە چ لە بارەی نووسینەوە یان لە بارەی دەرهێنان و نواندنیشەوە.. وەبە تایبەتی دەرهێنەر یاریدەدەرکەی سەرپشك بوون لە هەموو گۆڕانێکدا، بە مەرجێك لە خزمەت چیروکەکەدا بێت چ لە بارەی نووسین یا چ لە بارەی هونەریەوەبێت.

ب ـ چۆن (بەرد لە جێی خۆی سەنگینە) هاتە بەرهەم؟

و ـ یەکەم لە بارەی نووسینەکەوە وەکو لە سەرەتاوتمان چارەسەرکرنی گیروگرفتێکی ناو خێزانە.. من ئەمەم زۆر ئەبیست بۆیە ویستم بە شێوەیەکی نواندن ئەم گیروگرفتە بخەمە رووبۆ ئەوەی بینەران کە ئەیبینن دووركەونەوە لەو گیروگرفتانەی یەت بەسەر خێزانەکەیاندا، کە ئەبەتە هۆی تێك چوونی خێزانەکە..

پاش تەواو بوونی دەقەکە ویستم بە شێوەیەی نواندن پیشانی بدەم.. لە سەر شاشەی تەلفزیون.. لە هەوڵێر نەرمخسا بەرهەمی بهێنم لە دوایدا بریارم دا کە دەقەکە لە سلیمانی بهێنمە بەرهەم بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندیم بە هونەرمەندی ناسراو کاك (نوزاد مجید) موە کرد ئەویش پاش خوێندنەوەی چیروکەکە بریاری خوی لە سەردا.. پاش دەستکاریەتی کەم.. لە کۆتاییدا وە لەسەر سووربوونی هونەرمەندان توانینان بەسەر هەموو کۆسپەکاندا زاڵ بین وەچیروکەکە بێتە بەرهەم وەئەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین کە زۆربەی زۆری ئەکتەرانی نا و چیروکەکە بۆ یەکەم جار هاوبەشی ئەکەن، دوای ئەوەی کە داوای لێ بووردینان کرد وەئەمەش نەبووە کۆسپێکی گەورە کە چیروکەکە بەرەو پێشەوە نەروات.. بەهۆی دڵسوزی دەرهێنەری چیروکەکە کاك ناصر حسن ویاریدە دەرەکەی کاك ئەوارد مەجید کە هیچ کەم تەرخەمیان نەکرد لە بەرهەم هێنانی ئەم چیروکە.. چیروکەکەمان بە باشی هاتە بەرهەم.

ب ـ چاو پێ ککەوتنەکەمان سەرپێیە بۆیە دوا پرسیارمان بێ پرسیاران حەزئەکەن چ جەماوەر ابکەیەینن خۆتان سەربەستن

و ـ ئەمەوێ بەناوی خۆم و هەموو بەشدارانی چیروکەکەوە گەلێ سوپاسی ئەو کەسانە بکەم کە خۆیان و ماڵەکەیان تەرخان کرد بۆ بەدی هێنانی ئەم چیروکە بە تایبەتی:

ماڵی [حەسەنی حەمە، حاجی حەسەنی درمیی، نوری هونەر، نەوزاد مەجید، جەمال سابیر، کاك هاشم..

هەروەها سوپاس بۆ ئەم برایانە وەکو:

ا ـ بەرێوەبەری کارگەی جل و بەرگ لە سلیمانی

ب ـ بەرێوەبەری پەروەردەی سلیمانی

ج ـ خاوەنی پیشانگای موبلیاتی سلیمانی

هەروەها سوپاسی تیپی موسیقای مەولەویو لە سەرووی هەمویانەوا کاك گۆران ابراهیم خیاط و کاك صلاح رۆویش کە زۆر یارمەتیان دایین.

سایکۆلۆژیەتی

ـ پاشماوه

چوارەم: لاپەرەکانی جۆرە لاپەرەیەك بەتایبەتی بۆ چیروکی منداڵ پەکار دێ زوو نادرێ.

پێنجەم: رەنگی وێنەکانی سروشتی بێ رەنگی تایبەتی ئەم بۆ منداڵ ئەم خالانە. یا ئەم پیوستیانە زۆر کار ئەکاتە سەر منداڵ سەرنجی رائەکێشێ خۆشی ئەوێ لەیادی ناچێتەوە هەروەها بەم جۆرە رێگەی پەروەردەیی راست بەکار دێنین کەواتە لە ئەنجاما ئەتوانین بڵێین شێوە دەورێکی باڵای هەیە بۆ منداڵ ئەمیش پێك هاتووە لە وێنەو جۆری گیرانەوە بۆ دەربرینێکی تەواو بەتایبەتی ئەو پیویستیانەی کە باسمان کرد وزەو توانای زیرەکی منداڵ پەرە پێ ئەدا.

لە چالاکیەکانی ـ پاشماوه

بەترسەوە راکشام و
خەوم بینی
شەو لە خەوما لە ئاسمانا
لووەرەی گەلە گورگێك دەهات
رێکەیان بە مانگ دەگرت و
چاوی زەقیان
لە ئەستێرەی گەشی
ئاسمان دەر دەپەراند..

× × ×

هەر لە هەمان هۆڵدا سەر لە ئێوارەی رۆژی هەینی رێکەوتی ١٩٨٦/١١/١٤، بە رێوەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەر کۆرێکی بۆ چیروك بە ناونیشانی (لەبەردەم ئاوینەکەدا، خوێندەوە کاك «بەهات حسیب قەرەداخی» سەبارەت بە چیروکەکە سەرنج و لێکۆڵینەوەی پێش کەش کرد.

جێگای باسە کە سەرەتا بەرێز کاك [شەهاب عوسمان] وتاری بەرێوەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەری سلیمانی پێش کەش کرد.

کۆرەکە لە لایەن شاعیری لاو کاك «جەمال غەمبار» بەرێوەبرا لە باسی هونەری نێوان شیعرو پەخشاندا چیروك نوسی پێش کەش کرد.

هەڵسەنگاندنەکەی «بەهات حسیب» لە سەر روکاری شێوەی چیروکەکە بوو، دوای تەواو بوون و هەڵسەنگاندی چیروکەکە، چەند کەسانێك لە ئامادە بووان گفتوگۆیان لەسەر چیروکەکە کرد. لەوانە چیروك نوس شیرزاد حسن، عبدالکریم حسن، کومەلێکی زۆر لە ئەدیبان و ئەدەب دۆستان ئامادەی کۆرەکە بوون.

کاروانی ـ پاشماوه

بەڵام کاروانی خەم بەرێ کەوتووە، دەرِوا،
دەرەتانی راوەستانی نیە ئەو زۆرلێکراوە.
دەشگریاو یارە چکۆلە گیانی بە گیانی یەکەشی رادەموسی،
«یالله» گونی، بارە گرانەکەی بە کۆڵی دادا.
دڵم زەبوونی بێ چارەیی، بەرێ کەوتم،
بە رازێکی پەنامەکیەوە ویستم داخی دڵ
هەڵ رژێم،
بە نیگاهی ئاوارەوە، لە خەڵك گورێزو سرك و سڵۆك،
دیار بوو لە پەنایێك دەگەڕا ئاووڕووی پێ بیاریزێ،
پرسیم، خانم کوێندەرین؟ مووشیم: گولی.
بۆ کوێ؟ کڕ بوو، کەساسانە کزایەوە،
نسیب لە کوێ خستی، سەر لەوێیە،
دەربەدەرین ئیتر، پرسینی دەوێ؟
لە من گولی لە زنجیرە سەربەهوردگرتن و
لەو بەسەرهات و فەلاکەت گێرانەوە:
ئەگەر دەزانی، گوتی، باوەم چ زاتێکی گەورەو بە شان بوو،
نەوەی حوسەینی، سەییدی بلیند سیفات بوو،
ئەوەی کە لە شەڕەکەمان دا سەربازی کافران
خەریك بوون لە ئەستەمووڵ رۆبێن،
چوو، دژمنی لە چەتاڵچە کشاندەوە،
چەند رۆژنامە بەشان و باهووی‌دا هاتن.
زۆری نەخایاند،
رەگ و رەچەڵەکمان لە بن هاتن،
باپیریشم و براکەشم ئەو رۆژە شەهید بوون،
بنەماڵە پازدە کەسی‌یەکەمان سەر لەبەر کوژایەوە،
هەویای ئەوەڵ و ئاخرم ئەم منداڵە سێوی‌یەیە،
بەختەوەر خۆی، تەمەنی وەفادار بێ.
تۆ بڵێی بە چاوی خۆم بینم پێ بگا،
ئەم وڵاتە ئازیزە لە دژمن رزگار بکا،
ئێش بکوژێ، ناویشی بەم ئامانجەوە بلیند بکا.
روانیم وەك مێچکە شێری دەچێ،
دڵی ئازاناکی بەسوێی نیشتمانەوە دەچووزلێتەوە،
پیاو، بەرانبەری، چەند خۆ بەکەم زانە،
ژنی وا جێ‌شانازیی گەل و نیشتمانە

(*) ئەم قەسیدەیە لە رۆژنامەی «ژین»دا کە «سۆمەڵی هاوکاری» پێشکەوتنی کورد لە ١٩١٨ دا دەری دەکرد بڵاوکراوەتەوە. قەسیدەکەی (سیماچیلی تەڤین)ە کە پیرەمیردی نەمرە.

Institut Kurde de Paris

هەرجارێ نووسینێك

بە هیوای ئەو ڕۆژەی «شار» ئەبێ بە فلیم.. بە هیوای ئەو ڕۆژە «شار» ئەگا بە ئەنجام..

محمدی مەلا کریم

هەر ئێستا کە خامەم بە دەستەوەیەو دەستم بە نووسینی ئەم چەند دێرە کردووە، هەر ئێستا لە خوێندنەوەی دوادێری «شار» بوومەتەوە.. دوو دڵۆپ فرمێسکی گەرمیش بەم ئێوارە وەختە ساردەی ئەم ڕۆژەی پایز، تشرین و یادە پڕۆزەکانی تشرین لە مێژووی وڵات و جیهاندا، لە گۆشەی هەردوو چاومەوە بە سەر گۆنامدا هاتنە خوارو، بە پەنجەی شایەتیمانی چەپم سڕیمن.. چەند ڕۆژ بوو بە «شار» دا ئەگەڕام، لەگەڵ ڕووداوەکانی «شار» ئەژیام.

لەگەڵ کرێکارەکانی شار خەریکی قورەکاری بووم.. جاروباریش لە چاخانە بچووکەکە، بە یادی چاخانەیەکی‌وای بچووکی چارەکە سەدەیەکی لەمەوپێشەوە، لەگەڵیان دائەنیشتم، گوێم بۆ قسەی خۆش و هەمەچەشنەی ئەو خەڵکە نیازپاك و ستەیدیدانە شل ئەکرد.. لەگەڵ ئەوەرەحمان و خورشید، زایەرو خولە وەك سێبەرم شوێنم ئەکەوتن، هەروەك شمڵی شەڕ ڕاوەدوویان ئەنام، لە بەندیخانەیان توند ئەکردم، لێیان ئەدام.. لەگەڵ مریەمی سێ کەرەت و چوار کەرەت دیل، بە دەست چەند جۆرە جەورو ستەمی کۆمەڵایەتی‌و دەردی پاشکەوتوویی‌یەوە هاوارم بوو.. هەوڵی هەڵاتنم ئەداو بۆم نەئەچووەسەر..

لە بەرێ کردنی تەرمی شێخ و دەیانی‌تری ڕێبواری خەباتی ئازادی بەخشدا بەشداریم ئەکرد.. لەگەڵ خەڵکی گەرەکە بەر لافاو کەوتووەکانی «شار» بەدوای لاشەی منداڵێك، پیرێك، پەك کەوتەیەکا ئەگەڕام ئاو ڕایماڵیبێ‌و کردبێتی بە یەکێ لە شیوە قووڵ و درێژەکانی «شار»دا، یا قوڵم لێ هەڵاڵیبوو لێفەشرو کاسەو کەوچکە شکاوی ماڵە هەژارێك لە ژێر دارو پەردووی کەلاوەیەکی داتەپیو دەربێنم.. لەگەڵ فەرهاد ڕێکەم بۆ خەڵك دائەناو ئامۆژگاریی برادەرەکانم ئەکرد.. لە نێوان چارەسەری تاکەکەسی‌و چارەسەری ڕیشەکێش و بن بڕدا دوودڵ ئەبووم، بەڵام سەرەنجام ڕێی ڕاستم هەر ئەدۆزی‌یەوە. گەشتی خۆم بەناو «شار» دا درێژە پێ دا تا ئەو ڕۆژەی گوێم لە دەنگی زوڵاڵی بانگ ڕاهێنی سەحەریی «ئێرە ئێزگەی ڕادیۆی کۆماری عێراقە» بوو، ئیتر، بێ ئاگا، خۆم لە سبەینانێکی وای بیست و هەشت ساڵ لەمەوپێشدا دی‌یەوە، وەك وێم، دوو دڵۆپ فرمێسکی شادمانیم لە چاوانەوە هاتنە خوار، لە چاو ترووکاندنێکا هەرچی دەردو ئازارو کەسەری تەمەنمە، مەمووم لە بیر چووەوە.. کەوتمە جیهانێکی بەتەواوی نوێوە.

من، پێی لێ ئەنێم، ئەوەندە شارەزای هونەرو تەکنێکی کاری ئەدەبی نیم، بەڵام لام وایە ئەزانم ڕۆمانی باش و چێوکی سەرکەوتوو کامەن.. ئەزانم بۆ گەلێکی وەك گەلی ئێمەو لە وڵاتێکی وەك وڵاتی ئێمەدا، ئەوەن بە شێوەیەکی دڵگیر، دوور لە قسەی ڕووتی سەرزارەکی، دەردی گەل دەرئەبڕن.. دەستی ئەنێنە سەر بڕینەکانی.. هیوای پیشان ئەدەن و ڕێگای پێ گەیشتنی بۆ دەستنیشان ئەکەن..

«شار» ئەو ڕۆمانەیە..

هەرچەند گەلێ چیرۆك، یا بڵێین تەنانەت ڕۆمانیشم بە کوردی خوێندووەتەوە کە بەر ئەم وەسپە بکەون، هەر لە کتێبەکەی دوکتۆر ڕەحیمی قازی‌یەوە بیگرە تا نەگاتە «ژانی گەل» و چی تریان بە نێوانا هاتبێ، یا لە پێش ئەوان و لە پاش ئەوان بڵاو بووبنەوە، ئەو تامەی لە «شار»م چێشت لە هیچ بەرهەمێکی پەخشانی تری کوردیم نەچەشتووە. «شار» تۆماری بەشێکی شان و شکۆی شارو خەڵکی شارو ڕابوردووی شارە. خۆم و زۆری وەك خۆمم تیا دی‌یەوە.. گەلێ سەربازی ونی ڕێگای بەختەوەریی گەل و ئازادیی نیشتمانم تیا بەدی کرد.. ئەوەندەی هەموویشی بەوە گەشکەم کرد کەوا حوسێن عارف دۆست و برادەرم سەرەنجام گەڕایەوە بۆ سەر ئەو ڕێگا ئەدەبی‌یەی لە ئاستی تێگەیشتنی ڕەشە خەڵکەکەی وەك منی وڵاتەکەمانایەو، شتێکی بۆ نووسین کە گرتیان بەدەستەوە تا دوا دێری نەخوێننەوە وازی لێ نەهێنن.

من وا ئەمە ئەڵێم و لایشم وایە بەهەڵە نەچووم. بەش بەحاڵی ئەدەبی کورد «شار» ڕۆمانێکی جیهانی‌یە، ئەو ڕێگا سەخت و دژوارە ئەبڕێ کە گۆرکی تەخت و چەوڕێژی کردو، هەموو ڕۆمان نووسە ڕیالیستەکانی جیهان پیا ئەڕۆن..

دەك، دەس و پەنجەت نەرزێ حوسێن و.. بە هیوای ئەو ڕۆژەیش کە «شار» ئەبێ بە فیلم و، هەموو ئەوانەی لە ڕووداوەکانیا بەشدار نەبوون، بە چاو ئەبینن.

بە هیوای ئەو سەردەمەی ئەم ڕۆمانە بە ئامانجی گەورەی خۆی ئەگات..

شیعر بۆ منداڵان

جەزا عەلی ئەمین

«مۆسیقاو گۆرانی»

ئەی ئاوازی مۆسیقا
دەنگت با بە من بگا
دەروونم بخرۆشێنە
پەستیم لێ بتۆرێنە

ئەی ئاوازی گۆرانی
تۆ چاوگەی کامەرانی
هەر کاتێ دەگەیە لام
شادی میوانە لە لام
بە بست جیا نابێتەوە
لێم دوور ناکەوێتەوە
. .
دەسا دەی گۆرانێ بێژ
تك، تك ئاواز بتکێنە
وشەی جوان بوەرێنە
ڕەگی خەمم دەربێنە!

چیرۆك بۆ منداڵان

شەڕە کەڵەشێر

تایەر سالح سەعید

فەرەیدون کەڵەشێرێکی قەترانی پۆپنە سوورو، فەرهاد کەڵەشێرێکی سپی سپی پۆپنە پان و، چقە ئەستوورە هەبوو.

هەموو ڕۆژێك ئەم دووانە، ئەو دوو کەڵەشێرەیان بەرامبەر بەیەك ڕادەگرت و، بەشەڕیان دەدان. ئیتر ئەو دووکەڵەشێرە، بە پۆپنەی یەکتری‌دا دەنووسان و، لە کۆڵ یەکتری نەدەبوونەوە. تا سەرو چاوی یەکتری‌یان، دەهێنایە خووارەوەو، لە پەل و پۆ دەکەوتن. ئەوسا خاوەنەکانیان دەکەوتنە بەینیان و لە یەکتریان جوێ دەکردنەوەو، هەر یەکەیان کەڵەشێری خۆی لە بن دەست دەناو، دەیبردەوە. تا لە ڕۆژانی داهاتوو دا بەگژ یەکیان دا بکەنەوە.

ئەو دو کەڵەشێرە، ئەوندە کرابوون بەگژ یەك دا، بێزار بووبوون. ڕۆژێك لە کۆڵانێك لە کۆڵانەکانی گەرەك دا تووشی یەکتری بوون. لە پێش دا هەر یەکەیان، خۆی لەوی تریان گیف کردەوە. بەڵام ئەمجارەیان وەك جارەکانی تر، ئامبازوی سەری یەکتری نەبوون و بەپێچەوانەی جارەکانی ترەوە ئارەزووی نزیك بوونەوەی یەکیان دەکرد.

ئەو دوو کەڵەشێرە دووای ئەوەی تاوێك بە دەوری یەکتری‌دا هات و چوون. کەڵەشێرە شپی‌یەکەیان بە کەڵەشێرە ڕەشەکەی ووت:

هاوڕێم لە دەمێکەوە شتێك لە دڵایە، دەمەوێ پێتی بڵێم. کەڵشێرە ڕەشەکە، لە کەڵەشێرە سپی‌یەکە نزیك کەوتەوەو، پێی ووت:

فەرموو، شەرم مەکە، چیت پێیە بیڵێ.

کەڵەشێرە سپی‌یەکە ووتی:

دەمێکە من و تۆ لە لایەن خاوەنەکانمانەوە، ئەدرێین بە شەر. وانی‌یە؟.

کەڵەشێرە ڕەشەکە وەڵامی دایەوە:

با، چۆن وانی‌یە؟!

کەڵەشێرە سپی‌یەکە لە سەر قسەکانی ڕۆیشت و ووتی:

جاکە وایە ئێمە بۆ بە قسەی ئەوان بکەین؟

کەڵەشێرە ڕەشە قەترانی‌یەکە ووتی:

ئاخر خاوەنەکانمان لێمان ڕازی نابن و، لەوانەیە چەقۆ بخەنە ملمان و، سەرمان ببڕم. تۆ خۆت نازانی مرۆڤ چەند زاڵمن؟!

کەڵەشێرە سپی‌یە پۆپنە پانەکە پێی ووت:

باچیان لەدەست دێ بیکەن. ئەمڕۆش نەبێت ئەوان هەر سەرمان دەبڕن و دەمانخۆن. ئیتر ئێمە لە سەر بڕین بۆ بترسین. وانی‌یە؟!

کەڵەشێرە ڕەشەکە دووای نەختێك بیرکردنەوە ووتی:

وایە.

کەڵەشێرە سپی‌یەکە، درێژەی‌دا بە قسەکانی‌و ووتی:

ئێمە بۆ ئەوە دروست نەبووین ئازاری یەکتری بدەین. لە یەك هەڵدەین، بەگژ یەکتری دا بکرێین.

کەڵەشێرە ڕەشەکە گورج قسەکەی لە دەمی قۆستەوەو ووتی:

ڕاست ئەکەیت هەرگیز ئێمە بۆ ئەو شتانە دروست نەبووین.

ئێمە بۆ ئەوە دروست بووین، بەبانیان زوو زوو، لە تەك تاریك و ڕوون دا، بە دەنگە خۆشەکەمان جووتیارەکان لە خەو خەبەر کەینەوەو، ڕەوانەی سەر ئیش و کاریان کەین. کەڵەشێرە سپی‌یەکە، نزوکێکی دا لە زەوی‌یەکەی بەردەمی‌و، ووتی:

ئافەرین، قسەی تۆیە، ئەمەیان ئیشی ئێمەیە.

کەڵەشێرە قەترانی‌یەکە کەوتە بیر کردنەوە، دووای تاوێك بە کەڵەشێرەکەی هاوڕێی ووت:

جا ئێستا چی بکەین؟

کەڵە شێرە سپی‌یەکە ووتی:

ئەزانی چی ئەکەین؟

کەڵەشێرە ڕەشەکە ووتی:

چی؟

کەڵەشێرە سپی‌یەکە پێی ووت:

کە شەڕە کەڵەشێریان لێ ویستین، ئەتۆ وەرە بەگژ من داو، نە منیش دێم بەگژ تۆدا. ئەوسا ناچار خاوەنەکانمان لە کۆڵان دەبینەوە.

کە ئەو دوو کەڵەشێرە لە قسەکانیان بوونەوە. هەر یەکەیان بە لایەك دا ملناو لێی‌دا ڕۆیشت. بۆ ڕۆژی دووایی جارێکی کە، خاوەنەکانیان ئەو دوو کەڵەشێرەیان ڕاگرتەوە، بەنیازو تەمای شەڕەکەڵشێرێکی کە. بەڵام ئەو دوو کەڵەشێرە، ئەو ڕۆژە نەبەگژیەکتری دا چوون و نە لەیەکتری‌یان هەڵ دا. خاوەنەکانیان کە ئەوەیان لێ دین، هەریەکەیان کەڵەشێری خۆی خستە بن دەستی‌و، بردی‌یەوە. ئیتر لەو ڕۆژەوە کەس لێی نەدین، ئەو دوو کەڵەشێرە بەگژ یەکتری‌دا بچن و خەڵکی بە خۆیان خۆش کەن. لەوە بەو لاوە کە هەموو بەیانی‌یەك زوو زوو دەپەرینە سەر گویسوانەی ماڵەکانی ئاوایی‌و بەدەنگە خۆش و بەرزەکەیان ئەیانخوێنند، ئەیناخوێنند تا جووتیارەکانیان لە خەو خەبەر ئەکردەوەو ڕەوانەی سەر ئیش و کارەکانیان ئەکردن.

رانیە

دووەم پێشانگای تایبەتی هونەرمەند

«پێرس ئەحمەد»

لقی دەزگاکەمان لە سلێمانی، لە یادی ڕۆژی شەهیدا، ڕۆژی شکۆداران، دووەم پێشانگای تایبەتی هونەرمەند «پێرس ئەحمەد» لە قەزای ڕانیە ساز دەکات.

بەرێز قائمقامی قەزای ڕانیە مامۆستا علی عزیز عباس دووەم پێشانگای تایبەتی هونەرمەند «پێرس ئەحمەدی» کردەوە. کە لقی دەزگای، ڕۆشنبیری‌و بڵاو کردنەوەی کوردی لە هۆڵی مەلبەندی لاوانی ڕانیە بۆی ئامادە کردبوو. لە ١٩٨٦/١١/٣٠ تا ١٩٨٦/١٢/٤. ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەر ی هونەر دۆستی شاری ڕانیە، بەدیداری بەهرەو دەست ڕەنگینی هونەرمەندی لاو (پێرس) شاد بوون.

پێشانگا خنجیلانەکە بریتی بوو لە (٢٨) کاری هونەری هونەرمەند، لە هەڵکەندن «نحت»و هێڵ کاری «تخطیط» هونەرمەند لە سەرجەمی کارە هونەرەیەکانیی‌دا توانیبوی سەرکەوتن وەدەست بهێنێ، وەستایانە مامەڵە لەگەڵ دیمەنەکاندا دەکات . بەڕاستگۆیی بەرچڤەی واقیعی ژیان بدرکێنێ.

ئەمە وێڕای ئەوەی کە کاك پێرس یەکەمین پێشانگای تایبەتی بە (٢١) تابڵو لە کتێبخانەی گشتی قەڵادزێ، هەر لە چالاکیەکانی دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کورد پێشکەش کرد. کارەکانی جێگەی ڕەزامەندی زۆربەی دیدەنی‌کاران بوو.

هونەرمەند بەرهەمەکانی خۆی لە چەند بەرهەمێکی جۆر بە جۆردا تەماشا دەکات، گۆرانکاریان پێوە دیارە. لە شێوەی ڕێبازی ڕیالیستی‌و ئەکادیمی‌و دەربڕینی فۆلکلور ، هەوڵ ئەدا کە ڕۆشن کردنەوەی هیواکانی ژیانی پێوە دیار بێت.

هونەرمەند پێرس ئەحمەد لە ساڵی ١٩٦٥ لە قەڵادزێ هاتۆتە دونیاوە لە ساڵی ١٩٨٦ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواو کردوە، بەشداری فێستفاڵی ساڵانەی پەیمانگای کردوە، بە تابلۆی هەمە چەشن.

(پێرس)ی هونەرمەند دەڵێت: بەرەو ڕێبازی هونەری تەعبیری

هەنگاو دەنێم دەوێ ئەوە ئاشکرا بکەم، کە نزیك ترین کەس زوڵی هەبووبێ لە پێگە یاندن و خوڵقاندنی ئەم ئارەزووە بەشێوەیەکی سەرەکی مامۆستای بەڕێزم (دارا حمە سعید،)بوو، کە لە بواری نوێ خوازی‌دا زۆر شتی فێرکردین.

نیازی حمە عزیز

پ - هاوکاری

لە چاپگراوەکانی دەزگاکەمان

ژمارەی نوێی گۆڤاری (بەیان)

ژمارە (١٢٥)ی گۆڤاری (بەیان) کە لە دەزگاکەمانەوە (دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی)یەوە دەردەچێت بە بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگی بە وێنەی کچە کوردێك ڕازاوەتەوە کەوتە بەردەستی خوێنەران.

لەم ژمارەیەدا لە تۆماری جەنگ دا ئەم باسان بڵاوکراونەتەوە: (صدام حسین) ڕابەرو سەرکردە - علي حسين، هەمی دەنگ بۆ صدام - هەڤاڵ احمد، کۆیلەی برسی - پیر باڵ محمود، شەهیدانی نیشتمان - سەلامی ڕەواندن، تفەنگ - ئەحمەد ڕێبوار، نامەی جەنگاوەرێك - کەلاویژ حسن).

لە بەشی لێکۆڵینەوەیش دا ئەم باسانە بڵاوکراونەتەوە: (ڕێکچەشکێن د. احسان فؤاد، چەپکێك لە گوڵزاری.. مستەفا نەلایمان، ڕەخنە لە نێوان خوێنەرو داهێنان دا - ئازاد عبدالواحد، شی‌کردنەوەی دەرهێنانی شانۆیی - کەمال هەنجیریەیی، لەبارەی پڕۆژەی.. عبدالقادر دەباغی).

لە گۆشەی شیعریش دا ئەم بەڕێزانە بەشداریان کردووە: (کاکە فەللاح، عوسمان هەورامی، حیلمی عەلی شەریف، عوسمان عونی، شەماڵ، جەمال غەمبار، مقداد مروان، علی محمد بندی، تاڤگە احمد، قادر ابراهیم حسین، إبراهیم احمد شوان).

لە بەشی چیرۆك و ڕەخنەو کەلەپووریش دا ئەم بەڕێزانە بەشداریان کردووە (محمد رشید فتاح، احمد محمد اسماعیل، د. کاوس قەفتان، عوسمان خواکەرم، معتصم ساڵەیی، عبدالله حسن زادە، فەریدون علی امین، لەتیف هەڵمت، نزار محمد سعید، خالد جووتیار).. سەرەڕای بەرهەمی لاوان و ڕاپۆرتی ڕۆشنبیری بەیان و یانەی بەیان.

خۆی

فەرهەنگی ئەدیب و نووسەرانی کورد

چاپکراوی، نوێ

بە یارمەتی ئەمیندارایەتی گشتی‌ی ڕۆشنبیری‌و لاوانی ناوچەی کوردستان، کتێبی (فەرهەنگی ئەدیب و نوسەرانی کورد) لە نووسینی مامۆستا مستەفا نەریمانە کەوتە بازاڕی چاپەمەنی کوردییەوە، شایانی باسە ئەو فەرهەنگە ناوی ئەو ئەدیب و نووسەرانەی تێدایە کە تا ساڵی ١٩٨٣ بە کوردی‌و عەرەبی کتێبیان بە چاپ گەیاندووە.

لە بارەی مەحوی لوتکەوە

لە بارەی مەحوی لوتکەوە

هەروەها بەیارمەتی‌ی ئەمیندارێتی گشتی‌ی ڕۆشنبیرو لاوان کتێبی (لەبارەی مەحوی لوتکەوە) لە نووسینی پێشکەی‌و ڕوونکرنەوەو ئامادەکرنی عەبدوڵلا عەزیز خالد (ئاگرین) بەم زووانە دەکەوێتە بازاڕەوە، کە بریتی‌یە لە پڕۆژەیەکی ئەدەبی چەند ئەدیبێك نووسیویانە

کۆچی دوایی (کامەران موکری)ی شاعیر

وا کۆستێکی گەورەی دیکەیش لەو وێژەکەمان کەوت، ئەوە بوو ڕۆژی یەك شەممەی ڕێکەوتی ٧ ی ١٢ ی ساڵی ١٩٨٦، شاعیری ناوداری کورد (کامەران موکری) بە نەخۆشییەکی کوت و پڕی لە شاری هەولێر بۆ یەك جارەکی چاوی ژینی لێك ناو ماڵئاوایی لە جیهانی وێژەو وێژەوانان کرد.

بەبیستنی ئەم هەواڵە جەرگبڕەیش، شاعیرو نووسەرو ئەدیبانی کوردستان گورج بە خۆکەوتن و بە پێشوازیی غەمبارانەوە بەپیری‌ی تەرمەکەیەوە چوون و بەشکۆو ڕێزەوە بۆشاری سلێمانی‌یان بردەوەو بە ئارامگای هەمیشەیی خۆیان سپارد.

بەم بۆنە دڵتەزێنەوە سەرخۆشی لە کەس و کاری شاعیرو هەموو دۆست و برادەرانی دەکەین و لەیەزدان داوا دەکەین بەهەشتی بەرینی پێ ببەخشێت.

● هاوکاری ●

بۆ یادو بیرەوەری شاعیری ناوداری کورد (کامەران موکری) کە لە شەوی ٦ - ١٩٨٦/١٢/٧دا کۆچی دوایی کرد دەزگاکەمان دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی بریاری چلەیەکی ماتەمین بۆ شاعیری کۆچ کردومان لە سلێمانی بگێڕێت و بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەك هێنا، هەر نووسەرو ئەدیبێك ئەگەر نووسینێکی گونجاوی بۆ ئەم مەبەستە هەبێت ئەوا بۆ دەزگاکەمانی ڕەوانە بکات ئەگەر لە لایەن لیژنەکەمانەوە پەسەند کرا ئەوا لە ڕۆژی دیاری‌کراودا پێشکەش دەکرێت.

دەزگای
ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی
کوردی بەغدا

هاوکاری

دەزگای
ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی
کوردی
وەزیریە
تەنیشت
(المعهد القضائی)

تەلەفون
٤٢٥١٨٤٦
٥ خەت

Institut Kurde de Paris